
١٠٠ کورتە چیرۆکی ئینگلیزی-کوردی
ئامادەکردن و وەرگێڕانی : حەتەم کەریم عزیز

# Introduction

# پێشەکی

سەرەتا بەناوی خوای گەورە و میهرەبان. سوپاس بۆ خوا کە ئەو دەرفەتەی پێدام خۆشحاڵم کە توانیم کارێکی بچووکی وەرگێران بکەم لە زمانی ئینگلیزیەوە بۆ زمانی شیرینی کوردی ئەویش وەرگێرانی ١٠٠ دانە چیرۆکە. کە بێگومان هەموو توانای خۆم تێدا بەکارهێناوە ، وەک خۆتان دەزانن هیچ کارێک بێ کەموکوری و هەڵە نییە بەتایبەت کارەکەی من بە حوکمی ئەوەی بەتەنیا ئەو ئەرکەم گرتە ئەستۆ گومانی تێدانییە هەڵەی تێدایە بەڵام هەوڵی تەواوی خۆم داوە کە کەمترین هەڵە و کەموکورِی تێدابێ. گەڕانێکی زۆرم کردووە تا جوانترین چیرۆکەکان پێشکەش بە ئێوە بکەم. ئەگەر سەرنجی چیرۆکەکان بدەن بۆتان دەردەکەوێ کە سادە و ئاسان و کورتن و پەیامەکەی گەیاندووە بە کەمترین ڕستە. گرنگترین بەشی ئەم کارەم ئەوەیە کە لە کۆتایی هەموو چیرۆکەکان وشە گرنگەکانم نوسیوەتەوە کە نزیکەی ١٨٠٠ وشە دەبن(بە وشە دووبارەکانیشەوە) کە دەتوانم بڵێم شتی ئاوا کەم کراوە. وشەکان و دەستەواژەکان ئەوەی پێویستبێ ڕوون کراوەتەوە و پێناسەی بۆ کراوە بۆئەوەی بەتەواوی لە واتای چیرۆکەکە تێبگەن. ئامانجی من لەو کارە دوو شتە یەکەمیان حەزدەکەم ئەمە ببێتە هاندانێک بۆ ئێوەش کە کاری لە من باشتر بکەن ، دووەمیان سوودێکی بچووک بگەیەنم پێتان. لە کۆتایدا هیوام وایە کە زۆرینەتان بەدڵتان بێ و چێژی لێ ببینن ، لە هەڵە و کەموکوریم ببورن. بۆ هەر ڕەخنە و پێشنیار و تێبینیەک دەتوانن لەڕێگای ئەو هەژمارانەی خوارەوە پەیوەندیم پێوە بکەن.

"حەتەم کەریم"
8/10/2020

FACEBOOK : HTTPS://WWW.FACEBOOK.COM/HATAM.SURCHY.71

INSTAGRAM : HTTPS://WWW.INSTAGRAM.COM/7ATAM_KAREEM77?R=NAMETAG

EMAIL : HATAMKAREEM491@GMAIL.COM

چیرۆکی یەکەم

## The Crystal Ball

## تۆپە کریستاڵەکە

In the south of Spain, there was a small village whose people were very joyful. The children played under the shades of trees in the gardens of their homes.

لە باشووری ئیسپانیا ، گوندێکی بچووک هەبوو کە خەڵکەکەی زۆر ئاسوودەبوون. منداڵەکان یاریان دەکرد لەژێر سێبەری درەختەکانی باخچەی ماڵەوەیان.

A shepherd boy named Nasir stayed near the village with his father, mother and grandmother. Each morning, he took his herd of goats up the hills to find a suitable place for them to graze. In the afternoon he would return with them to the village. Each night his grandmother would tell him a story - the story of stars. This story really interested Nasir.

کوڕە شوانێک ناوی ناسڕ بوو لە نزیک گوندەکە دەمایەوە لەگەڵ دایکی ، باوکی و نەنکی. هەموو بەیانیەک ، ڕەوە بزنەکانی دەبردە سەر گردەکە بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی گونجاو بۆ گیاخواردن بۆیان.

لەنیوەڕۆدا ئەو لەگەڵیان دەگەڕایەوە بەرەو گوندەکە. هەموو شەوێک نەنکی چیرۆکێکی بۆ دەگووت - چیرۆکی ئەستێرەکان. ئەم چیرۆکە سەرنجی ناسڕی ڕاکێشابوو.

On one of those days, as Nasir was watching his herd and playing his flute, he suddenly saw a wonderful light behind a flower bush. When he approached the bush, he saw a transparent and very beautiful crystal ball.

لەیەکێک لەو ڕۆژانە ، کاتێک ناسڕ چاودێری ڕەوە بزنەکەی دەکرد و شمشاڵی لێدەدا ، لەناکاو ڕووناکییەکی سەیری بینی لە پشت گوڵە دەوەنێک. کاتێک لە دەوەنەکە نزیکبوویەوە ، تۆپێکی کریستاڵی زۆر جوان و ڕۆشنی بینی.

The crystal ball was glittering like a colorful rainbow. Nasir carefully took it in his hand and turned it around. With surprise, suddenly, he heard a weak voice coming from the crystal ball. It said, "You can make a wish that your heart desires and I will fulfill it."

تۆپە کریستاڵەکە دەدرەوشایەوە وەکو پەلکەزێرینەیەکی ڕەنگاوڕەنگ. ناسڕ بەوریایی هەڵیگرت بەدەستەکانی و خولاندیەوە بەدەوری. بە سەرسوڕمانەوە ، لەناکاو گوێی لەدەنگێکی لاوازبوو لە تۆپە کریستاڵەکە دەهات. دەیگوت ، "تۆ دەتوانی خۆزگەیەکت هەبێ ئەوەی دڵت دەیخوازێ وە من بەدیدەهێنم."

Nasir could not believe that he had actually heard a voice. When he made sure that he had indeed heard that voice from the crystal ball, he was very confused. He had so many wishes that he could not decide upon one particular wish. He said to himself, 'if I wait till tomorrow I will remember many things. Then I will make my wish.'

ناسڕ باوەڕی بەوە نەکرد کە لەڕاستیدا دەنگێکی گوێ لێبووە. کاتێک دڵنیابوو لەوەی بەڕاستی گوێی لەو دەنگە بووە لە تۆپە کریستاڵەکە ، زۆر شڵەژاوبوو. زۆر خۆزگەی هەبوون نەیتوانی بڕیاربدات لەسەر خۆزگەیەکی دیاریکراو. بەخۆی گووت ،'ئەگەر تا بەیانی چاوەڕێ بکەم زۆر شتم بەبیردێتەوە. پاشان خۆزگەکەم دیاریدەکەم.'

He put the crystal ball in a bag and, gathering the herd, happily returned to the village. He decided that he would not tell anyone about the crystal ball.

ئەو تۆپە کریستاڵەکەی لە جانتایەک دانا ، وە ڕەوە بزنەکەی کۆکردەوە ، بەشادیەوە گەڕایەوە بۆ گوندەکە. بریاری ئەوەیدا بەهیچ کەس نەڵێ دەربارەی تۆپە کریستاڵەکە.

On the following day also, Nasir could not decide what to wish for, because he really had everything he needed.

هەروەها ڕۆژی دواتریش ، ناسر نەیتوانی بریاربدا خۆزگە بۆچی بخوازێ ، لەبەرئەوەی ئەو بەڕاستی هەموو شتێکی پێویستی هەبوو.

The days passed as usual, but Nasir was still unable to make his wish. But he appeared to be very cheerful. The people around him were amazed to see the change in his disposition.

وەکو ئاسایی ڕۆژەکان ڕۆیشتن ، بەڵام ناسر هێشتا نەیتوانی خۆزگەیەک دیاریبکات ، بەڵام ئەو وادیاربوو زۆر دڵخۆشە ، خەڵکی دەوروبەری سەرسامبوون لە بینینی گۆڕانکاری لە ڕەفتاری ئەو.

One day, a boy followed Nasir and his herd and hid behind a tree. Nasir, as usual, sat in one corner, took out the crystal ball and for a few moments looked at it. The boy waited for the moment when Nasir would go to sleep. When Nasir did fall asleep after a while, the boy took the crystal ball and ran away.

ڕۆژێک ، کوڕێک شوێنی ناسر و ڕەوەکەی کەوت و خۆی شاردەوە لەپشتی دارێک ، ناسر ، وەکو هەمیشە لە سوچێک دانیشتبوو ، تۆپە کریستاڵەکەی دەرهێنا وە بۆساتێکی کەم سەیریکرد ، کوڕەکە چاوەڕێی ئەو کاتەی کرد کاتێ ناسر دەچوو بخەوێ ، کاتێک ناسر خەوت پاش ماوەیەک ، کوڕەکە تۆپە کریستاڵەکەی برد و ڕایکرد.

When he arrived at the village, he called all the people and showed them the crystal ball. The citizens of that village took the crystal ball in their hands and turned it around with surprise. Suddenly they heard a voice from inside the crystal ball, which said, "I can fulfill your wish." One person took the ball and screamed, "I want one bag full of gold." Another took the ball and said loudly, "I want two chests full of jewelry." Some of them wished that they would have their own palace with a grand door made from pure gold, instead of their old houses. Some others wished for bags full of jewelry.

کاتێک گەیشتەوە گوندەکە ، بانگی هەموو خەڵکی کرد و تۆپە کریستاڵەکەی پیشاندان ، هاوڵاتیەکانی ئەو گوندە تۆپە کریستاڵەکەیان هەڵگرت و بەدەستەکانیان بەدەوری خۆیان خولاندەوە بە سەرسوڕمانی ، لەناکاو گوێیان لەدەنگێک بوو لەناوەوەی تۆپە کریستاڵەکە ، کە دەیوت ، "دەتوانم خۆزگەکانتان بەدیبێنم" ، کەسێک تۆپەکەی برد و هاواری کرد ، "من جانتایەکم دەوێ پڕ لە زێڕ" ، یەکێکی تریان تۆپەکەی برد و بەدەنگی بەرز وتی ، "من دوو سندووقم دەوێ پڕ لە گەوهەر" ، هەندێک لەوان هیوای ئەوەیان خواست دەیانەوێ قەڵایەکیان هەبێ لە دەرگایەکی گەورە دروستکرابێ لە زێڕی خاوێن ، لەجیاتی خانووە کۆنەکانیان ، هەندێکی تریان خۆزگەی جانتای پڕ لە گەوهەریان دەخواست.

All their wishes were fulfilled, but still the citizens of the village were not happy. They were jealous because the person that had a palace had no gold and the person that had the gold had no palace. For this reason, the citizens of the village were angry with each other and stopped speaking to each other. The gardens in the village where children used to play were no more. There were palaces and gold everywhere. The children became terribly unhappy. Only Nasir and his family were happy and contented. Every morning and afternoon he would play the flute.

هەموو خۆزگەکان بەدیهاتن ، بەڵام هێشتا هاوڵاتیەکانی گوندەکە دڵخۆش نەبوون ، ئەوان چاوچنۆک بوون چونکە ئەو کەسەی قەڵایێکی هەبوو زێڕی نەبوو وە ئەو کەسەی زێڕەکەی هەبوو قەڵای نەبوو. لەبەر ئەم هۆکارە ، هاوڵاتیەکانی گوندەکە توڕەبوون لەیەکتر و قسەیان لەگەڵ یەکتری وەستاند. لە باخچەکانی گوندەکە منداڵەکان هیچی تر یاریان نەکرد ، لەهەمووشوێنێک قەڵا و زێڕ هەبوون. منداڵەکان زۆر خەمباربوون ، تەنها ناسر و خێزانەکەی دڵخۆش و قایل بوون ، هەموو بەیانی و نیوەڕۆیەک فلوتی لێدەدا.

One day the children of the village took the crystal ball to Nasir. The children said to Nasir, "When we had a small village, we all were happy and joyful." The parents also spoke. They said, "In one way or another, all of us are unhappy. The luxurious palaces and jewelry only bring us pain."

ڕۆژێکیان منداڵەکانی گوندەکە تۆپە کریستاڵەکەیان برد بۆ ناسرِ. منداڵەکان بە ناسریان گووت ، "کاتێک ئێمە گوندێکی بچووکمان هەبوو ، هەموومان دڵخۆش و ئاسوودە بووین." هەروەها دایک و باوکەکان قسەیاندەکرد (لەگەڵ یەکتر). ئەوان وتیان ، "لە یەک ڕێگا یان زیاتر ، هەموومان خەمباربووین ، کۆشکە نایابەکان و گەوهەرەکان تەنها ئازاریان بۆ هێناین."

When Nasir saw that the people were really regretful, he said, "Even though the crystal ball asked me to wish for something, I have not done it so far. But if you really want everything to return to its own place, then I will wish for it."

کاتێک ناسرِ ئەوەی بینی بەڕاستی خەڵکەکە پەشیمانن ، وتی ، "هەرچەندە تۆپە کریستاڵەکە داوای لەمن کرد خۆزگە بۆ شتێک بخوازم ، من هەتا ئێستا نەمکرد. بەڵام ئەگەر ئێوە بەڕاستی دەتانەوێ هەمووشتێک بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی ، ئەوا هیوای بۆدەخوازم."

Everyone happily agreed. Nasir took the crystal ball in his hand, turned it around and wished that the village would become the same as it was before. In a moment, the palaces disappeared, the green gardens appeared, and the same old village full of trees was there.

هەموویان بەدڵخۆشیەوە ڕازیبوون ، ناسرِ تۆپە کریستاڵەکەی لەناو دەستی دانا خولاندیەوە بەدەوری وە خۆزگەی خواست گوندەکە وەکو پێشتری لێبێتەوە ، لە ساتێکدا ، قەڵاکان ونبوون باخچە سەوزەکان بەدیارکەوتن ، وە هەمان گوندە کۆنەکەی پڕ لە درەخت لەوێیە.

Once again the people started to live happily and the children played under the shade of trees. Nasir continued his contented life every day, playing his flute at sunset. Its sweet sound was heard throughout the beautiful green village.

دووبارە خەڵکەکە بەدڵخۆشی دەستیانکردەوە بە ژیان وە منداڵەکان لەژێر سێبەری درەختەکان یاریان دەکرد ، ناسرِ ژیانی ئاسوودەیی بەردەوامبوو ، هەموو ڕۆژێک شمشاڵەکەی لێدەدا لە خۆرئاوابوون. دەنگە هێمنەکەی دەبیسترا لەهەمووشوێنێکی گوندە سەوزە جوانەکە.

Moral: We should be happy with whatever we have and not be greedy.

وانە : پێویستە ئێمە دڵخۆشبین بە هەرچیەک کە هەمانە و چاوچنۆک نەبین.

Translated by : Hatam Kareem

joyful→→→ دڵخۆش ، ئاسوودە

shepherd→→→شوان

herd→→→ڕەوە

suitable→→→گونجاو

graze→→→گیاخواردن

interest→→→سەرنجڕاکێشان ، ئارەزوو

bush→→→دەوەن

approach→→→نزیکبوونەوە

transparent→→→ڕۆشن

glitter→→→دەدرەوشێتەوە

rainbow→→→پەلکەزێرینە

desire→→→خواستن

fulfill→→→بەدیهێنان

indeed→→→بەڕاستی

confused→→→شڵەژان

particular→→→تایبەت ، دیاریکراو

gather→→→کۆکردنەوە

as usual→→→وەک هەمیشە ، وەک ئاسایی

appear→→→ وادیاربوون

cheerful→→→دڵخۆش

disposition→→→کەسییێتی ، ڕەفتار

fell asleep→→→ خەوتن

citizen→→→هاوڵاتی

scream→→→ هاوارکردن

chest→→→سندوق

jewelry→→→گەوهەر

palace→→→ قەڵا

grand→→→گەورە

pure→→→ خاوێن

instead of→→→ لەجیاتی

jealous→→→چاوچنۆک

no more→→→زیاتر ، چیتر

terribly→→→ ئیجگار زۆر

contented→→→قایل

luxurious→→→نایاب

pain→→→ئازار

regretfull→→→پەشیمان

even though→→→هەرچەندە

so far→→→هەتا ئێستا

then→→→ئەوا

disappear→→→ دیارنەمان

once again→→→دووبارە

sunset→→→خۆرئاوابوون

throughout→→→لەهەموو شوێنێک

greedy→→→ چاوچنۆک

چیرۆكی دووەم

## Story of two friends

## چیرۆكی دوو هاوڕێیەكە

Once there were two classmates Pat and Tom. One day, pat went to Tom’s house to borrow a book. On the entrance, he found a dog standing. Seeing Pat, It starts barking. Pat got frightened. Tom came running and held his dog. Pat was still breathing heavily. At this. Tom said pat. Dogs who bark never bite. Pat said, you and I know this proverb, but this dog doesn't know. Both the friends laughed heartily.😊

جارێک دوو هاوڕێی پۆل هەبوون پات و تۆم. ڕۆژێک ، پات ڕۆیشت بۆ ماڵی تۆم بۆ وەرگرتنی پەرتووكێک. لەكاتی چوونەژوورەوە، بینی سەگێک وەستابوو. پاتی بینی ، سەگەكە دەستیكرد بە وەڕین. پات ترسا. تۆم ڕایكرد و سەگەكەی گرت. پات هێشتا هەناسەی بەگرانی دەدا. لەوێوە. تۆم وتی پات. ئەو سەگانەی دەوەڕن قەت گازناگرن. پات گووتی ، من و تۆ ئەو پەندە دەزانین ، بەڵام ئەو سەگە نازانێ. هەردوو هاوڕێیەكان زۆر پێكەنین😊

Translated by : Hatam Kareem

classmate→→→ هاوڕێی پۆل

borrow→→→ قەرزكردن ، وەرگرتن

entrance→→→ چوونە ژوورەوە

found→→→ بینی

bark→→→ وەڕین

frightened →→→ ترسان ، تۆقین

held→→→ گرتی

still→→→هێشتا

breathing→→→ هەناسەدان

heavily→→→ بەگرانی

bite→→→ گازلێگرتن

proverb→→→ پەند

heartily→→→ زۆر

## چیرۆکی سێ یەم

# THE STRANGER IN THE GARDEN

# کەسە نامۆیەکە لە باخچەکە

Once upon a time , there was a man who had a big garden. He had planted many fruit trees and cared for them till they bore fruits. Now he wanted harvest the fruits and sell them to make money for his family.

ڕۆژێکیان ، پیاوێک هەبوو کە باخچەیەکی گەورەی هەبوو. زۆر داری بەرداری چاند و ئاگاداریان بوو تا میوەکان دەگرن. بۆیە دەیویست میوەکان کۆبکاتەوە و بیان فرۆشێت بۆ بەدەستهێنانی پارە بۆ خانەوادەکەی.

One fine day, while picking the fruits with his son, the man saw a stranger sitting on the branch of a tree and picking fruits. The man become angry and shouted, hey you! what are you doing on my tree? Aren't you ashamed of stealing?

لە ڕۆژێکی خۆش ، لەکاتێکدا لەگەڵ کوڕەکەی میوەکانی کۆدەکردەوە ، پیاوەکە کەسێکی نامۆی دیت دانیشتبوو لەسەر لقی درەختێک

وە میوەکانی کۆدەکردەوە. پیاوەکە توڕەبوو و هاواری کرد ، هێی تۆ! لەسەر درەختی من چیدەکەی؟ شەرمەزارنابیت دزی دەکەی؟

The stranger sitting on the branch looked at the gardener, but don't replay, and continued picking the fruits. The gardener was very angry and shouted again, for a whole year I have taken care of these trees. You have no right to take the fruits without my permission. So come down at once.

کەسە نامۆیەکە لەسەر لقەکە دانیشتبوو سەیری باخەوانەکەی کرد بەڵام وەڵامی نەدایەوە ، وە بەردەوام بوو لە کۆکردنەوەی میوەکان. باخەوانەکە زۆر توڕەبوو و دووبارە هاواریکردەوە ، لەماوەی ساڵێکی تەواو ئاگاداری ئەو درەختانە دەبم. تۆ مافت نییە میوەکان ببەی بەبێ ڕێدانی من. بۆیە ئێستاکە وەرە خوارەوە.

The stranger on the tree answered, “why should I come down? This is the garden of God and I'm the servant of God, so I have the right to pick these fruits. You should not interfere with the work of God and his servant.”

کەسە نامۆکە لەسەر درەختەکە وەڵامی دایەوە ، "بۆ دەبێ بێمە خوارەوە؟ ئەوە باخچەی خودایە وە من خزمەتکاری خودام ، بۆیە مافم هەیە بۆ کۆکردنەوەی ئەو میوەیانە. تۆ نابێ خۆت لە کاری خودا و خزمەتکارەکەی هەڵقورتێنی ."

The gardener was very surprised at this answer and thought of a plan. He told the stranger to come down from the tree. As the stranger climbed down the tree. The gardener tied him to the tree, and began beating him with a stick. The stranger began to scream “why are you beating me? you have no right to do this.”

باخەوانەکە زۆر سەرسام بوو بەهۆی ئەو وەڵامە و بیری لە پلانێک کردەوە. بە کەسە نامۆکەی گووت تا دابەزێ لە درەختەکەوە. کە کەسە نامۆیەکە هاتەخوارەوە لە درەختەکە. باخەوانەکە ئەوی لە درەختەکە بەستیەوە ، وە بە گۆچانێک دەستیکرد بەلێدانی. کەسە نامۆیەکە دەستی کرد بە هاوارکردن "بۆچی لێم دەدەی؟ تۆ مافت نییە ئەوە بکەی."

The gardener paid no attention and continued beating him. The stranger screamed, don't you fear God? you are beating an innocent man. The gardener answered, “why should I fear? This wood in my hand belongs to God and I am the servant of God. You should not interfere with the work of God and his servant.”

باخەوانەکە گوێی نەگرت و بەردەوام بوو لە لێدانی. کەسە نامۆیەکە هاواری کرد ، لە خوا ناترسی؟ تۆ لە پیاوێکی بێتاوان دەدەی.
باخەوانەکە وەڵامی دایەوە، "بۆ دەبێ بترسم؟ ئەو دارەی دەستم هی خودایە وە من خزمەتکاری خودام. تۆ نابێ خۆت لە کاری خودا و خزمەتکارەکەی هەڵقورتێنی."

The stranger hesitated and then spoke, wait. don't bear me, I'm sorry for taking the fruits. This is your garden and I should seek your permission before taking the fruits. so, please forgive me and set me free. The gardener smiled and said, "don't uses Gods name to justify your ill-conceived actions."

کەسە نامۆیەکە دوودڵ بوو و دواتر قسەی کرد ، ڕاوەستە. لێم مەدە، داوای لێبووردن دەکەم بۆ بردنی میوەکان. ئەوە باخچەی تۆیە دەبێ داوای ڕێدانی تۆم کردبا پێش ئەوەی میوەکان ببەم. بۆیە تکایە لێم خۆشبە و بەرەڵام بکە. باخەوانەکە پێکەنی و گووتی ، ناوی خوا بەکارمەهێنە بۆ پاساوهێنانەوەی کارە شکست خواردووەکانت.

Then the gardener untied him and let him go free.

دواتر باخەوانەکە کردیەوە و ڕێگەیدا ئازاد بڕوات.

Translated by : Hatam Kareem

stranger→→→ کەسێکی نامۆ

once upon a time→→→ ڕۆژێک لە ڕۆژان (لەسەرەتای چیرۆک بەکاردێ)

plant →→→چاندن

fruit tree→→→ داری بەردار

bore →→→گرتن

harvest →→→دروێنەکردن ، کۆکردنەوە

branch →→→لق

pick →→→کۆکردنەوە

Ashamed →→→شەرمەزار

steal →→→دزی

gardener →→→باخەوان

whole →→→هەموو

take care of →→→ئاگاداربوون

right →→→ماف

permission →→→ڕێدان

at once →→→هەرئێستاکە ، یەکسەر

servant →→→خزمەتکار

interfere →→→خۆتێهەڵقورتاندن

climb down →→→هاتنەخوارەوە

tie →→→بەستنەوە

beat →→→لێدان

stick →→→ دار ، گۆچان

scream →→→هاوارکردن

pay attention →→→گوێگرتن

belong to →→→ هی ، تایبەتە بە

seek →→→خواستن

set free →→→ڕزگارکردن ، بەرەڵا کردن

justify →→→پاساو هێنانەوە

ill-conceived →→→شکستهێنان لە کارێک لەوەی دەرەنجامی خراپی هەبێت

untie →→→ کردنەوە

چیرۆكی چوارەم

## misunderstanding

## هەڵە تێگەیشتن

One day , Pam's cousin came to meet her at school. After talking to him she returned to the class. At that time ، the teacher was writing something on the blackboard. Pam didn't say anything and quietly went inside the classroom and sat down on her seat.

ڕۆژێک ، ئامۆزای پام هات بۆ بینینی پام لە قوتابخانە. پاش ئەوەی قسەی لەگەڵ کرد گەڕایەوە بۆ پۆلەکە. لە ماوەی ئەو کاتەدا ، مامۆستایەکە شتێکی دەنووسی لەسەر تەختەڕەشەکە. پام هیچ شتێکی نەگووت و بەبێدەنگی چووە ناو پۆلەکە وە دانیشت لەسەر کورسیەکەی.

After writing the teacher went to pam and asked her, who was he? pam replied with fear , he was my cousin. The teacher again asked the question and Pam gave him the same answer.

دوای نووسین مامۆستاکە ڕۆیشت بەرەو پام و پرسیاری لێکرد، ئەو کێ بوو؟ پام بەترسەوە وەڵامی دایەوە ، ئەو ئامۆزام بوو. مامۆستایەکە دووبارە پرسیارەکەی کردەوە و پام هەمان وەڵامی پێدا.

The teacher then shouted, I'm asking who was Galileo. The whole class burst into laughter when they came to know that both teacher and Pam had misunderstood each other.

دواتر مامۆستایەکە هاواری کرد ، پرسیاردەکەم گالیلۆ کێ بوو. هەموو پۆلەکە دایانە قاقای پێکەنین کاتێک ئەویان زانی کە مامۆستا و پام هەردووکیان بەهەڵە لەیەکتر تێگەیشتوونە.

Translated by : Hatam Kareem

At that Time➞➞➞ لەماوەی ئەو کاتەدا

whole➞➞➞ هەموو ، گشت

burst into laughter➞➞➞ دایانە قاقای پێکەنین

misunderstanding➞➞➞ هەڵە تێگەیشتن

چیرۆکی پێنجەم

## Change Yourself and not The World

## خۆت بگۆڕە نەک جیهان

Long ago, people lived happily under the rule of a king. The people of the kingdom were very happy as they led a very prosperous life with an abundance of wealth and no misfortunes.

ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش ، خەڵک بە دڵخۆشی دەژیان لەژێر یاسای فەرمانڕەوایێک. خەڵکی شانشینەکە زۆر دڵخۆش بوون چونکە ژیانیان زۆر بەسەرکەوتوویی بەڕێوەدەبرد سامانی زۆریان هەبوو و بێ کارەسات بوون.

Once, the king decided to go visiting places of historical importance and pilgrim centres at distant places. He decided to travel by foot to interact with his people. People of distant places were very happy to have a conversation with their king. They were proud that their king had a kind heart.

جارێکیان ، پاشایەکە بڕیاریدا بچێت سەردانی شوێنە گرینگە مێژووییەکان و شوێنە پیرۆزەکان بکات لە شوێنە دوورەکان ، بڕیاریدا گەشتەکەی بە پێ بکات بۆئەوەی چاوی بە خەڵکەکەی بکەوێت ، خەڵکانی شوێنە دوورەکان زۆر دڵخۆشبوون بە گفتوگۆکردن لەگەڵ پاشایەکەیان ، ئەوان شانازیان بەوە دەکرد کە پاشاکەیان دڵێکی میهرەبانانەی هەبوو.

After several weeks of travel, the king returned to the palace. He was quite happy that he had visited many pilgrim centres and witnessed his people leading a prosperous life. However, he had one regret.

دوای چەندین هەفتەی گەشتەکە ، پاشایەکە گەڕایەوە بۆ کۆشکەکە ، ئەو زۆر دڵخۆشبوو کە سەردانی زۆر شوێنی پیرۆزی کرد وە بینی خەڵکەکەی ژیانێکی سەرکەووتوو بەڕێوەدەبەن ، هەرچۆنێک بێت ، ئەو داخی بۆ یەک شت دەخوارد.

He had intolerable pain in his feet as it was his first trip by foot covering a long distance. He complained to his ministers that the roads weren't comfortable and that they were very stony. He could not tolerate the pain. He said that he was very much worried about the people who had to walk along those roads as it would be painful for them too!

ئەو ئازارێکی بەرگەنەگیراوی لە پێیەکانیدا هەبوو چونکە یەکەم گەشتی بوو بە پێیەکانی ماوەیەکی درێژ لەخۆبگرێ ، ئەو گلەیی ئازاری خۆی کرد بۆ وەزیرەکانی بەوەی ڕێگاکان ئاسوودەنین وە زۆر ڕەقن ، ئەو ناتوانێ بەرگەی ئازارەکە بگرێ ، گوتی ئەو زۆر نیگەرانە دەربارەی خەڵک کە دەڕۆن بەدرێژایی ئەو ڕێگایانە چونکە دەکرێ ئازاربەخشبێ بۆئەوانیش هەروەها.

Considering all this, he ordered his servants to cover the roads in the whole country with leather so that the people of his kingdom can walk comfortably.

بەڕەچاوکردنی هەموو ئەوانە ، فەرمانیکرد بە خزمەتکارەکانی ڕێگاکان داپۆشن بە چەرم لە هەموو وڵاتەکە ، بۆئەوەی خەڵکی شانشینەکەی بتوانن بە ئاسودەیی بڕۆن.

The king's ministers were stunned to hear his order as it would mean that thousands of cows would have to be slaughtered in order to get sufficient quantity of leather. And it would cost a huge amount of money also.

وەزیرەکانی پاشاکە واقیانوڕما بەگوێلێبوونی فرمانەکەی چونکە لەوانەیە مانای ئەوەبێ کە پێویستە هەزارەها چێڵ سەرببڕدرێن

بۆئەوەی بڕێکی بەشکردووی چەرم بەدەستبهێنرێ ، وە هەروەها ئەوە بڕە پارەیەکی زۆر گەورەی دەوێ.

Finally, a wise man from the ministry came to the king and said that he had another idea. The king asked

what the alternative was. The minister said, "Instead of covering the roads with leather, why don't you just have a piece of leather cut in appropriate shape to cover your feet?"

لەکۆتاییدا ، پیاوێکی ژیر لە وەزارەتەکە هات بۆلای پاشاکە وە گوتی کە ئەو بیرۆکەیەکی تری هەیە ، پاشاکە پرسیاری کرد جێگرەوەی ئەوە چییە ، وەزیرەکە گوتی ، لەجیاتی داپۆشینی ڕێگاکان بە چەرم ، بۆچی تۆ تەنها پارچەیەک چەرم نابڕی بەشێوەیەکی شیاو بۆ داپۆشینی پێیەکانت؟

The king was very much surprised by his suggestion and applauded the wisdom of the minister. He ordered a pair of leather shoes for himself and requested all his countrymen also to wear shoes.

پاشاکە زۆر سەرسامبوو بە پێشنیارەکەی وە چەپڵەیلێدا بۆ ژیری وەزیرەکە ، داوای جووتێک پێڵاوی چەرم بۆ خۆی کرد وە هەروەها داوای لە هەموو هاوڵاتیان کرد پێڵاوەکان لەبەربکەن.

Moral: Instead of trying to change the world, we should try to change ourselves.

وانە : لەجیاتی هەوڵدان بۆ گۆڕینی جیهان ، پێویستە ئێمە هەوڵدەین خۆمان بگۆڕین.

Translated by : Hatam Kareem

long ago →→→ پێش ماوەیەکی زۆر

Kingdom →→→ شانشین

prosperous →→→ سەرکەوتوو

abundance →→→ زۆری

wealth →→→ سامان

misfortune →→→ کارەسات

pilgrim→→→ ئەو کەسەی گەشتێک دەکا بەمەبەستی ئایینی

interact →→→ چاوپێکەوتن

palace→→→ قەڵا

quite →→→ زۆر

witness→→→ بینین ، شایەتی دان

regret→→→ داخ

intolerable →→→ بەرگەنەگیراو

complain →→→ گلەیی کردن

minister →→→ وەزیر

comfortable →→→ئاسوودە

ministery →→→وەزارەت

tolerate →→→بەرگەگرتن

consider →→→بەڕەچاوکردنی

order→→→فرمانکردن

whole→→→هەموو

leather →→→چەرم

stun →→→واقوڕمان

slaughter→→→سەربڕین

in order to →→→بۆئەوەی

sufficient →→→بەشکردوو

quantity →→→بڕ

huge →→→زۆر گەورە

alternative →→→چار / لەجیاتی

appropriate →→→شیاو / تەرخانکردن

applaud →→→ئافەرین لێدەکا / چەپڵەلێدەدا

countrymen →→→هاوڵاتی

چیرۆکی شەشەم

## THE STORY OF A WOODCUTTER

## چیرۆکی داربڕێک

Once upon a time, a very strong woodcutter asked for a job in a timber merchant and he got it.

ڕۆژێک لە ڕۆژان ، داربڕێکی زۆر بەهێز داوای کارێکی کرد لای بازرگانێکی تەختە وە بەدەستی هێنا.

The pay was really good and so was the work condition. For those reasons, the woodcutter was determined to do his best. His boss gave him an axe and showed him the area where he supposed to work.The first day, the woodcutter brought 18 trees.

پارەکەی زۆر باش بوو وە هەروەها مەرجی کارەکەش. لەبەر ئەو هۆکارانە ، داربڕەکە بڕیاریدا باشترین هەوڵی خۆی بدات. خاوەنکارەکەی تەورێکی پێدا و ئەو ڕووبەرەی پیشاندا کە پێویستە کاری لێبکات. ڕۆژی یەکەم ، داربڕەکە ١٨ داری هێنا.

"Congratulations," the boss said. "Go on that way!"

"دەست خۆشیت لێدەکەم"، خاوەنکارەکەی گووتی "بەم شێوازە بەردەوام بە"

"Very motivated by the boss words, the woodcutter tried harder the next day, but he could only bring 15 trees. The third day he tried even harder, but he could only bring 10 trees.

قسەکانی خاوەنکارەکە زۆر هانیدا ، داربڕەکە ڕۆژی دواتر سەختتر هەوڵیدا ، بەڵام تەنها توانی ١٥ دار بهێنێت. ڕۆژی سێیەم زیاتر سەختتر هەوڵیدا بەڵام تەنها توانی ١٠ دار بهێنێت.

Day after day he was bringing less and less trees.

ڕۆژ دوای ڕۆژ داری کەمتر و کەمتری دەهێنان.

"I must be losing my strength", the woodcutter thought.

"دەبێ هێزم لەدەستدابێ" ، داربڕەکە بڕوای وابوو.

He went to the boss and apologized, saying that he could not understand what was going on.

چووە بۆ لای خاوەنکارەکە و داوای لێبووردنی کرد ، گووتی کە ناتوانی تێبگات چی ڕوودەدا.

"When was the last time you sharpened your axe?" the boss asked.

"دوایین جار کەی بوو تەورەکەت تیژکرد؟" خاوەنکارەکە پرسیاری کرد.

"Sharpen? I had no time to sharpen my axe. I have been very busy trying to cut trees..."

"تیژکردن؟ کاتم نەبوو بۆ تیژکردنی تەورەکەم. من زۆر سەرقاڵ بووم هەوڵمدەدا بۆ بڕینی دارەکان..."

Reflection:

Our lives are like that. We sometimes get so busy that we don't take time to sharpen the "axe".

کاردانەوە:

ژیانی ئێمە وەکو ئەوەیە. ئێمە هەندێ کات زۆر سەرقاڵ دەبین تا ئەو ڕادەیەی کات دانانێین بۆ تیژکردنی ”تەورەکە“.

In today’s world, it seems that everyone is busier than ever, but less happy than ever.

لە جیهانی ئەمڕۆدا ، وادیارە کە هەموو کەسێ سەرقاڵترە لە هەرکاتێکدا ، بەڵام کەمتر دڵخۆشترە لە هەرکاتێک.

Why is that?

بۆچی ئاوایە؟

Could it be that we have forgotten how to stay “sharp”?

لەوانەیە ئێمە لەبیرمانکردبێ چۆن ”تیژ“ بمێنینەوە؟

There’s nothing wrong with activity and hard work but we should not get so busy that we neglect the truly important things in life, like

our personal lives,

taking time to get close to our Creator.

giving more time for our family.

هیچ شتێکی هەڵە نییە لە چالاکی و کارکردنی سەخت بەڵام ئێمە پێویست ناکات زۆر سەرقاڵ بین کە بەڕاستی شتە گرنگەکان پشتگوێ بخەین لە ژیان ، وەکو ژیانی تایبەتی خۆمان ، کات دابنێین بۆ نزیکبوونەوە لە دروستکەرەکەی خۆمان. کاتی زیاتر ببەخشین بە خێزانەکەمان.

We all need time , to relax , to think and meditate on God's word.

to learn and grow spiritually.

ئێمە هەموومان کاتمان پێویستە

بۆ حەسانەوە ، بۆ بیرکردنەوە و وردبوونەوە لە وشەکانی خودا ، بۆ فێربوون و گەشەکردنی ڕۆحی.

If we don’t take the time to sharpen the “axe”, we will become dull and lose our effectiveness.

ئەگەر کات تەرخانەکەین بۆ تیژکردنی “تەورەکە“ ، ئێمە کووڵ دەبین و چالاکییەکەمان لەدەست دەدەین.

Author : Stephen covey

From : 7 Habits of highly effective people

نووسەر : ستیڤن کۆڤێ

لە : ٧ خووەکەی کەسانی پێشەنگەوە

Translated by : Hatam Kareem

woodcutter ➞➞➞ داربڕ

Once upon a time →→→ڕۆژێک لە ڕۆژان

ask for→→→داواکردن

timber →→→تەختە ، دار

condition →→→مەرج

determine →→→بڕیاردان

boss →→→خاوەنکار

suppose →→→پێویستە

congratulations →→→دەست خۆشی لێ کردن

strength →→→هێز

apologize →→→داوای لێبووردن کردن

sharp →→→تیژکردن

Axe →→→تەور

reflection→→→کاردانەوە

seem →→→وادیارە

neglect →→→پشتگوێخستن

creator →→→دروستکار

meditate →→→بیرکردنەوە

spiritually →→→ڕۆحی

dull →→→کووڵ

effectiveness →→→چالاکی

author→→→نووسەر

habit →→→خوو

highly effective →→→پێشەنگ

چیرۆکی حەوتەم

## Greedy Boy

## کوڕێکی چاوچنۆک

Sam and Tom were identical twins. They were so identical that even their mother found it difficult to distinguish one from the other, at least during their initial days on earth.

سام و تۆم دوانەیەکی ڕێک وەک یەک بوون. زۆر بەیەکدەچوون ، تا ئەو ڕادەیەی هەتا دایکیان زەحمەتی دەبینی یەکێکیان لەوی تر جیابکاتەوە ، هیچ نەبێ لەماوەی ڕۆژەکانی سەرەتاییان لەسەر زەوی.

However, they were very different from each other when it came to everything other than their appearance. Sam had no friends, while Tom was a great friendship maker. Sam loved sweets, but Tom loved spicy food and detested sweets. Sam was mommy's pet and Tom was daddy's pet. While Sam was generous and selfless, Tom was greedy and selfish!

هەرچۆنێک بێت ، ئەوان زۆر جیاوازبوون لەیەکتر کاتێک دەهاتە سەر هەموو شتێک جگە لە ڕوخساریان. سام هاوڕێی نەبوو ، لەکاتێکدا تۆم لە هاوڕێ دروستکردندا باش بوو. سام زۆر حەزی لە شیرینی بوو ، بەڵام تۆم زۆر حەزی لە خواردنی تیژ بوو و ڕقی لە شیرینی بوو. سام خۆشەویستی دایکی بوو هەروەها تۆم خۆشەویستی باوکی بوو. لەکاتێکدا سام بەخشندە و خۆنەویست بوو ، تۆم چاوبرسی و خۆپەرست بوو!

As Sam and Tom grew up, their father wanted to share his fortune equally amongst them. However, Tom did not agree and he argued that whoever proved to be more intelligent and strong would have to get a bigger share of the wealth.

کاتێک سام و تۆم گەورەبوون ، باوکیان ویستی بەیەکسانی سامانی خۆی بەشبکات لەنێوانیان. هەرچۆنێک بێت ، تۆم ڕازینەبوو داوای کرد هەرکەسێک سەلماندی زیرەکتر و بەهێزترە دەبێ بەشێکی گەورەی سامانەکە ببا.

Sam agreed. Their father decided to organize a competition between the two. He asked the two sons to walk as long as they could, and return home before sunset. The wealth would be divided in proportion to the distance covered. As a rule of the competition, they were not permitted to carry a watch to keep track of the time.

سام ڕازیبوو. باوکیان بڕیاریدا پێشبڕکێیەک لەنێوان ئەو دووانە ڕێکبخات. داوای لە هەردوو کوڕەکە کرد هەرچەندی دەتوانن بڕۆن ، وە پێش خۆرئاوابوون بگەڕێنەوە ماڵەوە. سامانەکە بەهاوڕێژەیی دابەشدەکرێ بە ماوەی پێشاندراو. وەک یاسایەک بۆ پێشبڕکێکە ، ئەوان ڕێیان پێ نەدرا کاتژمێرێکی دەستی هەڵگرن بۆئەوەی ئاگاداری کاتەکە نەبن.

The following day, Sam and Tom set out to walk. It was a rather sunny day. Sam walked slowly and steadily, while Tom broke into a sprint as he was bent on winning the race and also winning a greater portion of his father's wealth.

ڕۆژی دواتر . سام و تۆم دەستیانکرد بە گەشتی ڕۆشتنەکەیان.بەتەواوی ڕۆژێکی خۆرەتاو بوو. سام بە خۆگری و هێواشی دەڕۆیشت ، لەکاتێکدا تۆم بەوپەڕی خێرایی ڕایدەکرد هەروەکو ئەوەی سووربێ لەسەر بردنەوەی پێشبڕکێکە وە هەروەها بردنەوەی بەشە گەورەکەی سامانی باوکی.

Sam knew that it would be ideal to walk as far as possible till noon and start for home at noon as it would take the same amount of time to walk back home. Knowing this, Sam decided to turn back for home at noon so as reach home on time.

سام ئەوەی زانی نموونەیی دەبێ بۆ ڕۆیشتن تا ئەوەندەی لەتوانادایە تا نیوەڕۆ وە دەستبکات بە چوون بۆ ماڵەوە لە نیوەڕۆدا بەهەمان شێوە هەمان بڕی کات دەبا بۆ چوونە ماڵەوە دواتر. ئەوی زانی ، سام بڕیاریدا بگەڕێتەوە ماڵەوە لە نیوەڕۆ تاکو لەکاتی خۆی بگاتە ماڵەوە.

However, Tom, with his greed to earn more wealth, did not attempt to return home even after mid-noon. He walked twice as long as Sam, and thought he would still be able to return home before sunset. He hurried back when he saw the sun turn orange. Unfortunately, he could not even make it half way home as the sun started to set. Slowly darkness engulfed his path and he had to drag his tired feet back home.

هەرچۆنێک بێت ، تۆم ، بەهۆی چاوچنۆکیەکەیی بۆ قازانجکردنی سامانی زۆرتر ، هەوڵینەدا بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە تەنانەت دوای نیوەڕۆش. ئەو دووبەرامبەری سام ڕۆیشتبوو، وە هێشتا پێیوابوو دەتوانێ بگەڕێتەوە ماڵەوە پێش خۆرئاوابوون. خێرا گەڕایەوە کاتێک بینی خۆر گۆڕاوە بۆ پرتەقاڵی. بەداخەوە ، نەیتوانی تەنانەت نیوەی ڕێگای ماڵەوەش ببڕێ کاتێک خۆر دەستیکرد بە ئاوابوون. هێدی هێدی ڕێگاکەی نووقمبوو لە تاریکی وە ناچاربوو قاچە ماندووەکانی ڕاکێشێ بەرەو ماڵەوە.

He had lost the race. Only because of his greed. Greed leads to loss.

ئەو پێشبڕکێیەکەی دۆڕاند ، تەنها لەبەر چاوچنۆکیەکەی. چاوچنۆکی بەرەو دۆڕان دەتبات.

Translated by : Hatam Kareem

greedy→→→چاوچنۆک

identical→→→وەکو یەک

twin →→→جمک ، دووانە

distinguish →→→ناسینەوە / دیاریکردن

initial →→→سەرەتایی

other than →→→جگە لە

appearance →→→ڕووخسار ، شێوە

while →→→لەکاتێکدا

spicy →→→توون

detest →→→ڕقلێبوون

pet →→→خۆشەویست

generous→→→بەخشندە

selfless →→→خۆنەویست

selfish →→→خۆپەرست

fortune →→→سامان

amongst →→→لەنێوان

argue →→→داواکردن

share →→→بەش

prove→→→سەلماندن

intelligent→→→زیرەک ، ئاقڵ

wealth →→→سامان

competition →→→پێشبڕکێ

proportion →→→هاوڕێژە

permit →→→ڕێدان

keep track→→→ئاگاداربوون

set out →→→دەست بە گەشت کردن

rather →→→بەتەواوی

steadily →→→بەخۆگری

broke →→→ڕایکرد

sprint →→→بەوپەڕی خێرایی ڕایکرد

bent →→→سوربوون لەسەر

portion →→→بەش

ideal →→→نموونەیی

attempt →→→هەوڵدان

midnoon →→→نیوەڕۆ

unfortunately →→→بەداخەوە

set →→→ئاوابوون

engulf →→→نوقمبوون

drag →→→ڕاکێشان

چیرۆکی هەشتەم

## THE FARMER AND THE COW

## جوتیار و چێڵەکە

Once upon a time, there was a farmer called Ah Niu. Ah Niu was not a rich farmer but he was very happy. He worked in the fields with his only cow from dawn until dusk. This provided Ah Niu with vegetables to eat and extra crops which he would sell to the local villagers on market day so that he might buy other foods.

ڕۆژێک لە ڕۆژان ، جوتیارێک هەبوو ناوی ئاه نوو بوو. ئاه نوو جوتیارێکی دەوڵەمەند نەبوو بەڵام زۆر دڵخۆش بوو. لە کێڵگەکان کاری دەکرد لەگەڵ تاکە چێڵەکەی لە بەرەبەیانەوە تاکو خۆرئاوابوون. ئەمە سەوزەی بۆ ئاه نوو دەستەبەردەکرد بۆ خواردن لەگەڵ دانەوێڵەی زیادە کە دەیفرۆشت بە جوتیارانی ناوچەکە لە ڕۆژی بەبازاڕکردن بەمشێوەیە دەیتوانی خواردەمەنیەکانی تر بکڕێت.

Ah Nui and his cow worked very hard, but they were contented with their simple life and they didn't complain as they had everything they needed.

ئەه نیو و چێڵەکەی زۆر بەسەختی کاریان کرد ، بەڵام ئەوان ڕازی بوون بە ژیانە سادەکەیان وە گلەییان نەدەکرد هەروەکو ئەوەی هەموو شتێکی پێویستیان هەبێ.

But one year, everything changed. the rains didn't come and the farmland began to dry up and turn to dust.Because there was no rain, the crops didn't grow and Ah Niu nothing to sell to the villagers, and therefore no money to buy food.

بەڵام ساڵێکیان ، هەموو شتێک گۆڕا. باران نەهات و کێڵگەکە بەتەواوی دەستی بە وشکبوون کرد و بووە خۆڵ. چونکە هیچ بارانێک نەبوو، دانەوێڵەکان گەشەیان نەکرد وە ئاه نوو هیچی نەبوو بیفرۆشێت بە لادێیەکان ، بێگومان لەبەرئەوە پارەی نەبوو خۆراک بکڕێ.

The poor farmer become very hungry and was forced to sell everything he had inside of his little house in exchange for food so that he could feed himself and his beloved cow. Ah Niu hoped for the rains to come so that he might return to the fields and resume works.

جوتیارە داماوەکە زۆر برسی بوو وە ناچاربوو هەموو شتێک کە هەیەتی لەناو خانووە بچکۆڵانەکەی بفرۆشێ بۆ گۆڕینەوەی بە پارە بۆئەوەی بتوانێ خۆراک بەخۆی و چێڵە ئازیزەکەی بدا. ئاه نوو هیوای هاتنی بارانی دەخواست تاکو بتوانێ بگەڕێتەوە کێڵگەکان و کارەکەی دەستپێبکاتەوە.

several month passed and there was still no rain. The crops didn't grow and Ah Niu and his cow grew more and more hungry. There was nothing left to sell and so there was no food to eat.

چەند مانگێک تێپەڕین و هێشتا باران نەدەباری. دانەوێڵەکان گەشەیان نەکرد و ئاه نوو و چێڵەکەی زیاتر و زیاتر برسی دەبوون. هیچ شتێک نەمابوو تا بیفرۆشن وە بۆیە هیچ خۆراکێک نەبوو تا بیخۆن.

Eventually, Ah Niu could bear the hunger no longer. The farmer turned to his cow and said, I'm very sorry but I'm afraid that I might have to eat you.

لەئەنجامدا، ئاه نیو چیتر بەرگەی برسێتی نەگرت. جوتیارەکە ڕووی لە چێڵەکەی کرد و گووتی ، زۆر داوای لێبووردن دەکەم بەڵام بەداخەوەم کە لەوانەیە پێویستبێ تۆ بخۆم.

The cow looked at Ah Niu and tears started to roll down form it's wide eyes. When Ah Niu saw the tears he became very upset and felt such guilt that he had even suggested eating his faithful cow. He threw

his arm around the cow and said to him, I'm so sorry. I will never suggest such a thing again. Would you please forgive me?

چێڵەکە تەماشای ئاە نووی کرد و فرمێسکەکان ڕژانە خوارەوە لە چاوە فراوانەکانیەوە. کاتێک ئاە نوو فرمێسکەکانی بینی زۆر نیگەران بوو و هەستی بە تاوانێکی زۆر کرد کە ئەو تەنانەت پێشنیاریشی کرد چێڵە دڵسۆزەکەی بخوا. قۆڵی هاوێشتە دەوری چێڵەکە و پێی گووت ، زۆر داوای لێبووردن دەکەم. هەرگیز پێشنیاری شتێکی وا ناکەمەوە. تکایە دەتوانی بمبەخشی؟

The cow nodded his head and was very relieved not to be eaten.

چێڵەکە سەری ڕاوەشاند و زۆر هێوربوویەوە کە ناخورێ.

Suddenly it began to rain and the lands turned from dust to rich soil. The crops began to grow and it was no long before Ah Niu and his faithful cow were back in the fields once more.

لەناکاو دەستیکرد بە بارانبارین وە زەوی لەخۆڵەوە گۆڕا بۆ خاکی بەپیت. دانەوێڵەکان دەستیانکرد بە گەشەکردن وە زۆری پێنەچوو ئاە نوو و چێڵە دڵسۆزەکەی جارێکی تر گەڕانەوە بۆناو کێڵگەکان.

When harvest time came around, Ah Niu and his cow were very busy and worked form dawn until dusk in the fields. They had more crops than ever before and Ah Niu and his cow were happy again. They gathered the crops and went into the village where they sold their produce to the people gathered in the market. This gave them money to buy food so that they were no longer hungry

کاتێک وەرزی کۆکردنەوەی بەروبوومەکان هاتەوە ، ئاە نوو و چێڵەکەی زۆر سەرقاڵ بوون و لە بەرەبەیانەوە تا خۆرئاوابوون لە کێڵگەکان کاریان دەکرد. دانەوێڵەی زیاتریان هەبوو لە پێشتر وە ئاە نوو و چێڵەکەی دووبارە دڵخۆش بوونەوە. دانەوێڵەکانیان کۆکردەوە و ڕۆیشتن بۆناو ئەو گوندەی کە بەرهەمەکانیان لێی دەفرۆشت بەو خەڵکانەی لە بازاڕ کۆببونەوە. ئەوە پارەی پێدان بۆ کڕینی خۆراک بۆیە ئەوان چیتر برسی نەبوون.

From that day on, Ah Niu promised that he would never eat beef because his cow was sacred and provided him with milk and helped him work in the fields to provide crops to be eaten and sold for money.

لەو ڕۆژە بەدواوە، ئاە نوو بەڵێنی دا کە هەرگیز گۆشتی مانگا نەخوا چونکە چێڵەکەی ڕێزلێگیراو بوو وە شیری پێدەدا وە یارمەتی دەدا کار لە کێڵگەکان بکات بۆ پێدانی دانەوێڵە بۆ خواردن و فرۆشت بۆ پارە.

Translated by : Hatam Kareem

once upon a time→→→ ڕۆژێکیان (لەسەرەتای چیرۆک بەکاردێ)

dawn→→→ بەرەبەیان

dusk→→→ خۆرئاوابوون

local→→→ ناوخۆ

villager→→→ لادێی ، جوتیار

market day→→→ ڕۆژی بەبازارکردنی بەرهەمەکان(فیستیڤاڵ)

contented→→→ قایل بوون

complain→→→ گلەیی کردن

farmland→→→ کێڵگە

dry up→→→ بەتەواوی وشکبوون

dust→→→ تۆز ، خۆڵ

crop→→→ دانەوێڵە

therefore→→→ کەواتە ، بۆیە

poor→→→ داماو

force→→→ ناچاربوون

exchange→→→ ئاڵوگۆڕ ، گۆڕینەوە

so that→→→ بۆئەوەی ، تاکو

beloved→→→ خۆشەویست ، ئازیز

resume→→→ دەستپێکردنەوە

pass→→→ تێپەڕین

still→→→ هێشتا

more and more→→→ زیاتر و زیاتر

eventually→→→ لەئەنجامدا ، لە کۆتایدا

bear→→→ بەرگەگرتن

no longer→→→ چیتر

turn→→→ ڕوو لە لایەک کردن

afraid→→→ بەداخەوە

roll down→→→ هاتنەخوارەوە

upset→→→ نیگەران

guilt→→→ تاوان ، گوناه

throw→→→ هاوێشتن

faithful→→→ دڵسۆز

nod→→→ سەر ڕاوەشاندن

relieve→→→ حەسانەوە ، هێوربوونەوە

rich soil→→→ خاكی بەپیت

once more→→→ دووبارە ، جارێكی تر

harvest→→→ دروێنەكردن ، وەرزی كۆكردنەوەی بەرووبوومەكان

come around→→→ هاتن

gather→→→ كۆكردنەوە

from that day on→→→ لەو ڕۆژە بەدواوە

beef→→→ گۆشتی مانگا ، مانگا

sacred→→→ پیرۆز

provide→→→ پێدان

چیرۆكی نۆیەم

## the defective clock

## كاتژمێرە ئیشنەكردووەكە

One day, peter's father gave him money to buy a clock from the market. So, he went to a showroom and bought a beautiful clock. when he got back home, it was 12 o'clock in the afternoon. so, one hand of the clock was over the other.

ڕۆژێک ، باوکی پیتەر پارەی بە پیتەردا بۆ کڕینی کاتژمێرێک لە بازاڕەکەوە. بۆیە ، چووە پێشانگەیەک و کاتژمێرێکی جوانی کڕی. کاتێک گەڕایەوە ماڵەوە ، کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بوو. بۆیە ، نیشاندەرێکی کاتژمێرەکە لەسەر ئەوی تر بوو.

The whole family including Peter thought that the shopkeeper had given him a defective piece. so, he went to the shop for replacement. By the time two hands had been separated and were visible.

هەموو خێزانەکە لەنێوانیشیاندا پیتەر بڕوایان وابوو کە خاوەن دووکانەکە پارچەیەکی عەیبداری پێداوە. بۆیە ، چوو بۆ دووکانەکە بۆ گۆڕینەوەی. لەو کاتەدا دوو نیشاندەرەکان جیابوونەوە و دەرکەوتن.

when peter realized his folly, he feeled embarrassed and returned home.

کاتێک پیتەر لە گەمژەیی خۆی تێگەیشت، هەستی بە شەرمەزاری کرد و گەڕایەوە ماڵەوە.

when his family members came to know about their foolishness , they also feeled very embarrassed.

کاتێک ئەندامانی خانەوادەکەی زانیان دەربارەی گەمژەییەکەیان ، ئەوانیش هەروەها زۆر هەستیان بە شەرمەزاری کرد.

Translated by : Hatam Kareem

showroom→→→ پێشانگە ، هۆڵی نمایشکردن

get back→→→ گەڕانەوە

hand→→→ نیشاندەر

whole→→→ هەموو

including→→→ لەنێوانیاندا

Think→→→ باوەڕوابوون ، وادانان ، وازانین

shopkeeper→→→ خاوەن دووکان ، فرۆشیار

defective→→→ ناتەواو ، عەیبدار ، ئیشنەکردوو

replacement→→→ گۆڕینەوە

separate→→→ جیابوونەوە

Visible➞➞➞ بینران ، دەرکەوتن

realize➞➞➞ بۆ دەرکەوتن ، تێگەیشتن

folly➞➞➞ گەمژەیی

embarrassed➞➞➞ تەریق بوونەوە ، شەرمەزاربوون

foolishness➞➞➞ گەمژەیی

چیرۆكی دەیەم

## The dog and the bone

## سەگەكە و ئێسكەكە

Once a stray dog while searching for food came to a butchers shop. There he got a bone with some meat on it. So he lifted it and ran to a safe place to enjoy it at ease.

جارێكیان سەگێكی ونبوو كاتێک بۆ خواردن دەگەڕا چووە دووكانی گۆشتفرۆشێک. لەوێ ئێسكێكی دەستكەوت هەروەها هەندێ گۆشتی لەسەربوو. بۆیە هەڵی گرت و ڕایكرد بەرەو شوێنێكی سەلامەت تاكو بە ئاسانی خۆشی لێوەرگرێ.

He chewed the bone for a very long time and this made him quite thirsty. So he went to a river to quench his thirst. It took the bone along , as it was worried that some other dog might not take it away.

بۆ كاتێكی زۆر ئێسكەكەی جوی سەرەڕای ئەوەی ئەوە زۆر تینووی كرد. بۆیە بەرەو ڕووبارێک چوو تا تینوویەتیەكەی بشكێنێ. ئێسكەكەی برد ، هەروەكو ئەوەی نیگەران بێ هەندێ سەگی تر لەوانەیە بیبەن.

As the dog stood on a bridge across the river, it looked around to see if it could safety put the bone down while it quenched its thirst.

كاتێک سەگەكە لەسەر پردێک وەستابوو بەسەر ڕووبارەكە ، سەیری دەورووبەری كرد بۆئەوەی دڵنیابێتەوە ئاخۆ دەتوانێ بەسەلامەتی ئێسكەكە دابنێ لەكاتێكدا تینوویەتی خۆی دەشكاند.

By chance, he saw his reflection in the water from over the bridge. He couldn't follow that it was his shadow. Rather, he though it to be another dog with a bone in his mouth.

بە ڕێكەوت ، ڕووخساری خۆی لە ئاوەكە بینی لە سەرەوەی پردەكەوە. نەیتوانی لەوە تێبگات ئەوە سێبەری خۆیەتی. بەڵكو ، پێی وابوو ئەوە دەبێ سەگێكی تر بێ بە ئێسكێک لە دەمیەوە.

Being greedy by nature, he wanted that bone too. So, he barked at other dog, hoping to scare it into giving it that bone.but alas! the bone that he held in its mouth fell into the river.

ساویلكانە چاوچنۆک بوو ، ئەو ئێسكەشی دەویست. بۆیە ، بەسەر سەگەكەی تر وەڕاندی ، هیوای خواست بیترسێنێ بۆئەوەی ئەو ئێسكەی پێبدا. بەڵام حەیف! ئەو ئێسكەی لەدەمی هەڵی گرتبوو كەوتە ناو ڕووبارەكە.

Translated by : Hatam Kareem

stray→→→ ونبوو

Butcher shop→→→ دووكانی گۆشتفرۆش

get→→→ دەستكەوتن

lift→→→ هەڵگرتن

enjoy→→→ خۆشی لێوەرگرتن ، چێژ لێبینین

chew→→→ جوین

quite→→→ زۆر

thirsty→→→ تینوو

quench→→→ تێنویەتی شکاندن

quench his thirst→→→ تێنوویەتی شکاندن

take along→→→ دەبات

worry→→→ نیگەران

take away→→→ بردن

bridge→→→ پرد

put down→→→ دانان

bone→→→ ئێسک

by chance→→→ بەڕێکەوت

refelction→→→ دانەوە ، وێنە

follow→→→ تێگەیشتن

shadow→→→ سێبەر

by nature→→→ ساویلکانە

Bark→→→ وەڕین

Alas!→→→ داخی گرانم ، ئاخ ، حەیف

چیرۆکی یازدەیەم

## The prince and the honest girl

## میر و کچە ڕاستگۆیەکە

A story from Saudi Arabia by Khalid Alzahrani

چیرۆکێک لە عەرەبستانی سعودییەوە لەلایەن خالید ئەلزەهرانی

A long time ago, there was a young prince who wanted very much to find a wife. The prince wanted his wife to be beautiful, but much more than that, the young prince wanted to marry an honest girl whom he could trust.

ساڵانێک لەمەوبەر ، میرێکی بچووک هەبوو کە خواستێکی زۆری هەبوو ژنێک بدۆزێتەوە. میرەکە دەیویست ژنەکەی جوان بێ ، بەڵام زیاتر لەوە ، میرە گەنجەکە دەیویست هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی ڕاستگۆ بکات ئەوەی ئەو بتوانێ متمانەی پێبکات.

one day, the prince decided how he might find such a wife. There will be a competition he siad and all of the girls in the village will be able to enter.

ڕۆژێک ، میرەکە گەیشتە ئەنجام چۆن بتوانێ هاوسەرێکی وا بدۆزێتەوە. ئەو وتی پێشبڕکێیەک دەکرێ و هەموو کچەکانی گوندەکە دەتوانن بەژداری بکەن.

so the girls of the village gathered to hear the prince speak. They were all very beautiful, and all very eager to marry the handsome prince.

بۆیە کچەکانی گوندەکە کۆبوونەوە بۆ گوێگرتن لە قسەی میرەکە. هەموویان زۆر جوان بوون ، وە هەموویان زۆر پەرۆش بوون بۆ هاوسەرگیری کردن لەگەڵ میرە قۆزەکە.

I know how I will decide which of you will be my wife declared the prince. I will give each of you a flower seed, and the one who grows the biggest and most beautiful flower will be my bride.

میرەکە ڕایگەیاند دەزانم چۆن بڕیاردەدەم کامەتان دەبنە هاوسەرم. تۆوێکی گوڵ دەدەمە هەریەکەتان ، ئەوەی کە گوڵەکەی گەورەترین و جوانترین بوو دەبێتە بووکی من.

each of the girls took a seed and promised to return the following month to attend a festival at which the prince would choose the bride. The festival would be a great celebration, and the whole village would attend so that they might see who would become the prince bride.

هەریەک لە کچەکان تۆوێکیان برد وە بەڵێنیان دا بگەڕێنەوە لە مانگی داهاتوو بۆ ئامادەبوون لە ئاهەنگێک کە میرەکە ویستی بووکەکە هەڵدەبژێرێ. فیستیڤاڵەکە ئاهەنگگێڕانێکی گەورە دەبێ ، وە هەموو گوندەکە ئامادەدەبن بۆئەوەی ببینن کێ دەبێتە بووکی میرەکە.

The month pass quickly and the day of the festival soon arrived. There was food and music and much celebrating and anticipation among the villager.

مانگەکە بەخێرایی تێپەڕی و ڕۆژی فیستیڤاڵەکە زوو هات. خواردەمەنی و مۆسیقا هەبوو وە ئاهەنگێڕانی زۆر وە خرۆشانی نێوان لادێیەکان.

Each of the girls arrived in turn, each with her flower in a small clay pot, each flower more beautiful and luscious than the last.

هەریەکە لە کچەکان یەک لەدوای یەک گەیشتن ، هەریەکەیان لەگەڵ گوڵەکەی لە قوتوویەکی قوڕی بچووک ، هەر گوڵێک جوانتر و بۆن خۆشتربوو لەوەی پێشتر.

But one girl, a shy and quiet girl from the village, arrived with nothing but a pot of sand. In the middle of the pot was a seed but not flower.

بەڵام کچێک ، کچێکی شەرمن و بێدەنگ بوو لە گوندەکەوە ، گەیشتەجێ هیچی پێ نەبوو بێجگە لە قوتوویەکی لم نەبێ. لە ناو قوتوویەکە تۆوێک هەبوو بەڵام هیچ گوڵێک نەبوو.

The girls with their beautiful flower said to her, Why have you come when you have not grown an flower from your seed? they asked her.

کچەکان بە گوڵە جوانەکانیانەوە پێیان گووت ، بۆچی هاتی کاتێک گوڵەکەت گەشەی نەکردووە لە تۆوەکەت؟ ئەوان پرسیاریان لێکرد.

The villagers jeered and laughed at her for not being able to  grow a simple flower when the other girls had done so well. How is it that you have grown no flower from your seed? they asked her.

لادێیەکان گاڵتەیان پێکرد و پێی پێکەنین چونکە نەیتوانیوە گوڵێکی سادە بڕوێنێ لەکاتێکدا کچەکانی تر زۆر باش ئەوەیان کردبوو. چۆن دەبێ کە تۆ هیچ گوڵێکت لە تۆوەکەتەوە گەشەی نەکردبێ؟ ئەوان پرسیاریان لێکرد.

Suddenly the villagers fell silent. The prince had arrived and it was time to choose his wife. The prince exclaimed all of the flowers and remarked how beautiful they were. And each girl was sure she would be choosen as the prince's bride.

لەناکاو لادێیەکان بێدەنگ بوون. میرەکە گەیشتەجێ و کاتی ئەوەبوو هاوسەری خۆی هەڵبژێرێ. میرەکە هەموو گوڵەکانی پشکنی و تێبینی کرد چۆن جوان بوون. وە هەر کچێک دڵنیابوو هەڵدەبژێردرێت وەکو بووکی میرەکە.

But when the prince stood before the girl who had nothing but a pot of sand, he said to her, you shall be my bride.

بەڵام کاتێک میرەکە لەپێش ئەو کچە وەستا کە هیچی پێنەبوو بێجگە لە قووتوویەکی لم ، پێی گووت ، تۆ دەبیتە بووکی من.

The villagers were very surprised, but the prince spoke to them, saying , I choose this girl because none of the seeds that I gave were fertile. I had boiled them and so they couldn't grow into flowers. These other girls must have replaced my seed with another so that they could grow these flowers and deceive me, but this girl is the honest one and so I choose her for my bride.

لادێیەکان زۆر سەرسام بوون ، بەڵام میرەکە قسەی بۆ کردن ، گووتی ، ئەو کچەم هەڵبژارد چونکە هیچکام لە تۆوەکان کە پێم دان بەرهەمدار نەبوون. من ئەوانم کوڵاند وە بۆیە ئەوان ناتوانن ببنە گوڵ. کچەکانی تر دەبێ لەجیاتی تۆوی من یەکێکی تریان دانابێ تاکو بتوانن ئەو گوڵانە گەورەبکەن و من بەخەڵەتێنن ، بەڵام ئەو کچە ڕاستگۆکەیانە وە بۆیە من ئەو هەڵدەبژێرم بە بوکی خۆم.

the young prince and the young girl were married and the whole of the village celebrated into the night, and they toasted the marriage of the prince and his honest bride.

میرە بچووکەکە و کچە گەنجەکە هاوسەرگیریان کرد وە هەموو گوندەکە تا شەو ئاهەنگیان گێرا ، وە ئەوان هاوسەرگیری شازادە بچووکەکە و ئەو بووکە ڕاستگۆیەکەیان گەرم کرد.

Translated by : Hatam Kareem

Prince→→→ میر

whom→→→ ئەوەی

trust→→→ متمانە ، جێی بڕوا

competition→→→ پێشبڕکێ ، ڕکابەری

be able to→→→ توانین

enter→→→ بەژداری کردن

gather→→→ کۆبونەوە

eager→→→ پەرۆش

handsome→→→ قوز

declare→→→ ڕاگەیاندن

seed→→→ تو

bride→→→ بووک

following month→→→ مانگی داهاتوو

attend→→→ ئامادەبوون

celebration→→→ ئاهەنگ گێران

whole→→→ هەموو

so that→→→ بۆئەوەی ، تاکو

anticipation→→→ خرۆشان

among→→→ لەنێوان

villager→→→ لادێی

in turn→→→ یەک لەدوای یەک ، بەڕیز

clay→→→ قوڕ

pot→→→ مەنجەڵ ، قووتوو

luscious→→→ بۆن خۆش

shy→→→ شەرمن

sand→→→ لم

jeer→→→ گاڵتە پێکردن

be able to→→→ توانین

exclaim→→→ پشکنین

remark→→→ تێبینی کردن

fertile→→→ بەرهەمدار

boil→→→ کوڵاندن

replace→→→ لەجیاتی دانان

deceive→→→ هەڵخەڵەتاندن ، فێڵ لێکردن

toast→→→ گەرم کردن

چیرۆکی دوازدەیەم

## The drop of honey

## دڵۆپە هەنگوینەکە

Long, long ago this story was told. it has been told ever since ,and here I tell it to you today...The story of the drop of honey.

کاتێکی زۆر زۆر لەمەوپێش ئەو چیرۆکە گێردراوەتەوە. لەو ڕۆژە بەدواوە دەگێڕدرێتەوە ، وە ئەمڕۆ من لێرە بە ئێوەی دەڵێم...چیرۆکی دڵۆپە هەنگووینەکە.

A hunter and his hound, high in the desert mountains, found a cave. The hunter in the cave found a hollow, and the hollow was filled with the most beautiful, clear honey.

ڕاوچیەک و سەگی ڕاوەکەی ، لەبەرزایی کێوەکانی بیابان ، ئەشکەوتێکی دۆزیەوە. ڕاوچیەکە چاڵێکی لە ئەشکەوتەکە دۆزیەوە ، هەروەها چاڵەکە پڕبوو لە جوانترین و سافترین هەنگوین.

He took his water skin and filled the water skin with honey and left the cave and came down the mountains.

کوندەکەی دەرهێنا و پڕیکرد لە هەنگوین و ئەشکەوتەکەی بەجێهێشت وە هاتەخوارەوە لە کێوەکان.

He wasn't in his own land.

ئەو لە خاکی خۆی نەبوو.

And there in the town that he entered, he saw an oil seller, he went into that stall and offered his honey for sale   perhaps an exchange for some oil? And the oil seller was intrigued.

وە لەو شارۆچکەیەی کە ئەو لێی چووەژوورەوە ، نەوت فرۆشێکی بینی ، بەرەو ئەو دوکانۆچکەیە ڕۆیشت و هەنگوینەکەی پێشنیازکرد بۆ فرۆشتن   ڕەنگە بۆ ئاڵوگۆڕکردن بە هەندێ نەوت؟ سەرنجی نەوت فرۆشەکەی ڕاکێشا.

As he was tasting the honey, one drop of honey fell upon the ground.

کاتێک تامی هەنگوینەکەی دەکرد ، دڵۆپێکی هەنگوین کەوتە سەر ئەرزەکە.

Some flies buzzed, swarming around the honey. And as they swarmed there, some birds flew down to peck and eat the insects, the cat that belonged to the oil seller leapt upon a bird and killed it. And as the cat leapt upon the bird, the hound of the hunter leapt forward and killed the cat.

هەندێ مێش ویزەیان هات ، ئاپۆرەیان گرت لەدەوری هەنگوینەکە. وە کاتێک لەوێ ئاپۆرەیان گرتبوو ، هەندێ باڵندە هاتنە خوارەوە بۆ دەنووک لێدان و خواردنی مێش و مەگەزەکان ، ئەو پشیلەی کە هی نەوت فرۆشەکە بوو بازیدا سەر باڵندەیەک و کوشتی. وە کاتێک پشیلەکە بازیدا سەر باڵندەکە ، سەگی ڕاوی ڕاوکەرەکە بازیدا پێشەوە و پشیلەکەی کوشت.

The oil seller, full of fury , kicked the hound so hard that the hound was killed.

نەوت فرۆشەکە ، گەلێک زۆر توڕەبوو ، زۆر بە توندی لە سەگی  ڕاوەکەی هەڵدا تا ئەو ڕادەیەی سەگی ڕاوەکەی کوشت.

You just kicked my dog The hunter drew his hunting knife and plunged it into the chest of that oil seller.

تۆ بەڕاستی لە سەگەکەی منت هەڵدا ڕاوچیەکە چەقۆی ڕاوکردنی دەرهێنا و لە سنگی ئەو نەوت فرۆشەی دا.

Those who where outside the stall came rushing in. They beat that foreigner to death.

ئەوانەی لە دەرەوەی دووکانۆچکەکە بوون بە خێرایی هاتن ژوورەوە. هەتا مرد لە کەسە بیانیەکەیان دا.

Word reached the people in the hunter's own land of his murder. They sent people from his village over the border and they killed many of the men of that town.

قسەکانی کوشتنەکەی گەیشتنەوە خەڵکی شانشینی ڕاوچیەکە. ئەوانیش خەڵکیان نارد لەو گوندەوە بۆ سەر سنورەکە و پیاوانێکی زۆریان کوشت لەو شارۆچکەیە.

When the king of that land heard about this stories, he gathered a great army and waged war against his neighbour. And the kingdom retaliated.

کاتێک پاشای ئەو خاکە گوێی لەو چیرۆکانە بوو ، سووپایەکی گەورەی کۆکردەوە و شەڕی کرد دژی دراوسێکانی. وە شانشینەکە تۆڵەی سەندەوە.

Wars raged for many years. And wars have raged for many years since that time : two great enemies those neighbouring lands. And all because of one drop of honey.

شەڕەکان بە توندوتیژیەوە بوون بۆ چەندین ساڵ. وە لەو کاتەوە شەڕەکە بۆ چەندین ساڵ بەردەوامبوو. دوو دوژمنی گەورە ئەو وڵاتە نزیکانەبوون. وە هەمووی لەبەر یەک دڵۆپ هەنگوین.

Translated by : Hatam Kareem

drop➞➞➞ دڵۆپ

hunter➞➞➞ ڕاوچی ، ڕاوکەر

hound➞➞➞ تاژی ، سەگی ڕاو

cave➞➞➞ ئەشکەوت

hollow➞➞➞ چاڵ

fill➞➞➞ پرکردن

water skin➞➞➞ جانتای لە چەرم دروستکراو بۆ هەڵگرتنی ئاو ، کوندە ، مەشکە

come down➞➞➞ هاتنە خوارەوە

oil seller➞➞➞ نەوت فرۆش

stall➞➞➞ دووکانۆچکە ، فرۆشگایەکی بچووکی کاتی

offer➞➞➞ پێشکەش کردن ، پێشنیاز کردن

intrigue➞➞➞ سەرنجراکێشان

taste➞➞➞ تامکردن

fly➞➞➞ مێش

buzz→→→ ویزەهاتن

swarm→→→ ئاپۆرە ، جەنجاڵی

peak→→→ دەنووک لێدان

insect→→→ مێروو ، مێش و مەگەز

belong to→→→ هی

leap→→→ بازدان

kick→→→ تێهەڵدان

drow→→→ دەرهێنان

hunting knife→→→ چەقۆی ڕاو

plunge→→→ لێدان

chest→→→ سنگ

rush→→→ خێرا

beat→→→ لێدان

foreigner→→→ کەسێکی بیانی ، نامۆ

reach→→→ گەیشتن

murder→→→ کوشتن

border→→→ سنوور

gather→→→ کۆکردنەوە

army→→→ سووپا

wage→→→ کردن ، بەڕێوەبردن

against→→→ دژ

neighbour→→→ دراوسێ

kingdom→→→ شانشین

retaliate→→→ تۆڵەسەندەوە

rage→→→ توندوتیژی

enemy→→→ دوژمن

چیرۆکی سێزدەیەم

## Kid and Father

## منداڵ و باوک

Manu was a seven year old boy. He was naughty, funny and very mischievous. One day, his mom was unwell and he was looked after by his daddy. Manu’s daddy asked him to go to bed as it was close to 9.30 pm. Manu went to his room. His daddy was watching television in the living room.

مانوو کوڕێکی حەوت ساڵان بوو. لاسار و گاڵتەچی و زۆر ئاژاوەچی بوو. ڕۆژێک ، دایکی نەخۆش بوو و لەلایەن باوکی چاودێری دەکرا. باوکی مانوو داوای لێکرد بچێتە سەر جێگا کاتێک نزیکبوویەوە لە کاتژمێر نۆ و نیوی شەو. مانوو چووە ژوورەکەی. باوکی سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد لە ژووری میوان.

It was 9.45 and Manu called, ‘Daddy, can you please bring me a glass of water to drink?’

Daddy was annoyed, ‘No way Manu! You get it on your own!’

کاتژمێر نۆ و چل و پێنج خولەک بوو و مانوو بانگی کرد ، ‘بابە ، تکایە دەتوانی پەرداخێکی ئاوی خواردنەوەم بۆ بێنی؟’

باوکی بێزاربوو ، ‘نەخێر مانوو! وەرە بەخۆت بیبە!’

After five minutes, Manu called his dad and said, ‘Daddy can you please give me a glass of water? I’m very thirsty’

Daddy replied, ‘No Manu. I already told you!’

دوای پێنج خولەک ، مینوو بانگی باوکی کرد و گووتی ، ‘بابە تکایە دەتوانی پەرداخێک ئاوم پێبدەی؟ زۆر تینومە’

باوکی وەڵامی دایەوە ، ‘نەخێر مانوو. پێشتر پێم گووتی!’

After five minutes, Manu shouted, ‘Daddy can you please give me water?’

Daddy said, ‘I told you twice, I won’t! If you ask again, I will come in and spank you!’

Manu was silent for a while. After 10 minutes, ‘Daddy, when you come to spank me, can you please give me a glass of water?’

دوای پێنج خولەک ، مانوو هاواری کرد ، ‘بابە تکایە دەتوانی ئاوم پێبدەی؟’

باوکی گووتی ، ‘دووجار پێم گووتی ، ناتوانم! ئەگەر جارێکی تر داوابکەیەوە ، دێمە ژوورەوە و لێت دەدەم!’

مانوو بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو. دوای دە خولەک ، ‘بابە ، کەی دێیت لێم بدەی ، تکایە دەتوانی پەرداخێک ئاوم پێبدەی؟’

Daddy was speechless!

باوکی بێدەنگ بوو!

Translated by : Hatam Kareem

naughty→→→ لاسار ، بزێو

funny→→→ پێکەنیناوی ، گاڵتەچی

mischievous→→→ ئاژاوەچی ، نەگریس

unwell→→→ نەخۆش

look after→→→ چاودێری کردن ، ئاگاداربوون

living room→→→ ژووری میوان

annoyed→→→ بێزار ، وەڕس

on your own→→→ بەخۆت

thirsty→→→ تینوو

shouted→→→ هاواری کرد

spank→→→ لێدان

for a while→→→ بۆ ماوەیەک

speechless→→→ بێدەنگ

## چیرۆکی چواردەیەم

# the innocent punishment

# سزای بێ ئازار

This is a story about Akbar, the emperor of indea, and his loyal and witty advidor Birbal.

ئەمە چیرۆکێکە دەربارەی ئەکبەر ، ئیمپراتۆری هیندستان ، و ڕاوێژکارە دڵسۆز و زیرەکەکەی بیربال.

It was a fine morning in the palace. The royal courtroom was buzzing with conversation as Akbar's advisors awaited of the arrival of their emperor. Soon enough Akbar arrived. but he was not in his usual pleasant mood. He seemed bothered and frustrated. The advisors quietend on seeing the emperor's stern face.

بەیانیەکی جوانبوو لە کۆشکەکە. هۆڵی دادگا شاهانەکە ورتە ورتیان دەهات بەهۆی گفتوگۆوە کاتێک ڕاوێژکارەکانی ئەکبەر چاوەڕووانی گەیشتنی ئیپراتورەکەیان بوون. لەکاتی دیاریکراودا ئەکبەر گەیشتەجێ. بەڵام ئەو لە دۆخی ئاسایی خۆشی خۆی نەبوو. بێزار و سەرلێشێواو دیاربوو. ڕاوێژکارەکان بێدەنگبوون لەکاتی بینینی ڕووخساری مۆنی ئیپراتۆرەکە.

What is the problem, your majesty? Is something bothering you? asked one of the advisors.

کێشە چییە ، خاوەن شکۆ؟ ئایا شتێک بێزارت دەکا؟ یەکێک لە ڕاوێژکارەکان پرسیاری کرد.

Today someone dared to pull on my moustache! exclaimed emperor Akbar. What punishment do you think this person should be given?

ئەمڕۆ کەسێک زاتی کرد سمێڵم ڕابکێشێ! ئیمپراتور ئەکبەر هاواری کرد. پێتان وایە پێویستە ئەو کەسە چ سزایەک بدرێ؟

one by one the advisors suggested the fiercest of punishment for the rogue who dared to pull on the emperor's moustache.

ڕاوێژکارەکان یەک لەدوای یەک سەختترین سزایان بۆ کەسە چەپەڵەکە پێشنیارکرد ئەو کەسەی کە زاتی کردووە سمێڵی ئیمپراتۆرەکە ڕابکێشێت.

He should be hung in the public square! cried one

ئەو پێویستە هەڵبواسرێ لە گۆڕەپانێکی گشتی! یەکیان هاواری کرد

His head should be cut off! exclaimed another

دەبێ سەری ببردرێ! یەکێکی تر هاواری کرد

He should be flogged one hundred times! insisted a third

پێویستە هەزار قامچی لێبدرێت! سێیەمیان جەختی کردەوە

The emperor listened to all of them, but he noticed that his most trusted advisor remained silent throughout.

ئیمپراتورەکە گوێی لە هەموویان گرت ، بەڵام تێبینی کرد کە متمانەپێکراوترین ڕاوێژکاری تەواو بەبێدەنگی ماوەتەوە.

Birbal, do you not have anything to say on this matter? he asked.

بیربال ، هیچ شتێکت نییە بیڵێی لەسەر ئەم کێشەیە؟ ئەو پرسیاری کرد.

Birbal calmly replied : forgive me, your majesty. I don't agree with any of the punishments suggested.

بیربال بەهێمنی وەڵامی دایەوە : بمبورە ، خاوەن شکۆ. من لەگەڵ هیچ لەو پێشنیاری سزایانە هاوڕانییم.

Emperor Akbar was very surprised indeed and asked of his trusted advisor, what punishment do you suggest for such a crime?

بەڕاستی ئیمپراتور ئەکبەر زۆر سەرسام بوو وە پرسیاری لە ڕاوێژکارە متمانەپێکراوەکەی کرد ، پێشنیاری چ سزایەک دەکەی بۆ تاوانێکی لەم شێوەیە؟

I think, said Birbal, that the person who dared to pull on your moustache should be given a box of sweet.

بیربال گوتی ، پێموایە ، ئەو کەسەی کە زاتی کردووە سمێڵی تۆ ڕابکێشێ پێویستە قوتوویەکی شیرینی پێبدرێ.

upon hearing this advice, the royal court was abuzz with conversation once more. The other advisors were shocked to hear Birbal's suggestion. They all wondered how such a trusted advisor could suggest that the emperor give the rogue a box of sweets as punishment for his crime. surely, this is not a correct punishment.

لەکاتی گوێلێبوونی ئەم ئامۆژگاریە ، دادگا شاهانەکە جارێکی تر دەنگە دەنگی دەهات بەهۆی گفتوگۆکردنەوە. ڕاوێژکارەکانی تر شۆک بوون بە گوێلێبوونی پێشنیارەکەی بیربال. هەموویان سەرسامبوون چۆن ڕاوێژکارێکی متمانەپێکراوی وەها دەتوانێ پێشنیاربکات کە ئیمپراتورەکە سندووقێکی شیرینی بدات بە کەسە بەدەکە وەکو سزای تاوانەکەی. بەدڵنیاییەوە ، ئەوە سزایەکی دروست نییە.

The confused emperor asked : Birbal, why would you suggest such a thing?

ئیمپراتورە سەرلێشێواوەکە پرسیاری کرد : بیربال ، چۆن پێشنیاری شتێکی وا دەکەی؟

Your majesty, the only one who would dare to pull on your moustache is none other than your son the prince. He often sits upon your lap, and today he must have pulled your moustache playfully. Such an innocent culprit should only be given an innocent punishment. I suggest you give the young prince a box of sweet.

خاوەن شکۆ ، تەنها کەسێک زات دەکا سمێڵی تۆ ڕابکێشێ ناکرێ کەسی تر بێ جگە لە کوڕە شازادەکەی تۆ. ئەو زۆربەی جار لە باوەشی تۆ دادەنیشێ ، وە ئەمڕۆ ئەو دەبێ بۆ پێکەنین سمێڵی تۆی ڕاکێشابێ. تاوانبارێکی وەها بێگوناه دەبێ تەنها سزایەکی بێ ئازاری پێبدرێ. من پێشنیاردەکەم قوتوویەکی شیرینی بدەیە شازادە گەنجەکە.

proving a point Birbal's witty retort made the emperor smile. You are right, old friend said emperor Akbar. it was my son who pulled on my moustache. And he shall indeed receive a box of sweets as his punishment.

خستنەڕووی خاڵی زیرەکی بیربال لە وەڵامدانەوەی خێرا ئیمپراتورەکەی هێنایە پێکەنین. ئیمپراتور ئەکبەر گوتی ، تۆ ڕاست دەکەیت ، هاوڕێی جاران. ئەوە کوڕەکەم بوو سمێڵی منی ڕاکێشا. وە ئەو بەڕاستی پێویستە سندووقێکی شیرینی وەربگرێ وەکو سزاکەی.

Birbal smiled softly as the other advisors looked away in shame of suggesting such harsh punishment without first considering the facts of these situation.

بیربال بەنەرمی پێکەنی لەکاتێکدا ڕاوێژکارەکانی تر شەرمەزاربوون لە پێشنیارکردنی سزایێکی وەها سەخت بێ ئەوەی یەکەمجار ڕەچاوی ڕاستیەکانی ئەو بارودۆخەکە بکەن.

To this day, stories of Birbal's wit and wisdom continue to be told and retold to generation after generation.

لەو ڕۆژەوە چیرۆکەکانی زیرەکی و ژیری بیرباڵ بەردەوام دەگوترێن و دەگێردرێنەوە بۆ نەوە لەدوای نەوە.

Translated by : Hatam Kareem

innocent→→→ بێ تاوان ، بێ ئازار

punishment→→→ سزادان

emperor→→→ ئیمپراتۆر

advisor→→→ ئامۆژگاریکەر ، ڕاوێژکار

loyal→→→ دڵسۆز

witty→→→ زیرەک

palace→→→ کۆشک

royal→→→ شاهانە

courtroom→→→ هۆڵی دادگا

buzzing→→→ ورتە ورت ، دەنگە دەنگ

await→→→ چاوەڕوانبوون

soon enough→→→ لەکاتی دیاریکراودا

pleasant→→→ خۆش

seem→→→ وادیارە ، وادەردەکەوێ

bother→→→ بێزار

frustrate→→→ سەرلێشێواو ، نائومێد

stern→→→ مۆن

your majesty→→→ خاوەن شکۆ (نازناوی ڕێزلێگرتنە کاتێک قسە بۆ پاشا دەکەیت)

moustache→→→ سمێڵ

dare→→→ دەوێرێ ، زات کردن

exclaim→→→ هاوارکردن ، قیژاندن

one by one→→→ یەک لەدوای یەک

fiercest→→→ سەختترین

rouge→→→ چەپەڵ

hung→→→ هەڵواسین ، لەسێدارەدان

cut off→→→ سەربڕین

flog→→→ بەقامچی لێدان

insist→→→ جەختكردنەوە ، سووربوون لەسەر

notice→→→ تێبینی كردن

trust→→→ متمانە

matter→→→ كێشە

indeed→→→ بەڕاستی

crime→→→ تاوان

once more→→→ دووبارە ، جارێكی تر

shock→→→ شۆك بوون

wonder→→→ سەرسام بوون

confused→→→ سەرلێشێواو

none other than→→→ ناكرێ كەسێكی تر بێ جگە لە

prince→→→ شازادە

lap→→→ باوەش

playfully→→→ بۆپێكەنین

culprit→→→ تاوانبار

prove→→→ سەلماندن ، خستنەڕوو

retort→→→ وەڵامی خێرا

harsh→→→ سەخت

considering→→→ ڕەچاوكردن

wit→→→ زیرەكی

wisdom→→→ ژیری

generation →→→ نەوە

چیرۆكی پازدەیەم

## RESULT OF MISDEED

## سەرئەنجامی تاوان

Once there was an old lady who had a parrot. The parrot used to tell her the time. Every morning, the parrot would wake up the old lady and then the old lady would wake up her servant.

جارێكیان خانمێكی بەتەمەن هەبوو كە تووتیێكی هەبوو. تووتیەكە ڕاهاتبوو كاتی پێبڵێ. هەموو بەیانییەک ، تووتیەكە خانمە بەتەمەنەكەی خەبەردەكردەوە وە پاشان خانمە بەتەمەنەكە خزمەتكارەكەی خەبەردەكردەوە.

The servant was very angry at the parrot. Because of him, he had to wake up early in the morning. Getting an opportunity, he killed the parrot.

خزمەتكارەكە زۆر لە تووتیەكە توڕەبوو. بەهۆی ئەو ، دەبووایە لە بەیانیدا زوو لەخەو هەڵبستێ. دەرفەتێكی دەستكەوت ، تووتیەكەی كوشت.

Now the old lady had no sense of time. She would often wake up the servant at midnight. The servant repented his sin.

ئێستا خانمە بەتەمەنەكە ئاگاداری كات نییە. ئەو بەزۆری خزمەتكارەكە لە نیوەشەو بەخەبەردەكاتەوە. خزمەتكارەكە پەشیمانبووەوە لە تاوانەكەی.

Translated by : Hatam Kareem

Misdeed→→→ تاوان ، گوناە

parrot→→→ توتی

wake up→→→ هەستان لە خەو ، خەبەركردنەوە

servant→→→ خزمەتكار

because of→→→ لەبەر ، لەسایەی ، بەهۆی

getting→→→ دەستكەوتن

opportunity→→→ بوار ، دەرفەت ، هەل

sense→→→ ئاگادار ، هەستكردن

midnight→→→ نیوەشەو

repent→→→ پەشیمان

sin→→→ گوناە ، تاوان

## چیرۆکی شازدەیەم

# The Well Dispute

# ناکۆکی بیرەکە

Once there was a complaint at King Akbar's court.

جارێکیان سکاڵایەک هەبوو لە کۆشکی شاهانەی پاشا ئەکبەڕ.

There were two neighbors who shared their garden. In that garden, there was a well that was possessed by Iqbal Khan. His neighbor, who was a farmer wanted to buy the well for irrigation purpose. Therefore they signed an agreement between them, after which the farmer owned the well.

دوو دراوسێ هەبوون کە باخچەکەیان دابەشکرد. لەو باخچەیە ، بیرێک هەبوو کە ئیقبال خان خاوەنی بوو. دراوسێیەکەی ، کە جووتیارێک بوو ویستی بیرەکە بکڕێ بۆ مەبەستی ئاودان. لەبەرئەوە ئاماژەیەکی ڕێککەوتن هەبوو لەنێوانیان ، دواتر جوتیارەکە بووە خاوەنی بیرەکە.

Even after selling the well to the farmer, Iqbal continued to fetch water from the well. Angered by this, the farmer had come to get justice from King Akbar.

کەچی دوای فرۆشتنی بیرەکەش بە جوتیارەکە ، ئیقبال بەردەوام بوو لە هێنانی ئاو لە بیرەکەوە. توڕەبوو بەهۆی ئەمە ، جوتیارەکە هات بۆئەوەی مافی خۆی وەرگرێتەوە لەلایەن پاشا ئەکبەڕەوە.

King Akbar asked Iqbal the reason for fetching water from the well even after selling it to the farmer.

پاشا ئەکبەڕ پرسیاری هۆکاری هێنانی ئاوی لە بیرەکەوە لە ئیقبال کرد تەنانەت دوای فرۆشتنیشی بە جوتیارەکە.

Iqbal replied that he had sold only the well to the farmer but not the water inside it.

ئیقبال وەڵامی دایەوە کە ئەو تەنها بیرەکەی بە جوتیارەکە فرۆشتووە بەڵام ئاوەکەی ناوی نا.

King Akbar wanted Birbal who was present in the court listening to the problem to solve the dispute.

پاشا ئەکبەڕ دەیویست بیرباڵ کە لە دادگایەکە ئامادەبوو گوێ لە کێشەکە بگرێ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکە.

Birbal came forward and gave a solution. He said Iqbal, You say that you have sold only the well to the farmer. And you claim that the water is yours. Then how come you can keep your water inside another person's well without paying rent?

بیربال هاتە پێشەوە و چارەسەرێکی پێشنیارکرد. گووتی ئیقبال ، تۆ دەڵێی کە تەنها بیرەکەت بە جوتیارەکە فرۆشتووە. وە تۆ بانگەشە دەکەی کە ئاوەکە هی تۆیە. لەو حاڵەتە تۆ چۆن دەتوانی ئاوی خۆت هەڵگری لەناو بیری کەسێکی تر بەبێ ئەوەی کرێ بدەی؟

Iqbal's trickery was countered thus in a tricky way. The farmer got justice and Birbal was fairly rewarded.

فێڵبازی ئیقبال بەم شێوەیە بەرهەڵستی کرا بە ڕێگەیەکی زیرەکانە. جوتیارەکە مافی بەدەستهێنا و بیربال بەدادپەروەرانە خەڵات کرا.

Translated by : Hatam Kareem

Well→→→ بیر

dispute→→→ ناکۆکی ، دەمەقاڵێ ، کێشە

complaint→→→ سکاڵا

court→→→ دادگا ، کۆشکی شاهانە

possess→→→ خاوەن ، هەیەتی

irrigation→→→ ئاودان

purpose→→→ مەبەست

therefore→→→ بۆیە ، لەبەرئەوە

signed an agreement→→→ ڕازیبوون لە نێوانیان پاشان ڕێککەوتنەکەیان پوخت دەکەنەوە بە نوسینی ناوەکانیان

own→→→ دەبێتە خاوەن ، هەیەتی

even→→→ تەنانەت ، کەچی

fetch→→→ هێنان

justice→→→ دادپەروەری ، ماف

present→→→ ئامادەبوون

come forward→→→ هاتنە پێشەوە

claim→→→ بانگەشە کردن

paying→→→ پارەدان

rent→→→ کرێ

trickery→→→ فێڵبازی

counter→→→ بەرهەڵستی کردن

tricky→→→ زیرەکانە

fairly→→→ دادوپەروەرانە

reward→→→ خەڵات کردن

چیرۆکی حەڤدەیەم

## Marbles and Sweets

## کەڵا و شیرینیەکان

A boy and a girl were playing together. The boy had a collection of marbles. The girl had some sweets with her. The boy told the girl that he will give her all his marbles in exchange for her sweets. The girl agreed.

کوڕێک و کچێک پێکەوە یاریان دەکرد. کوڕەکە کۆمەڵێک کەڵای هەبوو. کچەکە هەندێک شیرینیی خۆی پێبوو. کوڕەکە بە کچەکەی گووت کە هەموو کەلاکانی خۆی پێدەدات بە گۆڕینەوە لەگەڵ شیرینیەکانی. کچەکە ڕازیبوو.

The boy kept the biggest and the most beautiful marble aside and gave the rest to the girl. The girl gave him all her sweets as she had promised.

کوڕەکە گەورەترین و جوانترین کەڵای لە تەنیشت خۆی هەڵگرت و ئەوانی تری دا بە کچەکە. کچەکە هەموو شیرینیەکانی خۆی پێدا هەروەک بەڵێنی دابوو.

That night, the girl slept peacefully. But the boy couldn't sleep as he kept wondering if the girl had hidden some sweets from him the way he had hidden his best marble.

ئەو شەوە ، کچەکە بە هێمنی خەوت. بەڵام کوڕەکە نەیتوانی بخەوێ چونکە بیری دەکردەوە ئاخۆ کچەکە هەندێ شیرینی لێێ شاردۆتەوە بەو ڕێگایەی ئەو باشترین کەڵای شاردەوە.

Moral : If you don't give your hundred percent in any relationship, you will always worry if other is giving his or her hundred percent or not. Be honest and live peacefully.

وانە : ئەگەر تۆ سەدا سەدی هی خۆت نەدەی(بە کەسی بەرامبەر) لە هەر پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕ ، هەمیشە دڵەڕاوکێت دەبێ ئاخۆ ئەوی تر سەدا سەدی خۆی داوە یان نا. ڕاستگۆبە و بەهێمنی بژی.

Translated by : Hatam Kareem

marble→→→ مەرمەڕ ، کەڵا ، هەڵمات

collection→→→ کۆمەڵ ، بڕێکی زۆر لە

exchange→→→ ئاڵوگۆڕ

rest→→→ ئەوانی تر

peacefully→→→ بەهێمنی

wonder→→→ پرسیارکردن ، بیرکردنەوە

moral→→→ وانە

percent→→→ لەسەدا

relationship→→→ پەیوەندی ئاڵوگۆڕ

worry→→→ نیگەران

honest→→→ ڕاستگۆ

چیرۆکی هەژدەیەم

## Final Whistle

## فیکەی کۆتایی

I watched a local football match in a school playing ground.

As I sat down, I asked one of the boys what the score was.

With a proud smile, he replied; 'They are leading us 3-0' !!!

REALLY !!!

I have to say you don't look discouraged.

'Discouraged?' the boy asked with a puzzled look.

Why should I be discouraged when the referee has not blown the final whistle?

Truly, I didn't have an answer to this question!

As I got back home that night, his question became a course in my stay in life indeed.

سەیری یاریەکی ناوخۆیم دەرکرد لە ناوچەی یاریکردنی قوتابخانە.

کاتێک دانیشتم ، پرسیارم لە یەکێک لە کوڕەکان کرد ئەنجامەکەی چەندە؟ بە زەردەخەنەیەکی بە کەیفەوە ، وەڵامی دایەوە ، 'ئەوان 3 بە 0 لەپێشمانن'!!!

بەڕاستی!!!

دەبێت بڵێم تۆ بێ ورە دیارنییت.

'بێ ورە؟' کوڕەکە بەسەرسوڕمانەوە پرسیاری کرد.

بۆچی دەبێ بێ ورەبم کاتێک ناوبژیوانەکە فیکەی کۆتایی لێنەداوە؟

بەڕاستی ، من وەڵامێکم بۆ ئەو پرسیارەم لانەبوو!

کاتێک گەڕامەوە ماڵەوە لەو شەوە ، بەڕاستی پرسیارەکەی بووە ڕێچکەیەک لە مانەوەم لە ژیاندا.

Life is like a game.

Why should you be discouraged when your referee... The Almighty has not blown the final whistle on your life?

The truth is that as long as there is life, nothing is impossible & it is never too late for you.

Half time is not full time & HIS calendar is not man's.

Dont blow the whistle on yourself.

Have an awesome life and with less stress.

ژیان وەکو یاریەک وایە.

بۆچی دەبێ تۆ بێ هیوابی کاتێک ناوبژیوانی تۆ.... خودای گەورە فیکەی کۆتایی ژیانتی لێنەداوە؟

ڕاستیەکە ئەوەیە هەتاکو ژیان هەبێ ، هیچ شتێک مەحاڵ نییە وە هەرگیز زۆر درەنگ نییە بۆ تۆ.

نیوەی کات هەموو کات نییە وە ساڵنامەی ئەو هی مرۆڤایەتی نییە.

بەخۆت فیکەکە لێمەدە

ژیانێکی زۆر باشت هەبێ بە گوشاری کەمتر.

Translated by : Hatam Kareem

whistle→→→ فیکە

match→→→ یاری

local→→→ ناوخۆیی

score→→→ ئەنجام

proud→→→ بە کەیف ، ئاسودە

lead→→→ لەپێش

discourage→→→ بێ ورە ، بێ هیوا

referee→→→ ناوبژیوان

blow→→→ فیکەلێدان

get back→→→ گەڕانەوە

course→→→ ڕێچکە ، ڕێڕەو

indeed→→→ بەڕاستی

The almighty→→→ الله ، خودای گەورە

as long as→→→ هەتا ، هەتاکو

impossible→→→ مەحاڵ

calendar→→→ ساڵنامە

awesome→→→ کاریگەر ، زۆر باش

stress→→→ گوشار ، فشار

## چیرۆکی نۆزدەیەم

## Happiest Bird in the world

## دڵخۆشترین باڵندە لە جیهاندا

A crow lived in the forest and was absolutely satisfied in life. But one day he saw a swan.

'This swan is so white,' he thought, 'and I am so black. This swan must be the happiest bird in the world.'

He expressed his thoughts to the swan.

'Actually,' the swan replied, 'I was feeling that I was the happiest bird around until I saw a parrot, which has two colors. I now think the parrot is the happiest bird in creation.'

قەلەڕەشێک لە دارستانەکە دەژیا وە بەتەواوی ڕازی بوو لە ژیان. بەڵام ڕۆژێک قازێکی بینی.

'قازەکە زۆر سپییە ، 'پێی وابوو ، 'وە من زۆر ڕەشم. ئەو قازە دەبێ دڵخۆشترین باڵندەی جیهان بێ.'

ئەو بیرکردنەوەکانی خۆی دەربڕی بۆ قازەکە.

قازەکە وەڵامی دایەوە ، 'لە ڕاستیدا ، 'من هەستم دەکرد کە من دڵخۆشترین باڵندەم لە هەموو شوێنێک هەتا تووتیەکم بینی ، کە دوو ڕەنگی هەیە. ئێستا پێم وایە تووتیەکە دڵخۆشترین باڵندەیە لە جیهان.'

The crow then approached the parrot. The parrot explained, 'I lived a very happy life until I saw a peacock. I have only two colors, but the peacock has multiple colors.'

The crow then visited a peacock in the zoo and saw that hundreds of people had gathered to see him. After the people had left, the crow approached the peacock.

'Dear peacock,' the crow said, 'you are so beautiful. Every day thousands of people come to see you. When people see me, they immediately shoo me away. I think you are the happiest bird on the planet.' The peacock replied, 'I always thought that I was the most beautiful and happy bird on the planet. But because of my beauty, I am entrapped in this zoo. I have examined the zoo very carefully, and I have realized that the crow is the only bird not kept in a cage. So for past few days I have been thinking that if I were a crow, I could happily roam everywhere.'

دواتر قەلەڕەشەکە قسەی بۆ تووتیەکە کرد. تووتیەکە ڕوونی کردەوە ، 'ژیانێکی زۆر دڵخۆش دەژیام هەتا تاوسێکم بینی. من تەنها دوو ڕەنگم هەیە. بەڵام تاوسەکە جۆرەها ڕەنگی هەیە.' دواتر قەلەڕەشەکە سەردانی تاوسێکی کرد لە باخچەی ئاژەڵان و بینی کە هەزاران خەڵک کۆببونەوە بۆ بینینی ئەو. دوای ئەوەی خەڵکەکان ڕۆیشتن ، قەلەڕەشەکە بەرەو تاوسەکە چوو. قەلەڕەشەکە گووتی ، 'تاوسی ئازیز ، 'تۆ زۆر جوانی. هەموو ڕۆژێ هەزاران خەڵک دێن بۆ بینینی تۆ. کاتێک خەڵک من دەبینن ، یەکسەر بەجێمدێڵن. پێموایە تۆ دڵخۆشترین باڵندەی لەسەر هەسارەکە(زەوی).' تاوسەکە وەڵامی دایەوە ، ' 'هەمیشە پێموابوو من جوانترین و دڵخۆشترین باڵندەی سەر زەویم. بەڵام بەهۆی جوانییەکەمەوە ، من لە باخچەی ئاژەڵان دانراوم ، زۆر بە وردی باخچەی ئاژەڵانم پشکنی ، وە بینیم کە قەلەڕەش تەنها باڵندەیە لە قەفەزێک نەماوەتەوە. بۆیە لە هەندێ ڕۆژی ڕابردوو بیرم دەکردەوە کە ئەگەر قەلەڕەشێک بوومایە ، دەمتوانی بە دڵخۆشی بگەڕێم لە هەموو شوێنێک.'

Moral of the story - we always underestimate our virtue and overestimate others.

وانەی چیرۆکەکە - ئێمە هەمیشە تواناکانی خۆمان بچووک دەبینین وە ئی ئەوانی تر بە زۆرتر هەڵدەسەنگێنین.

Translated by : Hatam Kareem

crow→→→ قەلەڕەش

absolutely→→→ تەواو ، بەتەواوی

satisfied→→→ قایل ، دڵشاد ، ڕازی

swan→→→ قاز

express→→→ دەربڕین ، ئاشکراکردن

actually→→→ لە ڕاستیدا

around→→→ لە هەموو شوێنێک

until→→→ تاکو ، هەتا

creation→→→ جیهان

approach→→→ قسە لەگەڵ کردن ، بەرەو ئەوێ چوون

parrot→→→ تووتی

explain→→→ ڕوون کردنەوە

peacock→→→ تاوس

multiple→→→ جۆرەها ، زۆر

gather→→→ کۆبوونەوە

immediately→→→ یەکسەر

shoo→→→ دەترسێ ، دەتۆقێ

shooed him away→→→ بەجێهێشتن

planet→→→ گۆی زەوی ، هەسارە

entrap→→→ گیران ، دانراو

examine→→→ تێدەڕوانێت ، پشکنین

carefully→→→ بەوردی

realize→→→ پێدەزانێ ، تێگەیشتن ، بینین

cage→→→ قەفەز

roam→→→ گەڕان

underestimate→→→ بچووک بینین

virtue→→→ بەها ، توانا

overestimate→→→ بە زۆرتر خەملاندن

چیرۆکی بیستەم

## COST OF THE BELL

## نرخی زەنگۆڵەکە

Everyday, a shepherd used to take his cows for grazing. He had tied a bell to each of the cows he had so that he could know where they were grazing. The best cow had a costly bell tied around her neck.

هەموو ڕۆژێک ، شوانێک چێڵەکانی دەبرد بۆ لەوەڕاندن. زەنگۆڵەیەکی بەستبوو بە هەریەکێک لەو چێڵانەی هەیبوون بۆئەوەی بزانێ لەکوێ دەلەوەڕێن. باشترین چێڵ زەنگۆڵەیەکی گرانبەهای بەدەوری ملی بەسترابوو.

One day, a stranger was going through the pasture. Seeing the costly bell around the cow's neck, he went to the shepherd and asked if he would sell the bell.

ڕۆژێکیان ، کەسێکی نامۆ بەناو لەوەڕگایەکە دەڕۆیشت. زەنگۆڵە گرانبەهایەکەی بینی بەدەوری ملی چێڵەکە ، ڕۆیشت بۆ لای شوانەکە و پرسیاری کرد ئاخۆ زەنگۆڵەکە دەفرۆشێ.

Out of greed, the shepherd sold the bell. But now he could not know where his best cow was grazing.

لەبەر چاوچنۆکی ، شوانەکە زەنگۆڵەکەی فرۆشت. بەڵام ئێستا نازانێ باشترین چێڵی لەکوێ دەلەوەڕێ.

On getting an opportunity, the stranger stole the cow. Thus, the shepherd lost his best cow just because of his greed.

لەکاتی دەستکەوتنی دەرفەتێک ، کەسە نامۆیەکە چێڵەکەی دزی. بەم شێوەیە ، شوانەکە باشترین چێڵی لەدەستچوو تەنها بەهۆی چاوچنۆکیەکەی.

Translated by : Hatam Kareem

cost→→→ بەها ، نرخ

bell→→→ زەنگۆڵە

shepherd→→→ شوان

grazing→→→ لەوەڕاندن

tie→→→ دەبەستێت

so that→→→ بۆ ئەوەی ، تاکو

costly→→→ گرانبەها

neck→→→ مل

stranger→→→ کەسێکی نامۆ

through→→→ لەناو

pasture→→→ لەوەڕگا

out of→→→ لەبەر

greed→→→ چاوچنۆکی

get→→→ دەستکەوتن

opportunity→→→ دەرفەت ، هەل

stole→→→ دەدزێ

thus→→→ بەم شێوەیە ، بەم جۆرە

because of→→→ بەهۆی ، بەبۆنەی ، لەسایەی

## چیرۆكی بیست و یەكەم

### THE SELFISH HORSE

### ئەسپە خۆپەرستەكە

Once, a trader had a donkey and a horse. Everyday, he would load the donkey heavily and go to the city to sell things.

جارێكیان ، بازرگانێك گوێدرێژێك و ئەسپێكی هەبوو. ڕۆژانە ، گوێدرێژەكەی بەقورسی باردەكرد و دەچوو بۆ شارەكە بۆ فرۆشتنی شتەكان.

One hot day, the donkey started feeling dizzy. He asked the horse to take some of his load but the horse refused saying that it was not his duty to carry loads.

ڕۆژێكی گەرم ، گوێدرێژەكە هەستی بە گێژبوون كرد. داوای لە ئەسپەكە كرد هەندێك لە بارەكەی هەڵبگرێ بەڵام ئەسپەكە ڕەتی كردەوە گووتی كە ئەركی ئەو نییە بار هەڵبگرێ.

Soon the donkey fell down and died due to extreme heat. The trader put all the load on the horse's back and continued his journey.

دەستبەجێ گوێدرێژەكە كەوت و مرد بەهۆی گەرمای زۆر. بازرگانەكە هەموو بارەكەی باركرد لەسەر پشتی ئەسپەكە و گەشتەكەی بەردەوامی پێدا.

So, it's true that one who does not help his friend in need has to himself face problems in the long run.

بۆیە ، ئەوە ڕاستە كە كەسێك كە یارمەتی هاوڕێیەكەی نادات لەكاتی پێویستی پێویستە لەكۆتایدا خۆی ڕووبەڕووی كێشەكان ببێتەوە .

Translated by : Hatam Kareem

selfish→→→ خۆپەرست

trader→→→ بازرگان

load→→→ باركردن

heavily→→→ بەقورسی ، بەگرانی

dizzy→→→ گێژبوون

take→→→ هەڵگرتن

duty→→→ ئەرك

carry→→→ هەڵگرتن

fell down→→→ كەوتن

due to➡➡➡ بەهۆی

extreme➡➡➡ ئەوپەڕی ، زۆر

put on➡➡➡ دانان ، بارکردن

back➡➡➡ پشت

journey➡➡➡ گەشت

in need➡➡➡ لەکاتی پێویستی

face➡➡➡ ڕووبەڕوبوونەوە

in the long run➡➡➡ لە کۆتایدا

چیرۆکی بیست و دووەم

## THE HAUNTED HOUSE

##ماڵەکە دێوی تێدایە

Peter shifted to a new house with his parents. The neighbours told them that the house was haunted but the family didn't believe them.

پیتەر لەگەڵ دایک و باوکی گواستیانەوە بۆ ماڵێکی نوێ لەگەڵ. دراوسێیەکان پێیان گوتن کە خانووەکە دێوی تێدایە بەڵام خێزانەکە باوەڕیان پێنەکردن.

One day, when Peter was sleeping in his room, he heard some noises from the next room. He got scared and shouted in fear. His parents quickly came to his rescue.

ڕۆژێکیان ، کاتێک پیتەر خەوتبوو لە ژوورەکەی ، گوێی لە هەندێ دەنگە دەنگ بوو لە ژوورەکەی تەنیشتیەوە. ترسا و لە ترسان هاواری کرد. دایک و باوکی بەخێرایی هاتن بۆ ڕزگارکردنی.

Peter told them that there was a ghost in the other room. When they went there, they saw a mouse running here and there.

پیتەر پێی گووتن کە خێوێک هەیە لە ژوورەکەی تر. کاتێک چوونە ئەوێ ، مشکێکیان بینی لەوێ بۆ ئەوێ ڕایدەکرد.

Seeing this Peter laughed and his parents made him understand that there is nothing like ghosts in this world.

پیتەر ئەوەی بینی پێکەنی و دایک و باوکی تێیان گەیاند کە هیچ شتێکی وەکو دێو لەو جیهانە نییە.

Translated by : Hatam Kareem

Haunted→→→ دێوی تێدایە

shift→→→ گواستنەوە ، گوێزرانەوە

neighbour→→→ دراوسێ

noise→→→ دەنگە دەنگ ، ژاوە ژاو

scare→→→ ترسان

shout→→→ هاوارکردن ، قیژاندن

rescue→→→ ڕزگارکردن

ghost→→→ خێو ، تارمایی

here and there→→→ لەوێ بۆ ئەوێ

## چیرۆكی بیست و سێیەم

# THE ART OF DRAWING

# هونەری وێنەکێشان

Ronnie, a small boy was very fond of drawing but his father didn't allow him to do. One day he was sitting on a windowsill when he saw a red car parked outside his house. He made a sketch of it.

ڕۆنی ، کوڕێکی بچووک بوو زۆر خولیای وێنەکێشان بوو بەڵام باوکی ڕێگەی نەدەدا بیکا. ڕۆژێکیان لەسەر لێواری ژێرەوەی پەنجەرەیەک دانیشتبوو کاتێک ئۆتۆمبێلێکی سووری بینی لەدەرەوەی ماڵەکەی وەستابوو. وێنەیەکی ئەوی دروستکرد.

Next day, the police came to his house to enquire about a red car that belonged to a gangster. Ronnie showed them his sketch from which the police got the information about the model of the car and its number too.

ڕۆژی دواتر ، پۆلیسەکان هاتن بۆ ماڵەکەی بۆ پرسیارکردن دەربارەی ئۆتۆمبێلێکی سوور کە هی تاوانبارێک بوو. ڕۆنی وێنەکەی خۆی پیشاندان لەوەوە پۆلیس زانیاریان دەستکەوت دەربارەی نموونەی ئۆتۆمبێلەکە و هەروەها ژمارەکەیشی.

After few days, the police came and said that because of Ronnie's sketch, the gangster was caught. Ronnie's father praised him and then never stopped him from drawing.

دوای چەند ڕۆژێکی کەم ، پۆلیس هاتن و گووتیان کە بەهۆی وێنەکەی ڕۆنی ، دزەکە گیراوە ، باوکی ڕۆنی ئافەرینی لێ کرد و لەمەودا کۆسپی لەبەردەم دانەنا لە وێنەکێشانەوە.

Translated by : Hatam Kareem

fond→→→ خولیا

allow→→→ ڕێگەدان

windowsill→→→ بنکی پەنجەرە ، لێواری ژێرەوەی پەنجەرە

park→→→ وەستان ، ڕۆیشتن

sketch→→→ وێنە ، نەخشەکێشان

enquire→→→ پرسیارکردن

belong to→→→ هی

gangster→→→ تاوانبار ، دز ، پیاوخراپ

caught→→→ گرتن

praise→→→ ئافەرین لێ کردن ، ستایش کردن

## چیرۆکی بیست و چوارەم

# Helpless love

# خۆشەویستی نائومێدبوو

Once upon a time all feelings and emotions went to a coastal island for a vacation. According to their nature, each was having a good time. Suddenly, a warning of an impending storm was announced and everyone was advised to evacuate the island.

رۆژێکیان هەموو هەست و سۆزەکان چوون بۆ کەناری دوورگەیەک بۆ پشوو وەرگرتنێک. بەپێی سرووشتی خۆیان ، هەریەکەیان دڵخۆش بوون. لەناکاو ، ئاگادارییەکی زریانێکی چاوەڕواننەکراو جاڕدرا و هەموویان پێیان گوترا دوورگەکە چۆڵبکەن.

The announcement caused sudden panic. All rushed to their boats. Even damaged boats were quickly repaired and commissioned for duty.

ئاگادارییەکە بووە هۆی ترسانێکی لەناکاو. هەموویان بەپەلە بەرەو بەلەمەکانیان چوون. تەنانەت بەلەمە تێکچووەکانیش بەخێرایی چاککرانەوە و بەکارهێنران بۆ کار.

Yet, Love did not wish to flee quickly. There was so much to do. But as the clouds darkened, Love realised it was time to leave. Alas, there were no boats to spare. Love looked around with hope.

هێشتا ، خۆشەویستی نەیدەویست بەخێرایی ڕابکا. زۆر شت هەبوو بیانکات. بەڵام کە هەورەکان تاریک بوون ، خۆشەویستی زانی کاتی ڕۆیشتنە. داخی گرانم ، هیچ بەلەمێکی زیادە نەبوو. خۆشەویستی بەهیواوە سەیری دەوروبەری کرد.

Just then Prosperity passed by in a luxurious boat. Love shouted, “Prosperity, could you please take me in your boat?”

لەو کاتەدا سەرکەوتن تێپەری بەلای لەناو بەلەمێکی گرانبەها. خۆشەویستی هاواری کرد ، “سەرکەوتن ، تکایە دەتوانی بە بەلەمەکەت لەگەڵ خۆتم ببەی؟”

”No,” replied Prosperity, “my boat is full of precious possessions, gold and silver. There is no place for you.”

سەرکەوتن وەڵامی دایەوە ، “نەخێر” ، “بەلەمەکەم پڕە لە سامانی گرانبەها ، زێڕ و زیو. هیچ شوێنێک نییە بۆ تۆ.”

A little later Vanity came by in a beautiful boat. Again Love shouted, “Could you help me, Vanity? I am stranded and need a lift. Please take me with you.”

کەمێک دواتر لەخۆباییبوون لە بەلەمێکی جوان گەیشتەلای. دووبارە خۆشەویستی هاواری کرد ، “لەخۆباییبوون ، دەتوانی یارمەتیم بدەی؟ من چەقیوم و پێویستم بە بەرزکەرەوەیەک هەیە. تکایە لەگەڵ خۆتم ببە.”

Vanity responded haughtily, “No, I cannot take you with me. My boat will get soiled with your muddy feet.”

لەخۆباییبوون بە فیزەوە وەڵامی دایەوە ، “نەخێر ، ناتوانم لەگەڵ خۆمت ببەم. بەلەمەکەم پیسدەبێ بە پێیە قوڕاویەکانی تۆ.”

Sorrow passed by after some time. Again, Love asked for help. But it was to no avail. “No, I cannot take you with me. I am so sad. I want to be by myself.”

دوای چەند ساتێک خەم تێپەڕی. دووبارە ، خۆشەویستی داوای یارمەتی کرد. بەڵام. کەڵکی نەبوو. "نەخێر ، ناتوانم لەگەڵ خۆمت ببەم. زۆر دڵتەنگم. دەمەوێ بەتەنیابم."

When Happiness passed by a few minutes later, Love again called for help. But Happiness was so happy that it did not look around, hardly concerned about anyone.

کاتێک بەختەوەری تێپەڕی چەند خولەکێک دواتر ، خۆشەویستی دووبارە داوای یارمەتی کرد. بەڵام بەختەوەری زۆر دڵخۆشبوو تاڕادەیەک کە سەیری دەورووبەریشی نەدەکرد. بەدەگمەن نیگەران دەبوو دەرباری کەسێک.

Love was growing restless and dejected. Just then somebody called out, "Come Love, I will take you with me." Love did not know who was being so magnanimous, but jumped on to the boat, greatly relieved that she would reach a safe place.

خۆشەویستی بێ ئۆقرە و دڵتەنگی زیاد بوو. ڕێک لەو کاتەدا کەسێک هاواری کرد ، "وەرە خۆشەویستی ، من لەگەڵ خۆمت دەبەم." خۆشەویستی نەیزانی کێ ئەوەندە میهرەبانە ، بەڵام بازیدا بۆ سەر بەلەمەکە ، زۆر هێوربوویەوە کە گەیشتە شوێنێکی سەلامەت.

On getting off the boat, Love met Knowledge. Puzzled, Love inquired, "Knowledge, do you know who so generously gave me a lift just when no one else wished to help?"

لەکاتی دابەزین لە بەلەمەکە ، خۆشەویستی چاوی بە زانیاری کەوت. شڵەژا ، خۆشەویستی پرسیاری کرد ، "زانیاری ، تۆ دەزانی کێ زۆر بە بەخشندەیی بەرزکەرەوەیەکی پێدام ڕێک لەوکاتەی هیچ کەسی تر نەیاندەویست یارمەتیم بدەن؟"

Knowledge smiled, "Oh, that was Time."

زانیاری زەردەخەنەی کرد ، "ئۆە ، ئەوە کات بوو."

"And why would Time stop to pick me and take me to safety?" Love wondered.

"وە بۆچی کات ڕاوەستا بۆ هەڵگرتنم و منی هەڵگرت بماپارێزێ؟" خۆشەویستی پرسیاری کرد.

Knowledge smiled with deep wisdom and replied, "Because only Time knows your true greatness and what you are capable of. Only Love can bring peace and great happiness in this world."

زانیاری پێکەنی بە ژیریەکی قوڵەوە و وەڵامی دایەوە ، "چونکە تەنها کات دەزانێ گەورەیی ڕاستەقینەی تۆ چەندە و تۆ چەند لێهاتووی. تەنها خۆشەویستی دەتوانێ ئاشتی و بەختەوەری زۆر بهێنێ لەو جیهانەدا."

"The important message is that when we are prosperous, we overlook love. When we feel important, we forget love. Even in happiness and sorrow we forget love. Only with time do we realize the importance of love. Why wait that long? Why not make love a part of your life today?"

"پەیامە گرنگەکە ئەوەیە کە کاتێک ئێمە سەرکەوتوو دەبین ، بۆ خۆشەویستی دەڕوانین. کاتێک هەست بە گرنگی دەکەین ، خۆشەویستی لەبیردەکەین. تەنانەت لەکاتی بەختەوەری و خەم خۆشەویستی لەبیردەکەین. تەنها لەگەڵ کات لە گرنگی خۆشەویستی تێدەگەین. بۆچی زۆر چاوەڕوان بکەین؟ بۆچی خۆشەویستی نەکەینە بەشێکی ژیانی ئەمڕۆمان؟

Translated by : Hatam Kareem

once upon a time➞➞➞ (لە سەرەتای چیرۆک بەکاردێت) ڕۆژێکیان ، ڕۆژێک لە ڕۆژان

hopeless➞➞➞ بێ هیوا ، نائومێد

emotion→→→ سۆز

coastal→→→ كەنار ، ڕۆخ

vacation→→→ پشوو

according to→→→ بەگوێرەی ، بەپێی

impending→→→ چاوەڕوان نەكراو ، خەریكە ڕوودات

announce→→→ جاڕدەدا ، ڕاگەیاندن

evacuate→→→ چۆڵكردن

announcement→→→ ئاگاداری ، جاڕدان

panic→→→ ترسان ، تۆقین

rush→→→ بەپەلە

damage→→→ تێكچوو ، وێران

repair→→→ چاككردنەوە

commission→→→ بەكارهێنان

duty→→→ ئەرک ، كار

flee→→→ ڕاكردن

realise→→→ زانین ، تێگەیشتن

alas!→→→ داخی گرانم ، ئاخ ، حەیف

spare→→→ زیادە ، هیتر

prosperity→→→ سەركەوتن

luxurious→→→ گرانبەها

precious→→→ بەنرخ ، گرانبەها

possession→→→ سامان

vanity→→→ لەخۆبایی بوون

come by→→→ گەیشت

strained→→→ چەقیوو ، ڕێ لێگیراو

lift→→→ هەڵگرتن ، بەرزكردنەوە

respond→→→ وەڵامدانەوە

haughtily→→→ بەفیزەوە

soil→→→ پیسبوون

muddy→→→ قوڕاوی

sorrow→→→ خەم ، پەژارە

avail→→→ بەسوودبوون ، بەکەڵک بوون

by myself→→→ بەتەنیا

hardly→→→ بەدەگمەن ، زۆر کەم

concern→→→ نیگەران ، پەرۆش

restless→→→ بێ ئۆقرە ، بێ ئارام

dejected→→→ دڵتەنگ

call out→→→ بانگ کردن ، هاوارکردن

magnanimous→→→ جوامێر ، میهرەبان ، چاکەکار

greatly→→→ زۆر

relieve→→→ حەسانەوە ، سووکنایی پێدان ، هێوربوونەوە

get off→→→ دابەزین

knowledge→→→ زانیاری

puzzled→→→ شڵەژان

inquire→→→ پرسیارکردن

generously→→→ بەخشندەیی

wander→→→ پرسیارکردن

wisdom→→→ ژیری

capable of→→→ لێهاتوو ، بەتوانا

peace→→→ ئاشتی

prosperous→→→ سەرکەوتن

overlook→→→ ڕووانین

even→→→ تەنانەت

## چیرۆکی بیست و پێنجەم

# The Little Wave

# شەپۆڵە بچووکەکە

The story is about a little wave, bobbing along in the ocean, having a grand old time.

چیرۆکەکە دەربارەی شەپۆلێکی بچووکە ، بەقەراغ زەریادا دەجووڵێ ، دڵخۆشیەکی جارانی هەیە.

He's enjoying the wind and the fresh air – until he notices the other waves in front of him, crashing against the shore. "My God, this terrible", the wave says. "Look what's going to happen to me!"

ئەو چێژی دەبینی لە با و هەوا خاوێنە بێگەردەکە- هەتا تێبینی شەپۆڵەکانی تری کرد لەپێشی ، دەکەوتن بەسەر کەنارەکە. "ئای خودایە ، ئەوە سامناکە" ، شەپۆڵەکە گووتی. "تەماشاکە چیم بەسەردێ!"

Then along comes another wave. It sees the first wave, looking grim, and it says to him: "Why do you look so sad?"

پاشان لەقەراغەوە شەپۆلێکی تر هات. شەپۆلی یەکەمی بینی ، دڵتەنگ دیاربوو ، وە پێی گووت : بۆچی زۆر خەمبار دیاری؟"

The first wave says: "You don't understand! We're all going to crash! All of us waves are going to be nothing! Isn't it terrible?"

شەپۆلی یەکەم ووتی : "تۆ تێناگەی! ئێمە هەموومان پێکدادەکەوین! هەموو ئێمەی شەپۆڵەکان نابین بە هیچ! ئەوە سامناک نییە؟"

The second wave says: "No, you don't understand. You're not a wave, you're part of the ocean."

شەپۆلی دووەم ووتی : "نەخێر ، تۆ تێناگەی. تۆ شەپۆلێک نییت ، تۆ بەشێکی زەریای."

By Mitch Albom in "Tuesdays with Morrie"

لەلایەن میچ ئەڵبوم لە "سێشەممان لەگەڵ مۆری"

"Sometimes we need to quit thinking only about ourselves, and look at the bigger picture!" – Amy Alusa

"هەندێ جار ئێمە پێویستە وازبێنین لە بیرکردنەوە تەنها لە خۆمان وە تەماشای وێنیەکی گەورەتر بکەین" _ ئامی ئلوسە

Translated by : Hatam Kareem

wave→→→ شەپۆل

bob→→→ جووڵان

ocean→→→ زەریا ، ئۆقیانوس

grand→→→ دڵخۆشی

fresh air➞➞➞ هەوای خاوێنی بێگەرد

crash➞➞➞ پێداکەوتن

against➞➞➞ بەسەر

my God➞➞➞ ئای خوایە

terrible➞➞➞ سامناک ، تۆقێنەر ، ترسناک

grim➞➞➞ مۆن ، دڵتەنگ

## چیرۆکی بیست و شەشەم

# King Bruce and the Spider

# پاشا پرووس و جاڵجاڵۆکەکە

There was a king in Scotland. His name was Robert Bruce. He fought many battles and won them. But once he was badly defeated.

پاشایەک هەبوو لە سکۆتلەندا. ناوی ڕۆبێرت بروس بوو.لە چەندین جەنگ شەڕی کرد و جەنگەکانی بردەوە. بەڵام جارێکیان بەخراپی شکا.

He ran away from the battle field to save his life. He took shelter in a cave where he hid himself. He was immersed in deep sorrow and out of disappointment he gave up all hope and struggle.

لە مەیدانی شەڕ هەڵهات بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆی. پەناگەی دۆزیەوە لە ئەشکەوتێک لەوشوێنە خۆی شاردەوە. نوقم بوو لە پەژارەیەکی زۆر وە بەهۆی نائومێدییەوە دەستبەرداری هەموو هیوا و هەوڵەکانی بوو.

But one day he saw a spider in that cave. It was trying to reach the roof of the cave where it had a cobweb. It made six attempts to reach its web but every time it slipped down.

بەڵام ڕۆژێکیان لەو ئەشکەوتە جاڵجاڵۆکەیەکی بینی. هەوڵیدەدا بگاتە بنمیچی ئەشکەوتەکە لەوشوێنەی تۆڕی جاڵجاڵۆکەیەکی هەبوو. شەش جار هەوڵیدا بۆ گەیشتن بە تۆڕەکەی بەڵام هەموو جارێ دەخلیسکایە خوارەوە.

Now the king got interested and watched the spider carefully. He was astonished to see that spider did not lose heart but continued its efforts to reach up at the top. At the seventh attempt the spider was successful in its attempt of reaching its web.

لەو کاتەدا پاشاکە پەرۆش بوو وە بەوریاییەوە تەماشای جاڵجاڵۆکەکەی دەکرد. سەرسامبوو بینی کە جاڵجاڵۆکە نائومێد نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی بەردەوام بوون بۆ گەیشتنە سەر لوتکەکە. لە هەوڵی حەوتەم جاڵجاڵۆکەکە لە هەوڵەکانی گەیشتنە تۆڕەکەی سەرکەوتوو بوو.

This incident boosted up the spirit of King Bruce. He gained new strength and fresh courage. He gathered his forces and fought another battle.

ئەو ڕووداوە ئازایی پاشا بروسی زیادکرد. هێزێکی نوێ و ئازایەتیەکی تازەی بەدەستهێنا. هێزەکانی کۆکردەوە و جەنگێکی تری کرد.

This time he fought with new vigour and enthusiasm and was ultimately successful in making his country free.

ئەو جارە شەڕی لەگەڵ هێزێکی نوێ و چالاک کرد وە لەکۆتایدا سەرکەوتوبوو لە ئازادکردنی وڵاتی خۆی.

Moral: Try, try, try again

وانە : هەوڵدە ، هەوڵدە ، دووبارە هەوڵدە

Translated by : Hatam Kareem

spider→→→ جاڵجاڵۆکە

fought→→→ شەڕی کرد

battle→→→ جەنگ

defeat→→→ بەزین ، شکان

run away→→→ ڕاکردن ، هەڵهاتن

battle field→→→ مەیدانی شەڕ

take shelter→→→ دۆزینەوەی پەناگا

hid→→→ دەشارێتەوە

immerse→→→ نووقم بوون

deep sorrow→→→ پەژارەیەکی زۆر

out of→→→ بەهۆی

disappointment→→→ نائومێدی

gave up→→→ دەستی لێهەڵگرتن ، وازی لێهێنا

struggle→→→ تێکۆشان

reach→→→ گەیشتن

roof→→→ بنمیچ ، سەقف

cobweb→→→ تۆڕی جاڵجاڵۆکە

attempt→→→ هەوڵدان

web→→→ تۆڕ

slip→→→ خزان ، خشان

interested→→→ پەرۆش ، ئارەزوومەند

lose heart→→→ نائومێدبوون ، بێ ورەبوون

effort→→→ هەوڵ

incident→→→ ڕووداو

boost→→→ زیادکردن

spirit→→→ ئازایی ، نەترسی

gain→→→ دەستکەوتن

strength→→→ هێز

fresh→→→ تازە

courage→→→ ئازایەتی

vigour→→→ هێز

enthusiasm→→→ پەرۆش ، چالاک

ultimately→→→ لەکۆتایدا

چیرۆکی بیست و حەفتەم

## Brother’s Love

## خۆشەویستی برا

In hospital, there was little girl who was suffering from a very rare and serious disease. She had little brother who was just 5 years old.

لە نەخۆشخانە ، کچێکی بچووک هەبوو کە دووچاری نەخۆشیەکی دەگمەن و مەترسیدار ببوو. برایەکی بچووکی هەبوو کە تەنها تەمەنی پێنج ساڵان بوو.

Her brother himself was suffering from same disease and miraculously he survived and had developed antibodies to combat that illness.

براکەی ئەو خۆی دووچاری هەمان نەخۆشی ببوو وە بەسەرسوڕهێنەری ڕزگاری بوو و دژەتەنەکەی گەشەی کردبوو بۆ بەرەنگاری ئەو نەخۆشیە.

Doctors found that girls only chance of recovery is blood transfusion from her 5 years old brother.

دکتۆرەکان زانیان ئەو کچە تەنها هەلی چاکبوونەوەی گواستنەوەی خوێنە لەبرا پێنج ساڵانەکەیەوە.

Doctors knew it will be a long process and boy had to go through medical process for transfusion so they decided to ask him first and make him comfortable before going ahead with transfusion.

دکتۆرەکان زانیان پرۆسەیەکی درێژ دەبێ و کوڕەکە پێویستبوو بەناو پرۆسەی پزیشکی گواستنەوەی خوێن بڕۆشتبایە بۆیە بڕیاریان دا یەکەمجار پرسیاری لێبکەن و دڵنیای بکەن پێش ئەوەی هەڵبستێ بە گواستنەوەی خوێنەکە .

So a doctor went to little kid and asked him, “If you give your blood to your sister then she will be healthy again. Are you willing to give your blood to your sister??”

بۆیە دکتۆرێک چووە لای منداڵە بچووکەکە و پرسیاری لێکرد ، " ئەگەر خوێنی خۆت بە خوشکەکەت ببەخشی ئەوکات دووبارە لەش ساغ دەبێتەوە. ئایا تۆ دەتەوێ خوێنی خۆت بە خوشکەکەت بدەی؟“

Kid hesitated for a while and then said, “Yes, I will do it. If it will save her..”

منداڵەکە ماوەیەک دوو دڵبوو و دواتر گووتی ، “بەڵێ ، دەیکەم. ئەگەر ئەوە ڕزگاری بکات.“

After the transfusion process started, boy was lying next to her sister’s bed smiling. slowly his smile faded and he looked up to doctor and asked in trembling voice, “Will i die right away??”

دوای ئەوەی پرۆسەی گواستنەوەی خوێن دەستپێکرد ، کوڕەکە لە تەنیشت جێگای خوشکەکەی پاڵکەوت زەردەخەنەی کرد. وردە وردە زەردەخەنەکەی نەما و چاوی لە دکتۆرەکە کرد و پرسیاری کرد بە دەنگێکی بەلەرزەوە. “ئێستا من دەمرم؟“

Boy misunderstood doctors when they asked him about giving blood to his sister.

کوڕەکە هەڵە لە دکتۆرەکان تێگەیشت کاتێ داوایان لێکرد دەربارەی بەخشینی خوێن بۆ خوشکی.

Doctor looked at innocent boy and thought to himself, “Boy thought that he had to give all the blood to her sister and after that he will die and yet he agreed to give blood to her and gave up his life for her.”

دکتۆر تەماشای کوڕە بێتاوانەکەی کرد و بیریکردەوە ، کوڕەکە پێی وابوو کە پێویستە ئەو هەموو خوێنەکە بداتە خوشکی و دوای ئەوە دەبێ بمرێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕازیبوو خوێنی پێبدا و دەستبەرداری ژیانی خۆی بێ بۆ ئەو.

Doctor went to boy and cleared what he had misunderstood.

دکتۆر چووە لای کوڕەکە و ڕوونیکردەوە چەندە هەڵە تێگەیشتووە.

Translated by : Hatam Kareem

suffering➞➞➞ ئازارجەشتن ، دووچاربوون

rare➞➞➞ دەگمەن

serious➞➞➞ مەترسیدار

disease➞➞➞ نەخۆشی

miraculously➞➞➞ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر

survive➞➞➞ ڕزگاربوون لە کارەسات

antibodies➞➞➞ دژەتەن

combat➞➞➞ بەرەنگاری

find➞➞➞ زانین ، بۆدەرکەوتن

recovery➞➞➞ چاکبوونەوە

blood transfusion➞➞➞ گواستنەوەی خوێن

transfuse➞➞➞ گواستنەوەی خوێن لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر

comfortable➞➞➞ ئاسوودە ، هێمن ، دڵنیا

go ahead with➞➞➞ هەڵدەستێت بە ، جێبەجێدەکات

hesitate➞➞➞ دوو دڵ بوون ، نیگەران بوون

for a while➞➞➞ ماوەیەک

lying➞➞➞ ڕاکشان

fade➞➞➞ نەمان ، ونبوون

look up to➞➞➞ چاوی لێ دەکات

tremble➞➞➞ لەرز

right away➞➞➞ ئێستا ، یەکسەر

misunderstand➞➞➞ هەڵە تێدەگات ، خراپ تێدەگات

innocent➞➞➞ بێ تاوان

## چیرۆکی بیست و هەشتەم

## The Dishonest Doctor

## دکتۆرە فێڵبازەکە

Once an old lady lost her eyesight and became blind. She called a doctor and agreed to pay him a very big amount if he cured her.

جارێکیان خانمێکی بەتەمەن بینینی لەدەستدا و کوێربوو. پزیشکێکی هێنا و ڕازیبوو برێکی زۆر پارەی پێبدا ئەگەر چاکی بکاتەوە.

But she will not give a single penny if she is not cured. Doctor daily came to her house for treatment.

بەڵام ئەو تاکە پێنییەکیشی پێنادا ئەگەر چاک نەبوویەوە. دکتۆر ڕۆژانە دەچووە ماڵەکەی بۆ چارەسەرکردن.

He started stealing lady's furniture and other valu-able things from the house. He took away everyday one thing from lady's house.

دەستیکرد بە دزینی کەلوپەلی ناوماڵ و شتە بەنرخەکانی تری خانمەکە لە ماڵەکەوە. هەموو ڕۆژێ یەک شتی دەبرد لە ماڵی خانمەکەوە.

So he delayed curing the lady. He cured the lady after he had removed all the furniture and valuable articles from the lady's house.

بۆیە چاککردنەوەی خانمەکەی دواخست. خانمەکەی چاککردەوە دوای ئەوەی هەموو کەلوپەلەکانی ناوماڵ و شتە بەنرخەکانی لە ماڵی خانمەکەوە بردبوو.

Now doctor demanded his fee from the lady. But she refused to pay the fees and said that she is not fully cured.

لەم کاتەدا دکتۆر داوای دەسهەقی خۆی کرد لە خانمەکەوە. بەڵام ڕەتی کردەوە دەسهەق بدات و گووتی کە بەتەواوی چاکنەبۆتەوە.

Doctor registered a case against her in the court. On being asked by the judge why she was not paying the fee, she told the court that her eye sight is not fully restored.

دکتۆر داوایێکی لەدژی تۆمارکرد لە دادگایەکە. لەکاتی پرسیاری لێکرا لەلایەن دادوەرەکە بۆچی دەستهەق نادات ، بە دادگاکەی گووت کە بینایی چاوەکانی بەتەواوی چاکنەبوونەتەوە.

She could not see her furniture and other articles in the house. The judge was very clever. He understood the matter and punished the doctor.

ئەو نەیتوانی کەلوپەلی ناوماڵ و شتەکانی تری خۆی ببینێ لە ماڵەکە. دادوەرەکە زۆر زیرەک بوو. لە کێشەکە تێگەیشت و دکتۆرەکەی سزادا.

Moral: Dishonesty never wins.

وانە : فێڵ هەرگیز سەرکەوتوونابێ

Translated by : Hatam Kareem

dishonest→→→ ناپاک ، فێڵباز ، قۆڵبڕ

eyesight→→→ بینین

called a doctor→→→ پزیشکێکی هێنا

pay→→→ پارەدان

cure→→→ چاکبوونەوە

penny→→→ پێنس ، دراوی بەریتانیە

treatment→→→ چارەسەرکردن

stealing→→→ دزی

furniture→→→ کەلوپەلی ناوماڵ

valuable→→→ بەنرخ ، بەسوود

take away→→→ بردن

delay→→→ دواخستن

article→→→ شت

remove→→→ بردن

demand→→→ داواکردن

fee→→→ کرێ ، پاردان ، دەسهەق

fully→→→ بەتەواوی

restore→→→ چاکبوونەوە

register→→→ تۆمارکردن

against→→→ لەدژی

court→→→ دادگا

matter→→→ کێشە ، بابەت

punish→→→ سزادان

## چیرۆکی بیست و نۆیەم

# Be the change

# ببە بە گۆڕانکاریەکە

A woman once came to Mahtma Gandhi and asked him to please tell her son to give up eating sugar. Gandhi ji asked the woman to bring the boy back in a week. Exactly one week later the woman returned, and Gandhi said to the boy, 'Please give up eating sugar.' The woman thanked the Mahatma, and, as she turned to go, asked him why he had not said those words a week ago.' Gandhi ji replied, 'Because a week ago, I had not given up eating sugar.'

جارێکیان ئافرەتێک هات بۆلای ماهاتما غاندی و داوای لێکرد تا بە کوڕەکەی بڵێ قایلی بکا دەست لە خواردنی شەکر هەڵگرێ. غاندی داوای لە ئافرەتەکە کرد کە هەفتەیەکی تر کوڕەکە بهێنێتەوە. ڕێک یەک هەفتە دواتر ئافرەتەکە گەڕایەوە ، وە غاندی بە منداڵەکەی گووت ، 'تکایە واز لە خواردنی شەکر بێنە'. ئافرەتەکە سوپاسی ماهاتمای کرد ، وە ، کاتێک ڕووی خۆی وەرگێڕا بۆ ڕۆیشتن ، پرسیاری لێکرد بۆچی ئەو قسانەی هەفتەیەک لەمەوبەر نەکرد. 'غاندی وەڵامی دایەوە ، چوونکە هەفتەیەک لەمەوبەر ، من وازم لە خواردنی شەکر نەهێنابوو.'

You must be the Change, You wish to see in the World. These are the words of the great Mahatma Gandhi.

تۆ پێویستە گۆڕانکاریەکە بیت ، کە ئارەزوودەکەی بیبینی لە جیهان. ئەوە قسەکانی ماهاتما غاندی مەزنن.

Translated by : Hatam Kareem

give up→→→ دەست لێهەڵگرتن

bring back→→→ هێنانەوە ، گەڕانەوە

exactly→→→ دەقاودەق ، ڕێک

word→→→ قسە

چیرۆکی سییەم

## Most Powerful

## بەهێزترین

Son is sitting on his chair. Father goes to the back side, keeps his hands on the shoulders of his son.

And father asks a question: Who is the most powerful man in the world?

کوڕەکە لەسەر کورسیەکەی دانیشتبوو. باوکی چووە لای پشتەوە ، دەستەکانی لەسەر شانەکانی کوڕەکەی دانا.

وە باوکەکە پرسیارێکی کرد : کێ بەهێزترین مرۆڤە لە جیهاندا؟

(Father expects that son will say- of course you dad.)

(باوکەکە وای بۆچوو کە کوڕەکەی دەڵێ - بێ گومان تۆ باوکە.)

Son proudly says: I am the most powerful person.

کوڕەکە بەشانازی بەخۆکردنەوە گووتی : من بەهێزترین کەسم.

Father feels shattered. With wet eyes tries to walk out of the office. But at gate asks once again- oh so you feel that you are most powerful.

باوکی هەستی بە تێکشکان کرد.بە چاوە تەڕەکانیەوە هەوڵیدا نووسینگەکە جێبهێڵێت. بەڵام لە نزیک دەرگاکە جارێکی تریش پرسیاری کردەوە - ئاە تا ئەم ڕادەیە هەستدەکەی کە تۆ بەهێزترینی.

Son says innocently :

کوڕەکە بەحورمەتەوە گووتی :

No, dad you are most powerful.

نەخێر ، باوکە تۆ بەهێزترینی

Father: but couple of minutes back you said that you are most powerful.

باوک : بەڵام دوو دەقە پێش ئێستا گوتت کە تۆ(مەبەستی کوڕەکەیە) بەهێزترینی.

Son: I said rightly. At that time your hands were on my shoulders. LOVE YOU DAD.

کوڕ : بەڕاستی گووتم. لەو کاتەدا دەستەکانت لەسەر شانم بوون. خۆشم دەوێی باوکە.

Moral of the story is : Without parents blessings we are nothing.

وانەی چیرۆکەکە ئەوەیە : بەبێ ڕێزگرتنی دایک و باوک ئێمە هیچ نیین.

Translated by : Hatam Kareem

powerful→→→ بەهێز

expect→→→ چاوەڕوان کردن ، وایبۆ دەچێت

proudly→→→ بەشانازیەوە

shattered→→→ حەپەسان ، تێکشکان

walk out→→→ جێهێشتنی شوێنێک بە وەڕسبوونەوە

gate→→→ دەرگا ، دەروازە

innocently→→→ بەحورمەتەوە ، بەشەرمەوە

couple→→→ دوو

blessing→→→ ڕێزگرتن

چیرۆکی سی و یەکەم

## KEEP YOUR EYES OPEN

## چاوەکانت بکەوە

Once upon a time there was a lion that grew so old that he was unable to kill any prey for his food. So, he said to himself, "I must do something to stay my stomach else I will die of starvation." He kept thinking and thinking and at last an idea clicked him. He decided to lie down in the cave pretending to be ill and then who will come to enquire about his health, will become his prey. The old lion put his wicked plan into practice and it started working. Many of his well-wishers got killed. But evil is short lived.

ڕۆژێکیان شێرێک هەبوو کە زۆر تەمەنی گەورەبوو تا ئەو ڕادەیەی نەیدەتوانی هیچ نێچیرێک بکوژێ بۆ خواردنی خۆی. بۆیە ، بەخۆی گووت ، "پێویستە شتێک بکەم تاکو گەدەم بمێنێتەوە دەنا لەبرسا دەمرم. "بیری کردەوە و بیری کردەوە لە ئەنجامدا بیرۆکەیەکی سازکرد. بڕیاریدا لە ئەشکەوتەکە ڕابکشێ وا خۆی پیشانبدا کە نەخۆشە وە ئەوکات ئەوانەی دێن دەربارەی تەندروستی ئەو دەپرسن ، دەبنە نێچیری ئەو. شێرە بەتەمەنەکە پلانە دزێوەکەی جێبەجێکرد و چالاکانە دەستی بە کار کرد. زۆرێک لەوانەی دڵسۆزی بوون کوژران. بەڵام نەگریسی تەمەنی کورتە.

One day, a fox came to visit the ailing lion. As foxes are clever by nature, the fox stood at the mouth of the cave and looked about. His sixth sense worked and he came to know the reality. So, he called out to the lion from outside and said, "How are you, sir?" The lion replied, "I am not feeling well at all. But why don't you come inside?" Then the fox replied, "I would love to come in, sir! But on seeing, all foot prints going to your cave and none coming out, I would be foolish enough to come in." Saying so, the fox went to alert the other animals.

ڕۆژێکیان ، ڕێویەک هاتە سەردانی شێرە نەخۆشەکە. لەبەرئەوەی ڕێویەکان بە سروشتی زیرەکن ، ڕێویەکە لە دەرچەی ئەشکەوتەکە ڕاوەستا سەرنجیدایە دەوروبەری. هەستی شەشەمی کاریکرد و ڕاستیەکەی زانی. بۆیە ، لە دەرەوە بانگی شێرەکەی کرد و گووتی ، چۆنیت ، گەورەم؟ شێرەکە وەڵامی دایەوە ، "هیچ هەست بە باشی ناکەم. بەڵام بۆچی ناهێیتە ژوورەوە؟" لەوکاتەدا ڕێویەکە وەڵامی دایەوە ، "زۆر حەزدەکەم بێمە ژوورەوە ، گەورەم! بەڵام لەوکاتەی بینیم ، هەموو شوێن پێیەکان هاتوونەتە ئەشکەوتەکەت و هیچیان نەهاتوونەتە دەرەوە ، زۆر گەمژە دەبم بێمە ژوورەوە." ئاوای گووت ، ڕێویەکە چوو ئاژەڵەکانی تر ئاگاداربکاتەوە.

Translated by : Hatam Kareem

once upon a time→→→ ڕۆژێکیان

grow old→→→ تەمەن گەورەبوون ، دەکەوێتە تەمەنەوە

unable to→→→ نەتوانین

prey→→→ نێچیر

stay→→→ تێرکردن

stomach→→→ گەدە ، ورگ

else→→→ دەنا ، بەپێچەوانەوە

starvation→→→ لەبرسا مردن

at last→→→ لەدوایدا ، لە ئەنجامدا

lie down→→→ ڕاکشان

cave→→→ ئەشکەوت

pretend→→→ واپیشاندان ، وا خۆدەرخستن

pretending to be ill→→→ وا خۆی دەرخا کە نەخۆشە

enquire→→→ پرسیاردەکات ، لە شتێک دەپرسێت

wick→→→ بەد ، دزێو ، ترسناک

well-wisher→→→ کەسێکە کە دڵسۆزی کەسێکی ترە یان بەزەیی پێدا دێتەوە

evil→→→ نەگریسی

short lived→→→ تەمەن کورت

ailing→→→ نەخۆش

by nature→→→ سروشتیانە ، بە زگماک

mouth→→→ دەرگە ، دەرچە

look about→→→ چاوتێبڕینی ئەملا و ئەولا(بەوریایی و بەهۆشەوە)

sixth sense→→→ هەستی شەشەم

call out→→→ بانگ کردن ، هاوارکردن

at all→→→ هیچ ، بەهیچ جۆرێک

footprint→→→ شوێنپێ

foolish→→→ گەمژە ، گێل

alert→→→ ورياكردنەوە ، هۆشیارکردنەوە

چیرۆکی سی و دووەم

## The Bear and The Two Friends

## ورچ و دوو هاوڕێیەکە

Once two friends were walking through the forest. They knew that anything dangerous can happen to them at any time in the forest. So they promised each other that they would remain united in any case of danger.

جارێکیان دوو هاوڕێ دەڕۆیشتن بەناو دارستانەکە. دەیانزانی کە دەکرێ هەر ڕووداوێکی مەترسیداریان بەسەربێت لە هەر کاتێدا لە دارستانەکە. بۆیە بەڵێنیان بەیەکتردا کە یەکگرتوو بمێننەوە لە هەر حاڵەتێکی مەترسی.

Suddenly, they saw a large bear approaching them. One of the friends at once climbed a nearby tree. But the other one did not know how to climb. So being led by his common sense, he lay down on the ground breathless, pretending to be a dead man.

لەناکاو ، ورچێکی گەورەیان بینی نزیکبوویەوە لێیان. یەکێک لە هاوڕێیەکان یەکسەر سەرکەوتە سەر درەختێکی نزیکی. بەڵام ئەوەی تریان نەیدەزانی چۆن سەرکەوێ. لەڕێگەی شارەزایی زگماکیەوە ڕێنمایی وەرگرت ، هەناسە لێ براو لەسەر ئەرزەکە ڕاکشا ، وەکو پیاوێکی مردوو خۆی نیشاندا.

The bear came near the man lying on the ground. It smelt in his ears, and slowly left the place. Because the bears do not touch the dead creatures.Now the friend on the tree came down and asked his friend on the ground, “Friend, what did the bear tell you into your ears?” The other friend replied, “The bear advised me not to believe a false friend.”

ورچەکە هاتە نزیکی پیاوەکەی لەسەر ئەرزەکە ڕاکشابوو. بۆنی ناوەوەی گوێیەکانی کرد ، و بەهێواشی شوێنەکەی بەجێهێشت. چونکە ورچەکان دەست لە بونەوەرە مردووەکان نادەن. لەو کاتەدا هاوڕێی سەر دارەکە هاتە خوارەوە و پرسیاری لە هاوڕێی سەر ئەرزەکە کرد ، “هاوڕێ ، ورچەکە لای گوێیەکانت چی پێ گووتی؟“ هاوڕێکەی تر وەڵامی دایەوە ، “ورچەکە ئامۆژگاری کردم باوەڕ بە هاوڕێیەکی ناپاک نەکەم.“

Moral: True Friend is the one who always supports and stands by you in any situation.

وانە : هاوڕێی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەمیشە پشتگیریت دەکا و یارمەتیت دەدا لە هەر بارودۆخێک.

Translated by : Hatam Kareem

bear➞➞➞ ورچ

united➞➞➞ یەکگرتوو

approaching➞➞➞ نزیکبوونەوە

at once➞➞➞ یەکسەر

climbed➞➞➞ بەسەریدا هەڵگەڕا

nearby➞➞➞ لە نزیک ، لە پاڵ ، لە تەنیشت

common sense➞➞➞ سەلیقە ، باش هەڵسەنگاندن ، شارەزایی زگماکی

lay down➞➞ ڕاکشا

breathless➞➞ هەناسە لێبڕاو

pretending➞➞➞ واپیشاندان

lying➞➞➞ ڕاکشان

smelt➞➞➞ بۆنی کرد

creature➞➞➞ بونەوەر

came down➞➞➞ دابەزی ، هاتە خوارەوە

false friend➞➞➞ هاوڕێی ناپاک

stand by➞➞➞ یارمەتیدان

situation➞➞➞ بارودۆخ

چیرۆکی سی و سێیەم

## The Sun and the Wind

## ڕۆژ و بایەکە

It was an autumn day. The wind and the sun had an argument.

ڕۆژێکی پایز بوو. با و ڕۆژەکە مشتومڕیان دەکرد.

The wind boasted "I am stronger than you."

بایەکە خۆی هەڵدەکێشا "من بەهێزترم لە تۆ".

The sun mildly said "No. you are not".

ڕۆژ بەنەرم و نیانییەوە گووتی "نەخێر. تۆ وانیت".

Just then, they saw a traveller wrapped in a blanket was passing by. The wind said, "Whoever separates the blanket from traveller is the stronger. Do you agree?"

لەو کاتەدا ، گەشتیارێکیان بینی بەوێ تێپەڕبوو بەتانیەکی پێچابوویەوە. بایەکە گووتی ، "هەرکێیەک بەتانیەکەی جیاکردەوە لە گەشتیارەکەوە بەهێزەکەیە. ڕازیت؟"

The sun replied, "OK. First you try."

ڕۆژ وەڵامی دایەوە ، "باشە. یەکەم جار تۆ هەوڵدە."

The wind started blowing. The traveller wrapped his blanket around him. He blew harder. The traveller held his blanket firmer. He blew still harder. The traveller held his blanket still tighter. The harder the wind blew the tighter and firmer did the traveller hold his blanket. The wind failed.

بایەکە دەستی بەهەڵکردن کرد. گەشتیارەکە بەتانیەکەی پێچابوویەوە بە دەوری خۆی. بایەکە بەهێزتر هەڵیکرد. گەشتیارەکە بەتانیەکەی توندتر گرتبوو. بایەکە هێشتا بەهێزتر هەڵیکرد. گەشتیارەکە هێشتا بەتانیەکەی توندتر گرتبوو. بەهێزی بایەکە توندتر و قایمتر لێیدەدا گەشتیارەکە بەتانیەکەی گرت. بایەکە شکستی هێنا.

It was the Sun's turn. The sun smiled gently at the traveller. The traveller loosened his grip on the blanket. The sun smiled warmly. The traveller felt the warmth and soon took off the blanket.

نۆرەی ڕۆژ بوو. ڕۆژەکە بە ڕووخۆشی زەردەخەنەی بەڕووی گەشتیارەکە کرد. گەشتیارەکە توندی سەر بەتانیەکەی شل کردەوە. ڕۆژەکە بەگەرمی زەردەخەنەی کرد. گەشتیارەکە هەستی بە گەرما کرد و زوو بەتانیەکەی دانا.

The sun was declared stronger.

ڕۆژەکە دەریخست بەهێزترە.

MORAL : Gentle smile can achieve what brutal force can't.

وانە : زەردەخەنەی نەرم دەتوانێ ئەوە بەدەستبێنێ کە هێزی دڕندەیی ناتوانێ.

Translated by : Hatam Kareem

argument→→→ مشتومڕ ، دەمەقاڵێ

boast→→→ خۆ هەڵكێشان ، فشەفش

mildly→→→ بەنەرمی

warapped→→→ پێچایەوە

whoever→→→ هەركەس

blanket→→→ بەتانی

separate→→→ جیاكردنەوە

blowing→→→ هەڵكردن

held→→→ گرتی

still→→→ هێشتا

tighter→→→ توندتر

firmer→→→ قایمتر

hold→→→ گرتن

turn→→→ نۆرە

gently→→→ بەڕووخۆشی

loosened→→→ شلی كردەوە

grip→→→ بەتوندگرتنی شتێک

took off→→→ داینا

declared→→→ ڕایگەیاند ، دەریخست

achieve→→→ بەدەستهێنان

brutal→→→ دڕندەیی ، دڵڕەقی

force→→→ هێز

## چیرۆکی سی و چوارەم

# THE GREAT SACRIFICE

# قوربانیدانە گەورەکە

Once a king got the news that his neighbouring country was planning an attack on his country. In his kingdom, there lived an old lady who on hearing this news went to the royal palace.

جارێکیان پاشایەک هەواڵی دەستکەوت کە وڵاتی هاوسنووریان پلانی هێرشکردنێکی هەیە بۆسەر وڵاتەکەی. لەو شانشینە ، خانمێکی بەتەمەن دەژیا کە کاتێ گوێی لەو هەواڵە بوو چوو بۆ کۆشکی پاشایەکە.

She met the king and said that she wanted her only son to take part in the battle. The king was stunned to see the patriotism of the woman. He gave her the permission. A vicious battle took place.

چاوی بە پاشاکە کەوت و گووتی کە دەیەوێ تاقە کوڕەکەی بەژداری لە جەنگەکە بکات. پاشایەکە واقی وڕما بەبینینی نیشتیمان پەروەری ئافرەتەکە. ڕێی پێدا. جەنگە سەختەکە ڕوویدا.

The old lady's son sacrificed his life for the motherland. When the old lady went to the palace weeping, the king tried to console her. She said, "I am not crying because my son died, but because I had only one son. Now I won't be able to give any help to the kingdom at the time of crisis."

کوڕی خانمە بەتەمەنەکە ژیانی خۆی کردە قوربانی بۆ نیشتیمان. کاتێک خانمە بەتەمەنەکە چوو بۆ کۆشکەکە دەگریا ، پاشایەکە هەوڵی دا دڵنەوایی بکات. گووتی ، "لەبەر ئەوە ناگریم کوڕەکەم مردووە ، بەڵکو لەبەرئەوەی من تەنها تاقە کوڕێکم هەبوو. ئێستا ناتوانم هیچ هاوکارییەک پێشکەشی شانشینەکە بکەم لەکاتی تەنگانە."

Translated by : Hatam Kareem

sacrifice→→→ قوربانیدان ، خۆبەختکردن ، گیان فیداکردن

neighbouring→→→ دراوسێ ، نزیک

attack→→→ هێرش بردنە سەر ، پەلاماردان

kingdom→→→ شانشین

royal palace→→→ کۆشکی پاشا

only son→→→ کوڕی تاقانە

take part in→→→ تێدا بەژداربوون

battle→→→ جەنگ

stunned→→→ واقی وڕما ، سەرسام بوو

patriotism→→→ نیشتیمان پەروەری

permission→→→ ڕێپێدان

vicious→→→ بەد ، سەخت

took place→→→ ڕوویدا

motherland→→→ نیشتیمان

palace→→→ کۆشک

console→→→ دڵنەوایی

be able to→→→ توانین

crisis→→→ تەنگو چەڵمە ، قەیران

## چیرۆکی سی و پێنجەم

# A WITTY REPLY

# وەڵامێکی پێکەنیناوی

Rahul was a sharp and intelligent boy. One day, his father got back from his office and called him in a harsh tone. Rahul got frightened and came immediately. He thought, "Dad just arrived from his office. Why is he calling me so harshly? Is he angry with me?"

ڕاهول کوڕێکی زیرەک و ئاقڵ بوو. ڕۆژێکیان ، باوکی لە نووسینگەکەی گەڕایەوە و بەدەنگێکی تورەوە بانگی کرد. ڕاهول ترسا و یەکسەر چووە ژوورەوە. بیری کردەوە ، "باوکم تازە گەیشتە ئۆفیسەکەیەوە. بۆچی زۆر بە ڕەقی بانگم دەکات؟ ئایا لە من تورەیە؟"

Father said in a rough tone, "Coincidentally, I met your teacher and she told me that everyday you reach school late. Why?"

باوکی بە دەنگێکی قایم گووتی ، "بەڕێکەوت ، مامۆستای تۆم بینی و پێی گووتم کە هەموو ڕۆژێ درەنگ دەگەیە قوتابخانە. بۆچی؟"

Rahul thought for a while and said, "I'm not responsible for anything. They ring the school bell before I reach the school."

ڕاهول بۆ ماوەیەک بیری کردەوە و گووتی ، "من لە هیچ شتێک بەرپرسیار نییم. ئەوان زەنگی قوتابخانەکە لێدەدەن پێش ئەوەی من بگەمە قوتابخانەکە."

Father praised Rahul for such a witty answer, but asked him to reach the school on time.

باوکی ستایشی ڕاهولی کرد بۆ وەڵامێکی وەها زیرەکانە ، لەگەڵ ئەوەشدا داوای لێکرد لەکاتی دیاریکراو بگاتە قوتابخانە.

Translated by : Hatam Kareem

witty→→→ پێکەنیناوی ، زیرەکانە

sharp→→→ زیرەک

intelligent→→→ زیرەک ، ئاقڵ

got back→→→ گەڕایەوە

harsh→→→ ڕەق ، تورە ، توند

tone→→→ دەنگ

frightened→→→ ترسان

immediately→→→ یەکسەر

rough→→→ قایم

coincidentally→→→ به ڕێکەوت

reach→→→ گەیشتن

for a while→→→ بۆ ماوەیەک

responsible→→→ بەرپرس

ring→→→ زەنگ لێدان

bell→→→ زەنگ

praised→→→ ستایشی کرد

on time→→→ لە کاتی دیاریکراو

چیرۆکی سی و شەشەم

## MERE BOASTS DON'T MAKE BIG

## بە تەنها خۆهەڵکێشان گەورەت ناکا

Once there was a trader who was often out on business trips. When he grew old, his son started handling the business but he was very boastful by nature.

جارێکیان بازرگانێک هەبوو کە بەزۆری لەدەرەوە بوو بۆ گەشتی بازرگانی. کاتێک بەتەمەن بوو ، کوڕەکەی کاروبارەکانی بازرگانیەکەی بەڕێوەدەبرد بەڵام بەسروشتی خۆیەوە زۆر خۆی هەڵدەکێشا.

When he went on his first business tour, he was thrilled to see many new things. Returning home he felt impatient to tell about his experiences to his mates. When they all gathered around him, he told them many surprising things among which, he boasted of an exploit of his own.

کاتێک ڕۆیشت بۆ یەکەم گەشتی بازرگانی خۆی ، دڵخۆش بوو بە بینینی زۆر شتی نوێ. گەڕایەوە ماڵەوە هەستی بە بێ ئارامی دەکرد تا باسی ئەزموونەکانی خۆی بۆ هاورێکانی بکا. کاتێک هەموویان لەدەوری کۆبوونەوە ، زۆر شتی سەرنجڕاکێشی پێ گووتن کە لەنێوانیان ، خۆی هەڵدەکێشا بە پاڵەوانیەتیەکی خۆی.

He said, "Friends! When I was in Canada, I participated in boxing competition and none could beat me. I was praised by all and became the talk of the town. If you don't believe me, better go to Canada and enquire."

گووتی ، "هاورێیان! کاتێک لە کەنەدا بووم ، بەژداریم کرد لە ڕکابەری شەڕە بۆکس وە هیچ کەسێک نەیتوانی لێم بدا. من لەلایەن هەمووانەوە ستایش کرام و بوومە قسەی ئێرە و ئەوێی شارۆچکەکە. ئەگەر باوەڕم پێناکەن ، باشترە بچنە کەنەدا و پرسیاربکەن."

Suddenly, one of his friends said, "Why go to Canada, you show your feat here itself." The trader had no words to reply and got trapped in his own words.

لەناکاو ، یەکێک لە هاورێکانی گووتی ، "بۆچی چوونە کەنەدا ، هەر لێرە جوامێری خۆت نیشانبدە." بازرگانەکە هیچ قسەیەکی پێ نەبوو بۆ وەڵامدانەوە و کەوتە تەڵەی قسەکانی.

Translated by : Hatam Kareem

mere→→→ بەتەنها

boast→→→ خۆهەڵکێشان ، فشەفش

trader→→→ بازرگان

business trip→→→ گەشتی بازرگانی

grow up→→→ تەمەنی گەورەدەبێ ، دەکەوێتە تەمەنەوە

handling→→→ بەڕێوەبردنی کاروبار

boastfull→→→ فشەكەر ، خۆهەڵكێشان ، پۆزلێدان

by nature→→→ بەسروشتی

tour→→→ گەشت

thrilled→→→ دڵخۆشبوو

impatient→→→ بێ سەبر ، بێ تەحەمول

experience→→→ ئەزموون

mate→→→ هاورێ

gathered→→→ كۆبوونەوە

among→→→ لەنێوان

exploit→→→ پاڵەوانیەتی

participated→→→ بەژداری كرد

boxing→→→ یاری شەڕە بۆكس

competition→→→ پێشبڕكێ ، ڕكابەری

beat→→→ لێدان

praised→→→ پیای هەڵدەدا

enquire→→→ پرسیاردەكات

feat→→→ جوامێری

itself→→→ خۆی

trap→→→ تەڵە

چیرۆکی سی و حەفتەم

## World is a Mirror..!!

## جیهان ئاوێنەیەکە..!!

Once there was a museum in which there was a room which was made of mirrors. Its wall, roof and even floor was made of mirrors.

جارێکیان مۆزەخانەیەک هەبوو کە ژوورێکی لێبوو لە ئاوێنە دروستکرابوو. دیوارەکەی ، بنمیچ و تەنانەت ئەرزیش لە ئاوێنە دروستکرابوو.

One day care taker of that museum forgot to lock the back door of museum which lead directly to that mirror room.

ڕۆژێکیان کارگوزاری مۆزەخانەکە لەبیری کرد دەرگای پشتەوەی مۆزەخانەکە قوفڵ بدات کە ڕاستەوخۆ دەڕۆیشت بەرەو ئەو ژووری ئاوێنەیە.

A dog was roaming near that museum and by mistake entered that room. When dog was in middle of room and saw its own reflection and thought of it as that a whole pack of dogs were surrounding him from all sides.

سەگێک دەگەڕا لەنزیک ئەو مۆزەخانەیە و بەڕێکەوت چووە ئەو ژوورە. کاتێک سەگەکە لە ناوەڕاستی ژوورەکە بوو وە وێنەی خۆی لە ئاوێنە بینی وا بیری لێکردەوە هەروەکو ئەوەی کۆمەڵە سەگێک دەوریان داوە لە هەموو لایەکەوە.

Seeing this dog got scared and started to bark at reflections. Dog could see all the reflections barking at him in same way and because of mirror's dog echo back after hitting at mirrors and got magnified. Frightened by it dog started to bark frantically.

بەبینینی ئەوە سەگەکە ترسا و دەستیکرد بە وەڕین بەو وێنانەی لە ئاوێنەوە دەیبینین. سەگەکە بینی هەموو وێنە ئاوێنەیەکان بەهەمان شێواز پێی دەوەڕن وە لەبەرئەوەی ئاوێنەی سەگەکە دەنگی دەدایەوە دوای ئەوەی دەنگەکەی بەر ئاوێنە دەکەوت و دەنگی گەورەتر دەبوو. تۆقیبوو لەوە سەگە دەستیکرد بە وەڕینێکی شێتانە.

Next morning, when museum guard entered the hall, there he found lifeless body of dog. There was no one to harm that dog but yet it died fighting its own reflections.

بەیانی دواتر ، کاتێک پاسەوانی مۆزەخانە چووە هۆڵەکە ، لەوێ لاشەیەکی مردووی سەگی دۆزیەوە. کەس ئازاری ئەو سەگەی نەدابوو بەڵکو لەو کاتەدا مرد کە شەڕی لەگەڵ وێنەکانی خۆی دەکرد.

Moral:

Everything around us is reflection of our own thoughts, feelings and actions. World acts like a big mirror. So always try to be positive and good to others.

وانە :

هەموشتێکی دەورووبەری ئێمە کاردانەوەی بیرکردنەوەکان و هەستەکان و ڕەفتارەکانی خۆمانە. جیهان وەکو ئاوێنەیەکی گەورە ڕەفتاردەکا. بۆیە هەمیشە هەوڵدە ئەرێنی و باش بی بۆ ئەوانی تر.

Translated by : Hatam Kareem

mirror→→→ ئاوێنە

roof→→→ بنمیچ

even→→→ تەنانەت

floor→→→ ئەرز

care taker→→→ کارگوزار ، بەردەست

lock→→→ قوفڵ دان ، داخستن

back door→→→ دەرگای پشتەوە

lead→→→ لەپێش

directly→→→ ڕاستەوخۆ

roam→→→ گەڕان

by mistake→→→ بەڕێکەوت

entered→→→ چووە ژوورەوە

own→→→ خۆی

reflection→→→ وێنە ، وێنەی ئاوێنەیی

whole→→→ هەموو

pack→→→ کۆمەڵە

surrounding→→→ دەورەدان

scared→→→ ترسا

bark→→→ وەڕین

echo→→→ دەنگدانەوە

hitting→→→ لێدان

magnified→→→ گەورەبوو

frightened→→→ ترسان

frantically→→→ شێتانە

guard→→→ پاسەوان

lifeless→→→ بێ گیان ، مردوو

harm→→→ ئازاردان

چیرۆکی سی و هەشتەم

## Being a Nobody..!!

## بوون بە هیچ کەسێک..!!

Once Nasruddin went to a formal reception and seated himself on the most elegant chair. Seeing this Chief of guard approached him and said, "Sir, these seats are reserved for Guests of Honor."

جارێکیان نەسرەددین چوو بۆ دیوانی پێشوازییێک و خۆی دانیشت لەسەر نایابترین کورسی. فەرماندەی پاسەوانەکان ئەوەی بینی لێی نزیکبوویەوە و گووتی ، "بەڕێز ، ئەو کورسی دانیشتنانە تەرخانکراون بۆ میوانە بەڕێزەکان."

Nasruddin confidently replied, "Oh, I am more than mere guest of Honor."

نەسرەددین بەباوەڕبەخۆبوونەوە وەڵامی دایەوە ، "ئۆو ، من گەورەترم لە زۆربەی کەسە بەناوبانگەکان.

Chief questioned, "Oh so you are a diplomat."

فەرماندە گووتی ، "ئۆو کەواتە تۆ سیاسەتمەدارێکی."

Again Nasruddin replied, "No, Am far more than a diplomat."

دووبارە نەسرەددین وەڵامی دایەوە ، "نەخێر ، من زۆر گەورەترم لە سیاسەتمەدارێک."

Chief questioned again, "Really?? So are you a minister??"

فەرماندە دووبارە پرسیاری کرد ، "بەڕاستیتە؟؟ کەواتە تۆ وەزیرێکی؟؟"

"No, no.. Am bigger than that.", said Nasruddin.

نەسرەددین گوتی ، "نا ، ناخێر..من گەورەترم لەوە."

"OK..! Then you mast be the King himself.", Said Chief Sarcastically.

فەرماندە بەگاڵتەوە گووتی ، "باشە..! بێگومان تۆ دەبێ پاشایەکە خۆی بی."

Again Nasruddin quickly responded, "Higher than that..!"

دووبارە نەسرەددین بەخێرایی وەڵامی دایەوە ، "بەرزتر لەوە..!"

Chief got angry and said, "What? You are higher that King?? Nobody is higher that King.."

فەرماندە تورەبوو و گووتی ، "چی؟ تۆ لە پاشا بەرزتری؟؟

هیچ کەسێک لەو پاشایە بەرزتر نییە.."

Nasruddin smirked and said, "Now you have it.. i am Nobody."

نەسرەددین زەردەخەنەیەکی لەخۆڕازیبوونی کرد و گووتی ، "ئێستا تێگەیشتی... من هیچ کەس نییم."

Translated by : Hatam Kareem

formal reception→→→ دیوانی پێشوازی

elegant→→→ نایاب ، ڕێكوپێک ، جوان

chief→→→ سەرۆک ، فەرماندە

guard→→→ پاسەوان

appeoched→→→ نزیک بوویەوە

reserved→→→ تەرخانكراو

guest of honor→→→ كەسی بەناوبانگ ، میوانە بەڕێزەكان

confidently→→→ بەباوەڕبەخۆبوونەوە

more than→→→ گەورەتر

mere→→→ زۆربەی

diplomat→→→ سیاسەتمەدار

minister→→→ وەزیر

sarcastically→→→ بەگاڵتەوە

responded→→→ وەڵامی دایەوە

smirked→→→ زەردەخەنەی بەفیزەوە كرد

چیرۆکی سی و نۆیەم

## Fear vs Respet

## ترسان بەراورد بە ڕێزگرتن

Long time ago very cruel king name Virat Singh was ruling the city of Vijay Nagar. All citizens were fearful because of his cruelty.

کاتێکی زۆر لەمەوپێش پاشایەکی زۆر ستەمکار بەناوی ڤیرات سینگ فەرمانڕەوایی شاری ڤیجای ناگاری دەکرد. هەموو هاوڵاتیان بەهۆی ستەم و زۆرداربیەکەیەوە دەترسان.

Virat has a dog named Jack, which he used to love more than anything, one fateful morning Jack died. Virat Singh organized last rituals for dog; entire city came to cremation ground. Virat Singh was very happy to see that people love him so much and he felt he is the most popular king in the world. After few days Virat Singh died, but no one came for his funerals.

ڤیرات سەگێکی هەیە ناوی جاکە ، کە لە هەموو شتێک خۆشتری دەویست ، بەیانیەکی دڵتەزێن جاک مرد. ڤیرات سینگ کۆتا ڕێورەسمی ڕێکخست بۆ سەگەکە، تەواوی شار هاتن بەئامانجی سوتاندنی لاشەی سەگەکە. ڤیرات سینگ زۆر دڵخۆش بوو کە بینی خەڵک زۆر ئەویان خۆشدەوێ و هەستیکرد ئەو خۆشەویستترین پاشایە لە جیهان. دوای چەند ڕۆژێکی کەم ڤیرات سینگ مرد ، بەڵام کەس نەچوو بۆ پرسەکەی.

Moral: Respect is something you have to earn, you cannot force it on others to respect you. There is a thin line between Fear and Respect, every one of us should understand it and do necessary corrections in our personalities.

وانە : ڕێزگرتن شتێکە تۆ پێویستە بەدەستی بێنی ، تۆ ناتوانی زۆر لەوانی تر بکەی ڕێزت بگرن. هێڵێکی باریک هەیە لەنێوان ترسان و ڕێزگرتن ، هەر یەکێک لە ئێمە پێویستە لێی تێبگات و پێویستە ڕاستی بکاتەوە لە کەسایەتیمان.

Translated by : Hatam Kareem

vs(versus)→→→ بەراورد بە ، دژ

cruel→→→ ستەمکار

ruling→→→ فەرمانڕەوایی کردن

citizen→→→ هاوڵاتی ، هاونیشتیمانی

cruelty→→→ ستەم ، دڕندەیی

fateful→→→ دڵ تەزێن ، جەرگبڕ

ritual→→→ ڕێورەسم

entire→→→ تەواوی ، گشت ، هەموو

cremation→→→ سووتاندنی لاشەی مردوو

ground→→→ وردکردن

popular→→→ خۆشەویست

funeral→→→ پرسە

earn→→→ بەدەستهێنان

force→→→ زۆرلێکردن

thin→→→ باریک ، لاواز

correction→→→ ڕێکخستن ، ڕاستکردنەوە

personality→→→ کەسایەتی

چیرۆکی چلەم

## Strong or Weak

## بەهێز یان لاواز

There was a proud teak tree in the forest. He was tall and strong. There was a small herb next to the tree.

The teak tree said, "I am very handsome and strong. No one can defeat me ". Hearing this the herb replied, "Dear friend, too much pride is harmful. Even the strong will fall one day ".

دەرەختێکی ساجی لووتبەرز هەبوو لە دارستانەکە. درێژ و بەهێزبوو. گژوگیایەکی بچووک لەپاڵ درەختەکە هەبوو. درەختی ساجەکە گووتی ، "من زۆر جوان و بەهێزم. هیچ یەکێک ناتوانێ من ببەزێنێ". بەگوێلێبوون لەوە گژوگیایەکە وەڵامی دایەوە ، "هاوڕێی ئازیز ، زۆر شانازی بەخۆوەکردن زیانبەخشە. تەنانەت بەهێزەکانیش ڕۆژێک دەکەون."

The teak ignored the herb's words. He continued to praise himself.

A strong wind blew. The teak stood firmly. Even when it rained, the teak stood strong by spreading its leaves.

At the same time, the herb bowed low. The teak made fun of the herb.

درەختی ساجەکە قسەکانی گژوگیایەکەی فەرامۆش کرد. بەردەوام بوو لە پیاهەڵدانی خۆی.

بایەکی بەهێز هەڵیکرد. درەختی ساجەکە بەتوندوتۆڵیەوە ڕاوەستا. تەنانەت لەکاتی بارانبارینیش ، درەختی ساجەکە بەهێز ڕاوەستا بە بڵاوکردنەوەی گەڵایەکانی.

لە هەمان کاتدا ، گژوگیایەکە نووشتایەوە خوارەوە. درەختی ساجەکە گاڵتەی بە گژوگیایەکە کرد.

One day there was a storm in the forest. The herb bowed low. As usual the teak did not want to bow.

The storm kept growing stronger. The teak could no longer bear it. He felt his strength giving way.

He fell down. This was the end of the proud tree. When everything was calm the herb stood straight. He looked around. He saw the proud teak had fallen.

ڕۆژێکیان ڕەشەبایەک هەبوو لە دارستانەکە. گژوگیایەکە نووشتایەوە خوارەوە. وەکو هەمیشە درەختی ساجەکە نەیدەویست بچەمێتەوە. ڕەشەبایەکە بەهێزتربوو. درەختی ساجەکە نەیتوانی چیتر بەرگەی بگرێ. هەستیکرد هێزەکەی نەما.

کەوتە سەرزەوی. ئەوە کۆتایی درەختە لوتبەرزەکە بوو. کاتێک هەمووشتێک هێمن بوویەوە گژوگیایەکە ڕاست ڕاوەستا. تەماشای دەوروبەری کرد. بینی درەختی ساجە لوتبەرزەکە کەوتبوو.

Translated by : Hatam Kareem

proud→→→ لووتبەرز

teak→→→ دەرختی ساج(ناوی درەختێکی هیندیە)

herb→→→ گژوگیا

handsome→→→ جوان

defeat→→→ شكاندن ، بەزاندن

harmful→→→ زیانبەخش

even→→→ تەنانەت

ignored→→→ فەرامۆشی كرد

word→→→ قسە

praise→→→ پیاهەڵدان ، ستایشكردن

blew→→→ هەڵی كرد(با)

firmly→→→ بەتوندوتۆڵی ، بەقایمی

spreading→→→ بڵاوكردنەوە

leaves→→→ گەڵاكان

bow→→→ چەمانەوە ، سەر دانەواندن

make fun of→→→ گاڵتەی پێدەكات

as usual→→→ وەكو ئاسایی ، وەک هەمیشە

no longer→→→ چیتر ، زیاتر

bear→→→ بەرگەگرتن

strength→→→ هێز

giving way→→→ نەمان

fell down→→→ كەوت

## چیرۆکی چل و یەکەم

## Peace Of Mind

## دڵ ئارامی

One cold morning, a poor shepherd was grazing his cattle in a pasture. He neither had enough clothes to wear nor even a pair of shoes.

بەیانیەکی سارد ، شوانێکی هەژار ئاژەڵەکانی دەلەوەڕاند لە لەوەڕگەیەک. نە بەشی پێویست جلوبەرگی هەبوو بۆ لەبەرکردن تەنانەت جوتێک پێڵاویشی نەبوو.

Suddenly, a man came there on a horse, a famous dacoit. He dismounted, went to the shepherd and said, “Come and work with me. I will give you clothes and shoes. You will not have to worry even for your food. “

لەناکاو ، پیاوێک لەسەر ئەسپەکەی هاتە ئەوێ ، ئەندامی بانکێکی دزی بەناوبانگ بوو. دابەزی ، چووە لای شوانەکە و گووتی ، “وەرە و کارم لەگەڵ بکە. جلوبەرگ و پێڵاوت پێدەدەم. تۆ پێویست ناکات نیگەران بیت تەنانەت بۆ خواردنیشت.

At this the shepherd replied, “I am content being a shepherd. At least I have peace of mind which you don‘t have. “

لەوکاتەدا شوانەکە وەڵامی دایەوە ، “من ڕازیم بەوەی شوانێکم. هیچ نەبێ من دڵئارامیم هەیە کە تۆ نیتە.“

Hearing this, the dacoit got stunned and immediately went to the police station and surrendered.

بەگوێلێبوون لەوە ، ئەندامی بانکی دزیەکە واقی وڕما و یەکسەر چوو بۆ بنکەی پۆلیس و خۆی بەدەستەوەدا.

Translated by : Hatam Kareem

peace of mind→→→ دڵ ئارامی

shepherd→→→ شوان

grazing→→→ لەوەڕاندن

cattle→→→ ئاژەڵ

pasture→→→ لەوەڕگە

neither....nor→→→ نە ئەمە و نە ئەوە(هیچیان نا)

pair of shoes→→→ جووتێک پێڵاو

dacoit→→→ ئەندام لە بانکێکی دزین

dismounted→→→ دابەزی

worry→→→ نیگەران

even→→→ تەنانەت

Content→→→ قایل ، ڕازیبوون

at least→→→ بەلایەنی کەمەوە ، هیچ نەبێ

stunned→→→ واقی وڕما

immediately→→→ یەکسەر

police station→→→ بنکەی پۆلیس

surrendered→→→ خۆی بەدەستەوەدا

چیرۆکی چل و دووەم

## The four monks

## چوار قەشەکە

Four monks decided to meditate silently without speaking for few days. By night fall on the first day candle began to flicker and then blown out.

چوار قەشە بڕیاریان دا بەبێدەنگی بیربکەنەوە بەبێ قسەکردن بۆماوەی چەند ڕۆژێکی کەم. کاتێک یەکەم شەویان بەسەرداهات مۆمەکە دەستیکرد بە درەوشانەوە و دواتر کوژایەوە.

First monk said, “Oh no!! Candle is out.”

قەشەی یەکەم گووتی ، “ئۆو نەخێر!! مۆمەکە کوژایەوە.”

Second monk responded, “Aren’t we supposed not to talk?”

قەشەی دووەم وەڵامی دایەوە ، “ئەی ئێمە نەمان گووت قسە ناکەین؟”

Listening to this third monk questioned them, “Why did you two broke silence?”

قەشەی سێیەم گوێی لەوەبوو پرسیاری لێیان کرد ، “بۆچی ئەو دووانەتان بێدەنگیتان شکاند؟”

Fourth monk laughed at them saying, “Ha ha! I am only one who didn’t speak..!!”

قەشەی چوارەم پێیان پێکەنی گووتی ، “ها ها! من تەنها کەسم کە قسەم نەکرد..!!”

Moral: Never be too quick to judge others.

وانە : هەرگیز زۆر خێرا بڕیار لەسەر ئەوانی تر مەدە

Translated by : Hatam Kareem

monk→→→ قەشە

mediate→→→ بیرکردنەوە

fall on→→→(بەسەرداهاتن(بۆ نموونە ئەگەر بڵێی شەومان بەسەردا هات

flicker→→→ درەوشانەوە

blown out→→→ کوژایەوە

out→→→ کوژانەوە

responded→→→ وەڵامی دایەوە

supposed→→→ دەڵێت

Ha-ha→→→ (دەنگی پێکەنین(بەکاردێت بۆ دەربڕینی گاڵتە و خۆشی

judge→→→ هەڵسەنگاندن ، بڕیاردان

## چیرۆکی چل و سێیەم

# Just One Question

# تەنها یەک پرسیار

One Day a scholar came to the court of Emperor Akbar and challenged Birbal to answer his questions and thus prove that he was as clever as people said he was.

رۆژێکیان ڕۆشنبیرێک چوو بۆ کۆشکی شاهانەی ئیمپراتۆر ئەکبەر وە بیربالی تاقیکردەوە تا وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە هەروەها بەم شێوەیە دەیسەلمێنێ کە ئەو ئەوەندە زیرەکە کە خەڵکی دەیڵێن.

He asked Birbal: Would you prefer to answer a hundred easy questions or just a single difficult one?

پرسیاری لە بیربال کرد : تۆ وەڵامدانەوەی سەد پرسیاری ئاسان پەسەنددەکەی یان تەنها یەکێکی زەحمەت؟

Both the emperor and Birbal had had a difficult day and were impatient to leave.

ئیمپراتۆرەکە و بیربال هەردووکیان بەرگەی ڕۆژێکی زەحمەتیان گرتبوو و بێ سەبر بوون بۆ ڕۆیشتن.

Ask me one difficult question, sad Birbal.

بیربال گووتی ، یەک پرسیاری قورسم لێبکە.

Well, then, tell me, said the man, which came first into the world, the chicken or the egg?

پیاوەکە گووتی ، باشە ، کەواتە پێم بڵێ کامەیان سەرەتا هاتوون بۆ سەرزەمین ، مریشک یان هێلکە؟

The chicken, replied Birbal.

بیربال وەڵامی دایەوە ، مریشک.

How do you know? asked the scholar, a note of triumph in his voice.

ڕۆشنبیرەکە پرسیاری کرد چۆن دەزانی؟ ، بردنەوە لە دەنگی تێبینی دەکرا.

We had agreed you would ask only one question and you have already asked it, said Birbal and he and the emperor walked away leaving the scholar gaping.

بیربال وتی ، ئێمە ڕازی بووین تۆ تەنها یەک پرسیار بکەی و کە پێش ئێستا کردت ، ئەو و ئیمپراتۆرەکە ڕۆیشتن ڕۆشنبیرەکەیان دەمچەقاو جێهێشت.

Translated by : Hatam Kareem

scholar→→→ بیرمەند ، ڕۆشنبیر ، توێژەر

court→→→ کۆشکی شاهانە

emperor→→→ ئیمپراتۆر

challenge→→→ تاقیکردنەوە

thus→→→ بەم شێوەیە ، بەم جۆرە

prove→→→ سەلماندن

prefer→→→ پەسەندکردن

impatient→→→ بێ ئارام

triumph→→→ سەرکەوتن ، بردنەوە

gaping→→→ دەمچەقاوو ، سەرسوڕماو

## چیرۆکی چل و چوارەم

## Nasruddin Preaching at Village..!

## نەسرەددین وتاردەدات لە گوندەکە...!

Nasruddin used to preach at a villages on Friday's only.

نەسرەددین تەنها لە ڕۆژانی هەینی وتاری دەدا لە گوندەکان.

Once he had nothing to preach about, so he asked congregation, "Do you know what I am going to discuss today with you?"

People replied, "No."

"Then I refuse to teach such ignorant people who don't even know given the event in past week.!!" said Nasruddin and left assembly.

جارێکیان هیچی نەبوو دەربارەی وتار بدات، بۆیە پرسیاری لە کۆمەڵە خەڵکەکە کرد ، "ئایا دەزانن ئەمڕۆ دەربارەی چی قسەتان بۆ دەکەم؟"

خەڵکەکە وەڵامیان دایەوە ، "نەخێر."

" کەوابوو من ڕەتی دەکەمەوە خەڵکێکی وا نەزان فێربکەم کە تەنانەت ڕووداوی هەفتەی پێشووش نازانن..!!" نەسرەددین ئەوەی گووت و کۆبونەوەی جێهێشت.

Next Friday he went to village and asked, "Do you know the subject for discussion today?"

This time people were fearing about repetition of previous week so they replied, "Yes. We know."

"Well then, there is no point in telling you what you already know.." Said Nasruddin and left.

هەینی دواتر چووە گوندەکە و پرسیاری کرد ، "بابەتی گفتوگۆی ئەمڕۆ دەزانن؟"

ئەو جارە خەڵک ترسان لەوەی حاڵەتی هەفتەی پێشوو دووبارەبێتەوە بۆیە وەڵامیان دایەوە ، "بەڵێ. دەزانین."

"باشە لەو حاڵەتەدا ، هیچ خاڵێک نییە پێتان بڵێم کە ئێستا دەیزانن.." نەسرەددین ئەوەی گووت و ڕۆیشت.

Next friday he went to assembly and asked, "Do you know what i am going to discuss about?"

Not knowing what to say some said yes and some said no.

"Good, then.. Those who know can tell to those, who don't know." Said Nasruddin and left.

هەینی دواتر چووە کۆبوونەوەکە و پرسیاری کرد ، "دەزانن دەربارەی چی گفتوگۆ دەکەم؟"

نەیاندەزانی چی بڵێن هەندێکیان گووتیان بەڵێ وە هەندێکیان گووتیان نەخێر. "باشە ، لەو حاڵەتەدا.. ئەوانەی دەیزانن دەتوانن بە ئەوانە بڵێن کە نایزانن." نەسرەددین ئەوەی گووت و ڕۆیشت.

Translated by : Hatam Kareem

preaching➞➞➞ ئامۆژگاری کردن ، وتاردان

congregation➞➞➞ خربوان ، گوێگران ، کۆمەڵێک خەڵک

ignorant➞➞➞ نەزان

even➞➞➞ تەنانەت

assembly➞➞➞ کۆبونەوە

repetition➞➞➞ دووبارەبوونەوە

previous➞➞➞ پێشوو

## چیرۆكی چل و پێنجەم

## Blind Imitation Is Bad

## لاسایكردنەوەی كوێر خراپە

One day, a saint while going somewhere with his disciples saw a pond full of fishes, on the way. He stopped there and started filling his mouth with fish. The disciples followed their guru. The saint said nothing to them and after some time moved ahead.

ڕۆژێكیان ، شێخێک لەكاتێكدا دەڕۆیشتە شوێنێک لەگەڵ مورىدەكانی گۆمێكی پڕ ماسی بینی. لەسەر ڕێگایەكە. لەوێ ڕاوەستا و دەمی خۆی پڕكرد لە ماسی. موریدەكان شوێنی مامۆستا ئایینیەكەیان كەوتن. شێخەكە هیچی پێیان نەگووت و دوای ماوەیەک بەرەوپێش ڕۆیشت.

Then they reached another pond, where there were no fishes. The saint stood at its shore and started taking out the fishes he had swallowed. When the disciples saw this, they were amazed and also tried to vomit out the fishes, but after many attempts, they could only take out some dead fishes.

پاشان گەیشتنە گۆمێكی تر ، كە لەوشوێنە هیچ ماسی لێنەبوو. پیاوچاكەكە لە ڕۆخی خۆی وەستا و دەستیكرد بە دەرهێنانی ماسیەكانی قوتی دابوون. كاتێک موریدەكانی ئەوەیان بینی ، سەریان سوڕما و هەروەها هەوڵیاندا ماسیەكان بە ڕشانەوە فڕێبدەنە دەرەوە ، بەڵام دوای چەندین هەوڵ ، توانیان تەنها هەندێ ماسی مردوو دەربهێنن.

At this, the saint said,  “Fools, when you didn‘t know how to keep the fishes alive in the stomach, then why did you imitate me? “

لەوكاتەدا ، قەشەكە گووتی ، “گەمژەكان ، كاتێک نازانن چۆن ماسیەكان زیندوو بهێڵنەوە لە گەدە، ئەی بۆچی لاسایی منتان كردەوە؟”

Its truly said that never imitate anyone.

ڕاست دەكەن كە دەڵێن لاسایی هیچ كەس مەكەوە.

Translated by : Hatam Kareem

imitation➞➞➞ لاساییكردنەوە ، چاولێكردن

saint➞➞➞ قەشە ، شێخ ، پیاوچاک

disciple➞➞➞ مورید

pond➞➞➞ گۆم

filling➞➞➞ پڕكردن

followed➞➞➞ شوێنی كەوت

guru➞➞➞ مامۆستای ئایینی(لە ئایینی هیندۆسی)

shore→→→ ڕۆخ ، کەنار

taking out→→→ دەرهێنان

swallow→→→ قوتدان

vomit→→→ ڕشانەوە

attempt→→→ هەوڵ

fool→→→ گەمژە ، گەوج

stomach→→→ گەدە

چیرۆکی چل و شەشەم

## NAUGHTY JOHN

## جۆنی لاسار

John was a very notorious boy. He was very fond of chocolates. One day he went to his neighbour who gave him some chocolates to eat. He felt very happy, quickly ate up all of them and asked for more.

جۆن کوڕێکی زۆر بەدناوبوو. زۆر حەزی لە چوکلێت بوو. ڕۆژێکیان چووە لای دراوسێیەکەی ئەوەی کە هەندێ چوکلێتی پێدا بۆ خواردن. زۆر هەستی بە دڵخۆشی کرد ، بەخێرایی هەموویانی هەڵ لوشی و داوای زیاتری کرد.

The aunty got angry and said that she had no more chocolates left. Then John pointed out to a box in the cupboard and asked, "Then what is there in that box?" "That box is filled with insects", replied the aunty. Later that day, on getting an opportunity, he ate up all the chocolates in the box and filled it with many insects.

پووری توڕەبوو و گووتی کە هیچ چوکلێتی تری نەماوە. پاشان جۆن سەرنجی ڕاکێشا بۆ سندووقێک لەسەر دۆلابەکە وە پرسیاری کرد ، "باشە ئەی چی لەناو سندووقەکە دایە؟" پووری وەڵامی دایەوە "ئەو سندووقە پڕکراوە بە مێروو." دوای ئەو ڕۆژە ، لەکاتی دەستکەوتنی دەرفەتێک ، هەموو چوکلێتەکانی ناو سندووقەکەی هەڵ لوشی و پڕی کرد لە مێرووی زۆر.

When aunty came to know about it, she got very angry and scolded him.

کاتێک پوورەکە بەوەی زانی ، زۆر تووڕەبوو و سەرزەنشتی کرد.

Translated by : Hatam Kareem

naughty→→→ لاسار ، بزێو

notorious→→→ لاسار ، بەدناو

fond→→→ شەیدا ، زۆر حەزلێبوون

ate up→→→ هەڵی لووشی ، هیچی نەهێشتەوە

no more→→→ زیاتر

pointed out→→→ سەرنجی ڕاکێشا

cupboard→→→ دۆلاب

insect→→→ مێروو

opportunity→→→ هەل ، دەرفەت

scolded→→→ سەرزەنشتی کرد ، لۆمەی کرد

چیرۆکی چل و حەفتەم

## THE CLEVER PLAN

## پلانێکی زیرەکانە

One day a boy called Sunny came to a garden full of mango trees. But there was a guard guarding the trees. So, he thought of a plan. He went to the guard and asked him to play with him.

ڕۆژێکیان کوڕێک بەناوی سەنی چوو بۆ باخچەیەکی پڕ لە درەختی مانگۆ. بەڵام لەوێ پاسەوانێک هەبوو پاسەوانی درەختەکانی دەکرد. بۆیە ، بیری لە پلانێک کردەوە. چووە لای پاسەوانەکە و داوای لێکرد یاری لەگەڵدا بکات.

The guard agreed. Sunny drew a circle around the guard and told him that if he stepped out, he would have to pay penalty. The guard stood inside the circle and in the meantime Sunny climbed up a tree and plucked many mangoes.

پاسەوانەکە ڕازیبوو. سەنی بازنەیەکی بەدەوری پاسەوانەکە کێشا و پێی گووت کە ئەگەر بچێتە دەرەوە ، پێویستە سزاکەی بدات. پاسەوانەکە لەناو بازنەکە ڕاوەستا وە لەو کاتەدا سەنی بازیدا سەر درەختێک و مانگۆی زۆری لێکردەوە.

The guard saw it all but could do nothing. Soon, Sunny fled away with mangoes.

پاساوانەکە هەمووی بینی بەڵام هیچی نەکرد. هەرزوو ، سەنی هەڵات بە مانگۆیەکان.

Translated by : Hatam Kareem

guard→→→ پاسەوان

guarding→→→ پاسەوانی کردن

stepped out→→→ چووە دەرەوە

penalty→→→ سزا

meantime→→→ لەو کاتەدا

climbed up→→→ سەرکەوتە سەر

plucked→→→ لێی کردەوە

fled→→→ ڕایکرد

## چیرۆکی چل و هەشتەم

# THE CLEVER WOLF

## گورگە زیرەکەکە

One day, a shepherd went to the pastures for grazing his sheep. He was looking after them, when suddenly he saw a wolf approaching him and his herd of animals. He got scared.

ڕۆژێکیان ، شوانێک چوو بۆ لەوەڕگایەک بۆ لەوەڕاندنی مەڕەکانی. چاودێری دەکردن ، کاتێک لەناکاو گورگێکی بینی نزیکبوویەوە لەخۆی و هەروەها لە ڕەوە ئاژەڵەکانیش. ترسا.

But the wolf didn't do anything. He kept moving around the sheep as if to guard them. The shepherd thought that the wolf had changed with the time. Now he had become a vegetarian.

بەڵام گورگەکە هیچی نەکرد. بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن بەدەوری مەڕەکان هەروەکو ئەوەی پاسەوانیان بکات. شوانەکە پێیوابوو کە گورگەکە بەپێی کات گۆڕاوە. ئێستا بۆتە ڕووەک خۆرێک.

So, the shepherd gave him the responsibility of guarding his sheep and went to take a nap. When he woke up, he was shocked to see that the wolf had eaten all his sheep and had fled the scene.

بۆیە ، شوانەکە ئەرکی پاسەوانی مەڕەکانی پێدا و چوو سەرخەوێک بشکێنێت. کاتێک لەخەو هەستا ، شۆک بوو کە بینی گورگەکە هەموو مەڕەکانی خواردبوو وە لەشوێنی ڕووداوەکە ڕایکردبوو.

Translated by : Hatam Kareem

shepherd→→→ شوان

pasture→→→ لەوەڕگا

grazing→→→ لەوەڕاندن

look after→→→ چاودێری کردن ، ئاگاداریکردن

approaching→→→ نزیکبوونەوە

herd→→→ ڕەوە(گرووپی ئاژەڵێک)

guard→→→ پاسەوان

vegetarian→→→ ڕووەک خۆر

responsibility→→→ ئەرک

take a nap→→→ سەرخەو شکاندن(خەوتن بۆ ماوەیەکی کورت)

scene→→→ شوێنی ڕووداو

fled→→→ ڕایکرد

چیرۆکی چل و نۆیەم

## THE FIRE SPECIALISTS

## شارەزایەکان لە ئاگر

Once there was a big haystack near a village and several small animals had made their homes in it. Among them were a snake, a tortoise and a jackal.

جارێکیان خەرمانێکی گەورە هەبوو لەنزیک گوندێک وە چەندین ئاژەڵی بچووکماڵی خۆیان لەناوی دروستکردبوو. لەنێوانیان مارێک و کیسەڵێک وە چەقەڵێک هەبوون.

One day, all the three creatures were gossiping, when suddenly they heard some people shouting Fire! Fire! the snake said that he knew hundred ways to deal with the fire and the tortoise said that he knew thousand ways.

ڕۆژێکیان ، هەر سێ گیاندارەکە دەمەقاڵێیان بوو ، کاتێک لەناکاو گوێیان لە هەندێ خەڵک بوو هاواریان دەکرد ئاگر! ئاگر! مارەکە گووتی کە ئەو سەد ڕێگا دەزانێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاگرەکە وە کیسەڵەکە گووتی کە ئەو هەزار ڕێگا دەزانێ.

When it was the Jackal's turn, he said, "I know only one way to deal with the fire and that is to run away."

کاتێک نۆرەی چەقەلەکە بوو ، گووتی ، "من تەنها یەک ڕێگە دەزانم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاگرەکە وە ئەویش ڕاکردنە."

Saying this, the Jackal ran away and other fire specialists got burnt in the fire.

ئەوەی گووت ، چەقەلەکە ڕایکرد و ئەوانی تری شارەزای ئاگر لەناو ئاگرەکەدا سووتان.

Translated by : Hatam Kareem

haystack➞➞➞ خەرمان ، پووش ، کادان

among➞➞➞ لەنێوان

tortoise➞➞➞ کیسەڵ

jackal➞➞➞ چەقەڵ(جۆرە سەگێکی دڕندەی شەوانە)

gossiping➞➞➞ دەمەقاڵێ ، دەمەتەقێ ، واتە وات

turn➞➞➞ نۆرە

specialist➞➞➞ شارەزا

burnt➞➞➞ سووتان

چیرۆکی پەنجایەم

# THE LAW OF MOTION

## یاسای جوڵە

John and James were neighbours and envy of each other. One day, John while taking a walk on his terrace saw smoke all around him. He looked down and saw that James was burning some leaves. He asked him not to do so.

جۆن و جەیمس دراوسێ بوون و بەخیلیان بەیەکتری دەبرد. ڕۆژێکیان ، جۆن کاتێک پیاسەی دەکرد لەسەر هەیوانەکەی لە هەموو دەوروبەری دووکەڵی بینی. تەماشای خوارەوەی کرد و بینی کە جەیمس هەندێ گەڵا دەسوتێنێت. داوای لێکرد لە ئێستاوە ئەوە نەکات.

At this, James replied, "What can I do in this? Smoke always goes up." Then John brought a bucket full of water and poured it over the burning leaves.

لەو کاتەدا ، جەیمس وەڵامی دایەوە ، "ئایا من دەتوانم ئەوە بگۆڕم؟ دووکەڵ هەمیشە بەرزدەبێتەوە." پاشان جۆن سەتڵێکی پڕ لە ئاوی هێنا و ڕژاندی بەسەر گەڵا سوتاوەکان.

When James shouted at him, he said, "What can I do in this? Water always flows down."

کاتێک جەیمس هاواری کرد بەسەری ، گووتی ، "ئایا من دەتوانم ئەوە بگۆڕم؟ ئاو هەمیشە دەڕژێتە خوارەوە."

James had no answer to this.

جەیمس هیچ وەڵامی پێنەبوو بۆ ئەمە.

Translated by : Hatam Kareem

motion➞➞➞ جوڵە

envy➞➞➞ بەخیلی ، حەسوودی

take a walk➞➞➞ پیاسەکردن

terrace➞➞➞ هەیوان

all around➞➞➞ هەموو دەوروبەری

smoke➞➞➞ دووکەڵ

burning➞➞➞ سوتاندن

leaves➞➞➞ گەڵاکان

what can I do➞➞➞ ئەو بارودۆخەی کە ناتوانرێ بگۆڕدرێ ، ناتوانم بیگۆڕم

smoke→→→ دووکەڵ

go up→→→ بەرزبوونەوە

bucket→→→ سەتڵ

poured→→→ ڕژاندی

burning→→→ سووتان

## چیرۆکی پەنجا و یەکەم

## A beautiful true love story

## چیرۆکێکی جوانی خۆشەویستی ڕاستەقینە

One day, a young guy and a young girl fell in love.

ڕۆژێکیان ، کوڕێک و کچێکی گەنج عاشقی یەکتر بوون.

But the guy came from a poor family. The girl’s parents weren’t too happy.

بەڵام کوڕەکە لە خێزانێکی هەژاربوو. دایک و باوکی کچەکە زۆر خۆشحاڵ نەبوون.

So the young man decided not only to court the girl but to court her parents as well. In time, the parents saw that he was a good man and was worthy of their daughter’s hand.

بۆیە پیاوە گەنجەکە بڕیاری دا تەنها سەرنجی کچەکە ڕانەکێشی بەڵکو سەرنجی دایک و باوکیشی ڕابکێشێ. لەو کاتەدا ، دایک و باوکەکە زانیان کە پیاوێکی باشە وە گونجاویشە کچەکەیانی پێبدەن.

But there was another problem: The man was a soldier. Soon, war broke out and he was being sent overseas for a year. The week before he left, the man knelt on his knee and asked his lady love, “Will you marry me?” She wiped a tear, said yes, and they were engaged. They agreed that when he got back in one year, they would get married.

بەڵام کێشەیەکی تر هەبوو: پیاوەکە سەربازێک بوو. زوو ، شەڕ هەڵگیرسا و بۆماوەی ساڵێک ناردرایە وڵاتە دوورەکان. هەفتەیەک پێش ئەوەی بڕوا ، پیاوەکە چۆکی دادا سەر ئەژنۆیەکانی و پرسیاری لە خۆشەویستەکەی کرد ، “شووم پێدەکەی؟” کچەکە فرمێسی سڕی ، گووتی بەڵێ ، وە ئەوان بوونە دەزگیران. ڕازیبوون کە کاتێک پیاوەکە گەڕایەوە لەماوەی ساڵێک ، هاوسەرگیری بکەن.

But tragedy struck. A few days after he left, the girl had a major vehicular accident. It was a head-on collision.

بەڵام ڕووداوێکی ناخۆش ڕوویدا. چەند ڕۆژێکی کەم دوای ڕۆیشتنی ، کچەکە ڕووداوێکی گواستنەوەی مەترسیداری بەسەرهات. ڕێک بەر سەری کەوتبوو.

When she woke up in the hospital, she saw her father and mother crying. Immediately, she knew there was something wrong.

کاتێک هەستایەوە لە نەخۆشخانە ، بینی دایک و باوکی دەگریان. یەکسەر ، زانی شتێک کەموکورتی هەیە.

She later found out that she suffered brain injury. The part of her brain that controlled her face muscles was damaged. Her once lovely face was now disfigured. She cried as she saw herself in the mirror. “Yesterday, I was beautiful. Today, I’m a monster.” Her body was also covered with so many ugly wounds.

دواتر زانی کە مێشکی ئازاری بەرکەوتووە. بەشێکی مێشکی کە کۆنترۆڵی ماسوولکەکانی ڕووخساری دەکرد زیانی پێگەیشتبوو. ڕووخسارە جوانەکەی ئێستا شێوابوو. گریا کاتێک خۆی لە ئاوێنە بینیەوە. “دوێنێ ، جوان بووم. ئەمڕۆ ، دەعباییکم. هەروەها جەستەشی داپۆشرابوو بە زۆر برینی ناشرین.

Right there and then, she decided to release her fiancé from their promise. She knew he wouldn't want her anymore. She would forget about him and never see him again.

ڕێک لەوێ لەوکاتەدا ، بڕیاری دا واز لە بەڵێنەکەی بە دەزگیرانەکەی بهێنێت. کچەکە زانی کوڕەکە چیتر ئەوی ناوێ. ئەوی لەبیری کرد و هەرگیز نەیبینیەوە.

For one year, the soldier wrote many letters—but she wouldn't answer. He phoned her many times but she wouldn't return her calls.

لەماوەی یەک ساڵ ، سەربازەکە زۆر نامەی نووسی_ بەڵام ئەو وەڵامی نەدایەوە. زۆر جار تەلەفۆنی بۆ کرد بەڵام وەڵامی تەلەفۆنەکانی نەدایەوە.

But after one year, the mother walked into her room and announced, "He's back from the war."

بەڵام دوای یەک ساڵ ، دایکی چووە ژوورەکەیەوە و ئاگاداری کردەوە ، "ئەو لە جەنگ گەڕاوەتەوە."

The girl shouted, "No! Please don't tell him about me. Don't tell him I'm here!"

کچەکە هاواری کرد ، "نەخێر! تکایە پێی مەڵێ دەربارەی من. پێی مەڵێ من لێرەم!"

The mother said, "He's getting married," and handed her a wedding invitation.

دایکی گووتی ، "ئەو ژنی هێناوە ، هەروەها کارتێکی ئاهەنگی هاوسەرگیری دایە دەستی.

The girl's heart sank. She knew she still loved him—but she had to forget him now.

دڵی کچەکە وێران بوو. کچەکە زانی هێشتا کوڕەکە خۆشی دەوێ _بەڵام کچەکە ئێستا پێویستبوو لەبیری بکا.

With great sadness, she opened the wedding invitation.

بە خەمێکی گەورەوە ، کارتی ئاهەنگی هاوسەرگیریەکەی کردەوە.

And then she saw her name on it!

وە پاشان ناوی خۆی لەسەری بینی!

Confused, she asked, "What is this?"

سەری لێ شێوا ، پرسیاری کرد ، "ئەوە چییە؟"

That was when the young man entered her room with a bouquet of flowers. He knelt beside her and asked, "Will you marry me?"

لەو کاتەدا پیاوە گەنجەکە هاتە ژوورەوە بە چەپکێک گوڵەوە. چۆکی دادا لەلای و پرسیاری لێکرد ، "شووم پێدەکەی؟"

The girl covered her face with her hands and said, "I'm ugly!"

کچەکە دەموچاوی خۆی داپۆشی بە دەستەکانی و گووتی ، "من ناشرینم!"

The man said, "Without your permission, your mother sent me your photos. When I saw your photos, I realized that nothing has changed. You're still the person I fell in love. You're still as beautiful as ever. Because I love you!"

پیاوەکە گووتی ، "بەبێ ڕوخسەت وەرگرتن لە تۆ ، دایکت وێنەکانتی بۆ ناردم. کاتێک وێنەکانتم بینی ، زانیم کە هیچ شتێک نەگۆڕاوە. تۆ هێشتا ئەو کەسەی کە من عاشقیم. تۆ هێشتا وەکو پێشتر جوانی. چونکە خۆشم دەوێی!"

Translated by : Hatam Kareem

guy→→→ كوڕ

fell in love→→→ كەوتنە داوی خۆشەویستی ، عاشقبوون

court→→→ سەرنجڕاكێشان

as well→→→ هەروەها

worthy→→→ گونجاو

hand→→→ پێدان

broke out→→→ هەڵگیرسان(شەڕ)

overseas→→→ وڵاتە دوورەكان

knelt→→→ چۆكدادان

knee→→→ ئەژنۆ

lady love→→→ خۆشەویست ، یار

wiped→→→ سڕی

engaged→→→ دەسگیراندار

tragedy→→→ تراژیدا ، ڕووداوی ناخۆش

struck→→→ ڕوویدا

major→→→ مەترسیدار

vehicular→→→ گواستنەوە

accident→→→ ڕووداو

head on→→→ ڕاستەوخۆ

collusion→→→ بەیەكداكەوتن

immediately→→→ یەكسەر

found out→→→ زانی

brain→→→ مێشك

injury→→→ ئازار

suffered→→→ چەشتن

muscle→→→ ماسوولکە

damaged→→→ زیانی پێ گەیشت

lovely→→→ جوان

disfigured→→→ شێوا

monster→→→ دەعبا

ugly→→→ ناشرین

wound→→→ برین

release→→→ کۆتایی پێهێنان

fiance→→→ دەزگیران(کوڕ)

anymore→→→ دووبارە

announced→→→ ڕایگەیاند

wedding invitation→→→ کارتی ئاهەنگی هاوسەرگیری

sank→→→ وێران

still→→→ هێشتا

confused→→→ سەرلێشێواو

bouquet→→→ چەپک

bouquet of flowers→→→ چەپکی گوڵ

permission→→→ ڕێدان ، ڕوخسەت وەرگرتن

realized→→→ زانی

## چیرۆکی پەنجا و دووەم

# Just for laught

# تەنها بۆ پێکەنین

Once, there was a boy , his mother went to a market.Before she went,she said to him, 'Bill,when i am away,stay near the door and watch it all the time.'She said this because there were a lot of thieves in their town.

Bill sat down beside the door.After an hour one of his uncles came.He said to Bill,'Where is your mother?'

'At the market,' he answered.

'Well' said the uncle,we are going to visit your house this evening.Go and tell her!'

Then his uncle went away and he began to think 'Mother said, "Watch the door all the time!" and Uncle said, "Go and tell her"!'

He thought and thought,then at last, he pulled the door down,put it on his back and went to his mother with it!

جارێکیان ، کوڕێک هەبوو ، دایکی چوو بۆ بازاڕ. پێش ئەوەی بڕوات ، پێی گووت ، 'بیڵ ، کاتێک من ڕۆیشتم ، لەنزیک دەرگاکە بمێنەوە و بەبەردەوامی چاودێری بکە.'لەبەرئەوە ئەوەی گووت چونکە لە شارۆچکەکەیان دزانێکی زۆر هەبوون. بیڵ لای دەرگایەکە دانیشت. دوای کاتژمێرێک یەکێک لە مامەکانی هات. بە بیڵی گووت ، 'دایکت لەکوێیە؟ وەڵامی دایەوە 'لە بازاڕە.'

مامی گووتی 'باشە ئێمە ئەمشەو سەردانیماڵی ئێوە دەکەین. بڕۆ و پێی بڵێ!'

پاشان مامی ڕۆیشت و کوڕەکە دەستیکرد بە بیرکردنەوە ، 'دایکم گووتی "بەبەردەوامی چاودێری دەرگایەکە بکە" وە مامم گووتی ، "بڕۆ و پێی بڵێ!"

بیری کردەوە و بیری کردەوە ، کە لەئەنجامدا دەرگایەکەی هەڵوەشاندەوە ، لەسەر پشتی داینا و بە دەرگاوە چوو بۆ لای دایکی!

Translated by : Hatam Kareem

away→→→ ڕۆیشتن

watch→→→ چاودێری کردن

all the time→→→ بەبەردەوامی

thieves→→→ دزەکان

went away→→→ ڕۆیشت

at last→→→ لەئەنجامدا

Pull down→→→ هەڵوەشاندنەوە ، وێرانکردن

چیرۆکی پەنجا و سێیەم

## PLAN OF MURDER

## پلانی کوشتن

One day, James was walking down the road. Suddenly, he heard some noises coming from inside a shop. He tried to hear what was going inside and heard someone saying, "First we will cut his arms and then his shoulders."

رۆژێکیان ، جەیمس بەرەو خوارەوەی ڕێگاکە دەڕۆیشت. لەناکاو ، گوێی لە هەندێ دەنگە دەنگبوو لە ناوەوەی دووکانێک دەهات. هەوڵیدا گوێبگرێ چ لەژوورەوە ڕوودەدا و گوێی لێبوو کەسێک دەیگووت ، "یەکەم جار قۆڵەکانی دەبڕین و پاشان شانەکانی."

James got frightened thinking that someone was planning a murder. He immediately ran and informed the cops. The police went with him and broke the shop's door. On investigating they found that it was a tailor's shop and the tailor was talking about a piece of cloth and not about any person.

جەیمس ترسا پێیوابوو کە کەسێک پلانێکی کوشتن دادەنێ. یەکسەر ڕایکرد و پۆلیسی ئاگادارکردەوە. پۆلیس لەگەڵی ڕۆیشتن و دەرگای دووکانەکەیان شکاند. لەکاتی پشکنین زانیان کە ئەوە دووکانی بەرگدرووی و بەرگدرووەکە قسەدەکا دەربارەی پارچەیەک کوتاڵ نەک دەربارەی هیچ کەسێک.

James felt embarrassed and went on his way.

جەیمس هەستی بە شەرمەزاری کرد و بەرێگای خۆی ڕۆیشت.

Translated by : Hatam Kareem

murder→→→ کوشتن

noise→→→ دەنگەدەنگ ، هاتوهاوار

frightened→→→ ترسا

murder→→→ کوشتن

immediately→→→ یەکسەر

informed→→→ ئاگاداری کردەوە

cop→→→ پۆلیس

investigating→→→ پشکنین

found→→→ زانی

tailor→→→ بەرگدروو

piece→→→ پارچە

cloth→→→ كوتاڵ

embarrassed→→→ تەريقبووەوە ، شەرمەزاربوو

## چیرۆکی پەنجا و چوارەم

## Stranger Knock on Door..!!

## کەسێکی بێگانە لە دەرگا دەدات..!!

One day Nasrudin was working on his roof fixing some leak. He was interrupted by a stranger knocking on his door.

ڕۆژێکیان نەسرەددین ئیشی لە سەربانی خۆیدا دەکرد هەندێ کون و کەلێنی چاکدەکردەوە. لەپڕ لە کارکردن وەستێنرا لەلایەن کەسێکی بێگانە لە دەرگای ئەویدا.

Hearing the knock Nasrudin shouted from the roof top, “What do you want?”

نەسرەددین گوێی لە لێدانی دەرگایەکە بوو لە بڵندایی سەربانەکەوە هاواریکرد ، “چیت دەوێ؟”

Stranger replied, “You have to come down so that I can tell you..”

کەسە بێگانەکە وەڵامی دایەوە ، “پێویستە بێیە خوارەوە تاکو بتوانم پێت بڵێم..”

Already frustrated by the work and heat Nasrudin came down angrily.

بەرلەوە بەهۆی کارکردن و گەرما بێزارببوو نەسرەددین بەتوڕەییەوە هاتەخوارەوە.

After getting down Nasrudin went to stranger and questioned, “Now, tell me what’s so important??”

دوای ئەوەی هاتەخوارەوە چووە لای کەسە بێگانەکە و پرسیاری لێکرد ، “ئێستا ، پێم بڵێ چ شتێک ئەوەندە گرنگە؟”

Stranger pointing to an old man and said, “Well, can you spare some food for this old man.”

کەسە بێگانەکە ئاماژەی بۆ پیاوێکی بەتەمەن کرد و گووتی ، “باشە ، تۆ دەتوانی هەندێ خواردن بدەی بەو پیاوە بەتەمەنە.”

Listening to this Nasrudin turned back and started climbing up stairs and asked that strange man to follow him to up to roof.

گوێی لەوەبوو نەسرەددین گەڕایەوە ئەو شوێنەی لێیبوو و سەرکەوتە سەر پەیژەکان و داوای کرد کە پیاوە بێگانەکە شوێنی بکەوێ بۆ سەر سەربانەکە.

When they both reached roof Nasrudin turned to stranger and said, “Well, No I can’t. Now get off my roof..”

کاتێک هەردووکیان گەیشتنە سەربانەکە نەسرەددین ڕووی لە کەسە بێگانەکە کرد و گووتی ، “باشە ، نەخێر ناتوانم. ئێستاش لە سەربانەکەم برۆ خوارەوە..”

Translated by : Hatam Kareem

stranger➞➞➞ کەسێکی نامۆ ، کەس بێگانە ، بیانی

knock➞➞➞ لێدان(لە دەرگا)

Work on➡➡➡ ئیشتێکردن ، کارتێکردن

roof➡➡➡ سەقف ، بنمیچ ، سەربان

fixing➡➡➡ چاککردنەوە

leak➡➡➡ کون

interrupted➡➡➡ لەپڕ وەستان لە کار بەهۆی کەسێک

frustrate➡➡➡ پەستکردن ، بێزاربوون ، وەڕسبوون

spare➡➡➡ پێدان

turned back➡➡➡ گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی کە پێشتر لێیبوویت

climb up➡➡➡ سەرکەوتن

reach➡➡➡ گەیشتن

get off➡➡➡ دابەزین ، هاتنەخوارەوە

چیرۆکی پەنجا و پێنجەم

## LAUGHING STOCK

## گاڵتەجار

Once there was a boy called Pat who had a habit of laughing at every small thing. One day, he went to a bank with his mother. When she was depositing money, three robbers entered the bank. They opened fire.

جارێکیان کورێک هەبوو ناوی پات بوو کە عادەتێکی هەبوو بەهەموو شتێکی بچووک پێدەکەنی. ڕۆژێکیان ، لەگەڵ دایکی چوو بۆ بانکێک. کاتێک دایکی پارەی دادەنا ، سێ دز هاتنە ژوورەوەی بانکەکە. دەستیان کرد بە تەقەکردن.

All the people in the bank got scared. Suddenly, Pat started laughing loudly. The robbers thought that there must be some trap laid for them in the bank. Their minds got distracted and in the meantime, the guards overpowered them.

هەموو خەڵکی بانکەکە توقین. لەناکاو ، پات بەدەنگی بەرز دەستیکرد بە پێکەنین. دزەکان پێیان وابوو کە دەبێ هەندێ تەڵەیان بۆ دانرابن لە بانکەکە. مێشکیان تێکەڵ و پێکەڵ بوو وە لەو کاتەدا ، پاسەوانەکان بەسەریاندا زاڵبوون.

The robbers were handed over to the cops. Everybody praised Pat. When his mother asked him that why he laughed, he replied, "The mole on one of the robber's face was very funny."

دزەکان درانە دەست پۆلیس. هەموویان ستایشی پاتیان کرد. کاتێک دایکی پرسیاری لێکرد کە بۆچی پێکەنی ، وەڵامی دایەوە ، "خاڵی سەر ڕووخساری یەکێک لە دزەکان زۆر پێکەنیناوی بوو."

Translated by : Hatam Kareem

laughing stock→→→ گاڵتەجار ، گاڵتەپێکردن و ئەو شتەی دەبێتە هۆی پێکەنین

deposit→→→ دانان(پارە)

robber→→→ دز ، چەتە

enter→→→ چوونەژوورەوە

open fire→→→ تەقەکردن

scare→→→ توقین ، ترسان

trap→→→ تەڵە

lay→→→ دانان

distract→→→ تێکەڵ و پێکەڵ

meantime➞➞➞ لەوکاتەدا

guard➞➞➞ پاسەوان

overpower➞➞➞ بەسەردا سەرکەوتن

hand over➞➞➞ دەیداتە دەست

cop➞➞➞ پۆلیس

praise➞➞➞ ستایش کردن ، ئافەرین لێکردن

mole➞➞➞ خاڵی سەر پێست یان ڕوخسار

چیرۆکی پەنجا و شەشەم

# THE GIRAFFE'S NECK

## ملی زەڕافە

Long time ago, giraffe's neck used to be short. One day, some animals of the jungle decided to play hide and seek. Monkey said that he would seek all the animals.

سەردەمانێک پێش ئێستا ، ملی زەڕافە کورت بوو ، ڕۆژێکیان ، هەندێک لە ئاژەڵەکانی دارستانەکە بڕیاریان دا یاری چاوشارکێ بکەن. مەیموون گووتی کە ئەو بەدوای هەموو ئاژەڵەکان دەگەڕێ.

All the animals ran to hide themselves but giraffe couldn't find a proper place to hide. He saw a hollow in a tree and tried to get inside. But his neck got stuck in there. He tried hard to free himself but all went in vain. The giraffe started screaming.

هەموو ئاژەڵەکان ڕایانکرد تا خۆیان بشارنەوە بەڵام زەڕافە نەیتوانی شوێنێکی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ خۆشاردنەوە. کونێکی بینی لە درەختێک و هەوڵیدا بچێتە ناوی. بەڵام ملی گیربوو لەوێ. زۆر هەوڵیدا خۆی ڕزگاربکا بەڵام هەموو هەوڵەکانی بێ سوودبوو. زەڕافەکە دەستیکرد بە هاوارکردن.

On hearing the cries, all the animals came out of their hideouts. They pulled the giraffe out by his neck and it got elongated. Since then giraffe's neck is long.

کاتێ گوێیان لە هاوارەکە بوو ، هەموو ئاژەڵەکان لە حەشارگاکانیان هاتنە دەرەوە. زەڕافەکەیان دەرهێنا بەهۆی ملی وە ملی درێژبۆوە. لەوکاتەوە ملی زەڕافە درێژە.

Translated by : Hatam Kareem

jungle→→→ دارستان

hide and seek→→→ یاری چاوشارکێ

seek→→→ بەدواگەڕان

proper→→→ گونجاو

hollow→→→ کون ، چاڵ

stuck→→→ گیربوون ، عاسێ بوون

in vain→→→ بێ سوود ، بێ کەڵک

screaming→→→ هاوار

hideout→→→ حەشارگا ، لانە

elongate→→→ درێژبوونەوە

## چیرۆکی پەنجا و حەفتەم

# TO THE CITY IN A MINUTE

# بەرەو شار لە خولەکێکدا

Once, a cat thought of going to the city to see its lifestyle. But first she wanted to know how much time it will take to reach the city. She thought of calling the elephant as only he could tell that how long it will take to reach the city as he often goes there. She called the elephant and started enquiring. Just then the elephant received a call on another line. The elephant said to the cat, Just a minute. The cat put down the receiver and thought that it would take a minute to reach the city.

جارێکیان ، پشیلەیەک بیری کردەوە بچێتە شار بۆ بینینی چۆنیەتی ژیانی شار. بەڵام یەکەم جار ویستی بزانێ چەند کات دەخایێنێ تا دەگات بە شارەکە. بیری کردەوە پەیوەندی بە فیل بکات چونکە تەنها ئەو بەزۆری دەچووە ئەوێ. پەیوەندی بە فیلەکە کرد و دەستی بە پرسیارکردن کرد. ڕێک لەوکاتەدا فیلەکە پەیوەندیەکی وەرگرت لەسەر هێڵێکی تر. فیلەکە بە پشیلەکەی گووت ، تەنها خولەکێک. پشیلەکە تەلەفۆنەکەی دانا و پێیوابوو کە خولەکێک دەخایێنێ تا بگات بە شارەکە.

Translated by : Hatam Kareem

lifestyle➞➞➞ شێوازی ژیان ، چۆنیەتی ژیان

enquire➞➞➞ پرسیارکردن

just then➞➞➞ ڕێک لەوکاتە

receiver➞➞➞ تەلەفۆن

reach➞➞➞ گەیشتن

چیرۆکی پەنجا و هەشتەم

## Taking Responsibility

## هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی

Two families lived nearby. One family was constantly fighting while the other one lived quietly and friendly. One day, feeling jealous about how nicely the neighboring family got along, the wife told her husband....Go to the neighbors and look to see what they are doing for their well-being.

دوو خێزان لەنزیک یەکتر دەژیان. خێزانێکیان هەمیشە شەڕیان دەکرد لەکاتێدا ئەوی تریان بە بێدەنگی و ڕاستگۆیانە دەژیان. ڕۆژێکیان ، هەستیان بە بەخیلی کرد دەربارەی خێزانی نزیکیان کە چەندە بەجوانی لەگەڵ یەکتری دەگونجێن ، ژنەکە بە مێردەکەی گووت....بڕۆ بۆلای دراوسێیەکە و تەماشاکە تا ببینی چیدەکەن کە بەم شێوەیە ئاسوودە و دڵخۆشن.

The husband went, hid and began watching. He saw a woman who was cleaning the floor. Suddenly something distracted her and she ran to the kitchen. At that time, her husband rushed into the room. Not noticing the bucket of water, he kicked it and spilled water all over the floor.

مێردەکەی ڕۆشت ، خۆی شاردەوە و دەستیکرد بە چاودێریکردن. ئافرەتێکی بینی کە ئەرزەکەی پاکدەکردەوە. لەناکاو شتێک سەرنجی بەلایەکی تردا ڕاکێشا و ڕایکرد بۆ چێشخانەکە. لەو کاتەدا ، هاوسەرەکەی ڕایکرد بەرەو ژوورەکە. سەرنجی سەتڵە ئاوەکەی نەدا ، تێی هەڵدا و ئاوەکەی هەموو ڕژاندە سەر ئەرزی ژوورەکە.

His wife came back from the kitchen and said to him...I'm sorry, honey! It's my fault. I didn't move the bucket out of the way.

هاوسەرەکەی گەڕایەوە لە چێشخانەوە وە پێی گووت...داوای لێبووردن دەکەم ، خۆشەویستم! ئەوە هەڵەی منە. سەتڵەکەم لانەبرد لەسەر ڕێگاکە.

The husband replied...No, I'm sorry, honey! It's my fault, because I did not notice it.

مێردەکەی وەڵامی دایەوە...نەخێر ، من داوای لێبووردن دەکەم ، ئازیزم! ئەوە هەڵەی منە ، چونکە من سەرنجیم نەدا.

The man returned home and his wife asked him if he found out what their secret is.

پیاوەکە گەڕایەوە ماڵەوە و خێزانی پرسیاری لێکرد ئاخۆ زانیویەتی نهێنیەکەیان چییە.

I think the difference is that we always seek to be right, while they seek to take responsibility for their part.

پێموایە جیاوازیەکە ئەوەیە ئێمە هەمیشە هەوڵدەدین خۆمان پێ ڕاستبێ ، لەکاتێکدا ئەوان هەوڵدەدەن بەرپرسیارییەتی بەشەکەیان بگرنە ئەستۆ.

Having peaceful relationships mean taking personal responsibility for our own part.

هەبوونی پەیوەندیەکی ئاشتیخوازانە مانای ئەوەیە بەرپرسیارییەتی کەسی هەڵبگرین بۆ بەشەکانمان.

Translated by : Hatam Kareem

responsibility→→→ بەرپرسیاریەتی

nearby→→→ لەنزیک ، لە تەنیشت ، لەپاڵ

constantly→→→ هەمیشە ، زۆرجار

friendly→→→ ڕاستگۆیانە ، ڕووخۆش

jealous→→→ چاوچنۆک

get along→→→ لەگەڵ یەکتری گونجان

well being→→→ ئاسوودەیی ، دڵخۆشی

floor→→→ ئەرز ، ئەرزی ژوور

distructed→→→ سەرنجی بەلایەکی تردا ڕاکێشا ، مێشک مەژغولبوون

rush→→→ ڕاکردن ، پەلەکردن

bucket→→→ سەتڵ ، دۆلکە

kick→→→ تێهەڵدان

spill→→→ ڕژاندن

honey→→→ خۆشەویست ، ئازیز

move out→→→ لابردن

find out→→→ زانین ، دۆزینەوە

seek→→→ تێگەیشتن

relationship→→→ پەیوەندی

## چیرۆکی پەنجا و نۆیەم

# Question for Question

## پرسیار بەرامبەر بە پرسیار

One day Akbar said to Birbal: Can you tell me how many bangles your wife wears?

ڕۆژێکیان ئەکبەر بە بیربالی گووت: دەتوانی پێم بڵێی ژنەکەت چەند بازنە لەدەستدەکات؟

Birbal said he could not.

بیربال گووتی سەرنجم نەداوەتێ.

You cannot? exclaimed Akbar. You see her hands every day while she serves you food. Yet you do not know how many bangles she has on her hands? How is that?

سەرنجت نەداوەتێ؟ ئەکبەر هاواری کرد. هەموو ڕۆژێک دەستەکانی دەبینی کاتێک خواردنت پێشکەش دەکات. کەچی هێشتا نازانی چەند بازنەی لەدەستەکانی هەیە؟ ئەوە چۆن دەگونجێ؟

Let us go down to the garden, Your Majesty, said Birbal, and I'll tell you.

بیربال گووتی ، خاوەن شکۆ ، با بچینە خوارەوە بەرەو باخچەکە ، بۆئەوەی پێت بڵێم.

They went down the small staircase that led to the garden. Then Birbal turned to the emperor: Your Majesty, he said, You go up and down this staircase every day. Can you tell me how many steps there are in the staircase?

چوونە خوارەوە بە پەیژە پلە بچووکەکان کە بەرەو باخچەکە دەڕۆیشتن. پاشان بیربال ڕووی لە ئیمپراتورەکە کرد: گووتی ، خاوەن شکۆ ، تۆ هەموو ڕۆژێک سەردەکەوی و دادەبەزی لەو پەیژانە. دەتوانی پێم بڵێی چەند پلیکانە هەن لەوێ لە پەیژەکە؟

The emperor grinned sheepishly and quickly changed the subject.

ئیمپراتورەکە زەردەخەنەیەکی شەرمنانەی کرد و بەخێرایی بابەتەکەی گۆڕی.

Translated by : Hatam Kareem

bangle→→→ بازنە

wear→→→لەدەستکردن

exclaim→→→ هاوارکردن ، قیژاندن

serve→→→ پێشکەشکردنی خواردن

your majesty→→→ خاوەن شکۆ

staircase→→→ پلەی پەیژەکان ، قادرمە

emperor→→→ ئیمپراتۆر ، شاهانشا

grin→→→ زەردەخەنە

sheepishly→→→ شەرمنانە

## چیرۆكی شەستەم

# A Fussy Customer

# كڕیارێكی بێزاركەر

Once there was a man who was very fussy about food. One day, he felt like having some seafood and went to a restaurant and ordered some oysters.

جارێكیان پیاوێک هەبوو كە زۆر ورد و بەسەرنج بوو دەربارەی خواردن. ڕۆژێكیان ، ویستی هەندێ خۆراكی دەریا بخوات وە چووە چێشتخانەیەک و داوای هەندێ گوێچكەماسی كرد.

The man said to the waiter, “Please check that oysters are neither too large nor too small, neither too salty not too fried, neither too fat, nor too thin. “

پیاوەكە بە شاگردەكەی گووت ، “ بێزەحمەت دڵنیابەوە كە گوێچكە ماسیەكان نە زۆر گەورە بن نە زۆر بچووک بن ، نە زۆر سوێر بن نە زۆر سووركراوە بن ، نە زۆر قەڵەو بن، نە زۆر لاواز بن.“

At this the waiter said, “Do you want them with or without pearls? “

لەو كاتەدا شاگردەكە گووتی ، “بە مرواریەوە دەتەوێن یان بەبێ مرواری؟“

The man realized that the waiter was taunting him and understood that one should not be so much fussy about things.

پیاوەكە زانی كە شاگردەكە گاڵتەی پێدەكات وە تێگەیشت لەوەی كە پێویست ناكا زۆر بە ورد و سەرنجبێ دەربارەی شتەكان.

Translated by : Hatam Kareem

fussy→→→ زۆر بایەخ دان بە(شتێک) ، بەئاسانی ڕازیناكرێت ، بێزاركەر ، كەسێكی بە ورد و سەرنج

feel like→→→ ویستی

having→→→ خواردن

seafood→→→ خواردنی دەریا

order→→→ داواكردن

oyster→→→ گوێچكەماسی

neither nor→→→ نە ئەمەیان و نە ئەوەیان(واتە هیچ كامیان نەبێ)

fried→→→ سووركراوە

thin→→→ لاواز

pearl➞➞➞ مرواری

realuze➞➞➞ زانین ، تێگەیشتن

taunting➞➞➞ پێ ڕابواردن ، گاڵتە پێکردن

چیرۆکی شەست و یەکەم

## As You Sow, So Shall You Reap

## چی بچێنیێ ، دەبێ ئەو بدوریتەوە

Once upon a time a flea saw an ox grazing in a pasture. He knew that oxen work for men in their farms. But he didn't like it. He was proud that he fed on men's blood and yet didn't do anything for them.

ڕۆژێک لە ڕۆژان کێچێک بینی گایێک لە لەوەڕگایەک گیادەخوات. دەیزانی کە گایەکان کار بۆ مرۆڤەکان دەکەن لە کێڵگەکانیان. بەڵام حەزی لەوە نەبوو. شانازی بەوە دەکرد کە خوێنی مرۆڤەکان دەخوات و هێشتا هیچ شتێکی بۆ نەکردوون.

Approaching the ox, the flea asked, "How is it so that you work for men though you are quite big and strong? Look at me, I never do anything for them and yet feed on their blood though I am so small. "

گایەکە نزیکبوویەوە ، کێچەکە پرسیاری کرد ، " چۆن دەکرێ ئەواندە کار بۆ مرۆڤەکان بکەی سەرەڕای ئەوەش زۆر گەورە و بەهێزبی؟ تەماشای من بکە ، من قەت هیچ شتێکیان بۆ ناکەم وە هێشتا خوێنیان دەخۆم سەرەڕای ئەوەش هێشتا بچووکم."

The ox was surprised to hear what the flea had said and replied, "If I work for men, they are very kind to me. They take care of mine in every way, feed me, shelter me and moreover, pat me on my back, head and neck out of love and affection.

گایەکە سەری سوڕما کە بیستی کێچەکە چی گووت و وەڵامی دایەوە ، "لەئەنجامی ئەوەی من کار بۆ مرۆڤەکان دەکەم ، ئەوان زۆر میهرەبانن بۆ من. بەهەموو شێوەیەک گرنگیم پێدەدەن، خواردنم دەدەنێ ، دەمپارێزن وە زیاتر لەوەش ، دەست بە پشت و سەر و ملم دادێنن لە خۆشەویستی و دڵسۆزیان.

On the other hand, you feed on their blood and they are always up to destroy you. "

لەلایەکی ترەوە ، تۆ خوێنیان دەخۆی و ئەوان هەمیشە هەڵدەستن بە کوشتنت."

Behaviour always counts.

ڕەفتارەکان هەمیشە ڕەچاودەکرێن.

Translated by : Hatam Kareem

sow→→→ چاندن

reap→→→ (بەروبووم)دوورینەوە

flea→→→ کێچ

ox→→→ گا

graze→→→ گیاخواردن ، دەلەوەڕێت

pasture→→→ لەوەڕگا

oxen→→→ گایەکان(کۆی وشەی گا)

proud→→→ لوتبەرز ، لەخۆبایی ، دڵخۆش

feed on→→→ خواردن

blood→→→ خوێن

approaching→→→ نزیکبوونەوە

through→→→ سەرەڕای ئەوەش ، لەگەڵ ئەوەشدا

quite→→→ زۆر

take care of→→→ ئاگاداربوون

shelter→→→ پاراستن

moreover→→→ سەرەڕای ئەوەش ، زیاتر لەوەش

pat→→→ دەستپیاهێنان

back→→→ پشت

out of→→→ بەهۆی

affection→→→ دڵسۆزی ، هاوڕێیەتی

on the other hand→→→ لەلایەکی ترەوە

destroy→→→ کوشتن

behaviour→→→ ڕەفتار ، هەڵسوکەوت

count→→→ ڕەچاوکردن

## چیرۆکی شەست و دووەم

# The Wise Old Man

# پیاوە ژیرە بەتەمەنەکە

A wealthy man requested an old scholar to wean his son away from his bad habits. The scholar took the youth for a stroll through a garden. Stopping suddenly he asked the boy to pull out a tiny plant growing there.

پیاوێکی دەوڵەمەند داوای لە رۆشنبیرێک کرد تا رێنمایی کورەکەی بکات دوورکەوێتەوە لە رەفتارە خراپەکانیەوە. رۆشنبیرەکە گەنجەکەی برد بۆ پیاسەیەک بەناو باخێک. راوەستا لەناکاو داوای لە کورەکە کرد رووەکێکی بچووکی گەشەکردوو لەوێ دەربێنێ.

The youth held the plant between his thumb and forefinger and pulled it out. The old man then asked him to pull out a slightly bigger plant. The youth pulled hard and the plant came out, roots and all. "Now pull out that one," said the old man pointing to a bush. The boy had to use all his strength to pull it out.

"Now take this one out," said the old man, indicating a guava tree. The youth grasped the trunk and tried to pull it out. But it would not budge. "It's impossible," said the boy, panting with the effort.

گەنجەکە رووەکەکەی گرت لەنێوان پەنجە گەورەی دەستی و پەنجەی شایەتمان وە دەریهێنا. دواتر پیاوە بەتەمەنەکە داوای لێکرد تا رووەکێکی کەمێک گەورەتر دەربهێنێت.گەنجەکە بەتوندی رایکێشا و رەگی رووەکەکە و هەمووی هاتە دەرەوە. "ئێستا ئەوەیان دەربێنە" ، پیاوە بەتەمەنەکە وای گووت ئاماژەی بۆ رووەکی دەوەنێک کرد. کورەکە پێویستبوو هەموو هێزی بەکاربێنێ بۆ دەرهێنانی.

"ئێستا ئەوەیان دەربێنە" پیاوە بەتەمەنەکە گووتی ، رووەکێکی گواڤەی دیاریکرد. گەنجەکە قەدەکەی گرت و هەوڵیدا دەریبهێنێت. بەڵام نەدەجوڵا. کورەکە گووتی "مەحاڵە" هەناسەبرکێی هەبوو بەهۆی هەوڵەکانی.

"So it is with bad habits," said the sage. "When they are young it is easy to pull them out but when they take hold they cannot be uprooted."

کەسە ژیرەکە گووتی "رەوشتە خراپەکان ئاوان." "کاتێک بچووکن ئاسانە دەریان بهێنیت بەڵام کاتێک بەهێزدەبن ناتوانرێ هەڵبکێشرێن."

The session with the old man changed the boy's life.

ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ پیاوە بەتەمەنەکە ژیانی کورەکەی گۆری.

Moral: Don't wait for Bad Habits to grow in you, drop them while you have control over it else they will get control you.

وانە : چاوەرێ مەکە رەفتارە خراپەکان لەناوت گەشەبکەن ، فرێیان بدە کاتێک کۆنترۆڵت هەبوو بەسەریان بەپێچەوانەوە ئەوان کۆنترۆڵت بەسەردا دەکەن.

Translated by : Hatam Kareem

wise→→→ ژیر ، دانا

wealthy→→→ دەوڵەمەند

scholar→→→ ڕۆشنبیر ، ڕوناکبیر

wean→→→ هاندان ، ڕێنمایی کردن

stroll→→→ پیاسە ، گەڕان

pull out→→→ ڕاکێشان ، دەرهێنان

tiny→→→ زۆر بچووک

hold→→→ گرتن

thumb→→→ پەنجەی گەورەی دەست ، پەنجەی ئەسپێ کوژە

forefinger→→→ پەنجەی شایەتومان ، پەنجەی دۆشاوەمژە

slightly→→→ کەم ، کەمێک

bush→→→ دەوەن

indicate→→→ دیاریکردن ، نیشاندان

guava→→→ ڕووەکێکی ناوچەی خولگەییە توێکڵێکی زەردی و کاکڵێکی پەمەیی هەیە

grasp→→→ گرتن

trunk→→→ قەد

budge→→→ جوڵان

pant→→→ هەناسەبڕکێ

sage→→→ ژیر ، دانا ، زانا

uproot→→→ هەڵکێشان

## چیرۆكی شەست و سێ یەم

# Go By Heart

# بە دڵدا تێپەڕە

This brought me to tears. What a powerful lesson on time.

ئەوە بووە هۆی ڕژانی فرمێسکم. وانەیەکی چەند بەهێزە لەسەر کات.

A rich man was retiring when an angel of death came to him. He had worked long and hard to acquire massive wealth and retire in luxury, and could not believe that his time was up. Being a very wealthy person, he decided to buy some more time from the angel of death at any cost. He bargained for a long time but the angel was unmoved. Desperate, the rich man made the last proposal to the angel… Give me just one hour of my life, so that I could admire the beauty of this earth for the last time and spend some time with my family and friends whom I haven't seen for a long time and I will give you all of my wealth. But the angel refused again. Finally, the man asked if the angel could give him at least one minute so that he could write a goodbye note. His wish was granted and he wrote a note….

پیاوێکی دەوڵەمەند چووە سەر جێگای خەوتنەکەی لەو کاتەدا فریشتەیەکی مەرگ هات بۆ لای. ماوەیەکی زۆر و بەسەختی کاری کردبوو تا سامانە گەورەی پەیداکردبوو و لە دەوڵەمەندی خانەنشین ببوو. باوەڕی بەوە نەدەکرد کە کاتەکەی کۆتایی هاتووە. کەسێکی زۆر دەوڵەمەند بوو. بڕیاری دا بەهەر نرخێک بێت هەندێ کاتی زیاتر لە فریشتەیی مەرگ بکڕێ.بۆ کاتێکی زۆر مامەڵەی کرد بەڵام کاری لە فریشتەکە نەکرد. بەناچاری ، پیاوە دەوڵەمەندەکە کۆتا پێشنیاری بۆ فریشتەکە کرد… تەنها یەک کاتژمێری ژیانم پێبدە ، بۆئەوەی بتوانم بۆ کۆتا جار چاو لە جوانی ئەو زەویە بکەم وە هەندێ کات لەگەڵ خێزانم و هاوڕێکانم بەسەرببەم ئەوانەی بۆ کاتێکی درێژە نەمبینیوون وە من هەموو سامانی خۆمت پێدەدەم. بەڵام فریشتەکە دووبارە قبوڵی نەکرد. لەکۆتایدا ، پیاوەکە پرسیاری کرد کرد ئاخۆ فریشتەکە دەتوانێ بەلایەنی کەمەوە خولەکێکی پێبدا تاکو بتوانێ نامەیماڵئاوایی بنووسێ. خواستەکەی بەجێهێنرا و نامەیەکی نووسی…….

"Spend your time, which was given to you, in the right way. I couldn't buy even an hour of life with all of my wealth. Listen to your heart and check if the things surrounding you have a true value. Cherish every minute of your life."

"کاتەکانتان کە پێتاندراوە بەسەرییبەن بە شێوازێکی دروست. من نەمتوانی تەنانەت یەک کاتژمێری زیندوویەتی بە هەموو سامانم بکڕم. گوێ لە دڵتان بگرن وە تەماشابکەن ئاخۆ شتەکانی دەوروبەرتان بەهایەکی ڕاستەقینەیان هەیە. ئاگاداری هەموو خولەکەکانی ژیانتان بن."

Translated by : Hatam Kareem

go by→→→ پێیدا تێپەڕبوون ، شوێنکەوتن

powerful→→→ بەهێز

retiring→→→ چوونە سەر جێگای خەوتن

angel of death→→→ فریشتەی مەرگ

acquire→→→ پەیداکردن

massive→→→ قەبە ، گەورە

wealth→→→ سامان

retire→→→ خانەنشین

luxury→→→ دەوڵەمەندی

time is up→→→ کات تەواو بوون ، کۆتایهاتنی کات

wealthy→→→ دەوڵەمەند

at any cost→→→ بەهەر نرخێک بێت ، هەرچەندی تێبچێت

bargain→→→ مامەڵە ، وتووێژ

unmoved→→→ کاری تێنەکرد

desperate→→→ بەناچاری ، نائومێدی

proposal→→→ پێشنیار

admire→→→ ڕێز لێگرتن ، چاولێدەکات

at least→→→ بەلایەنی کەمەوە ، هیچ نەبێ

goodbye note→→→ نامەی ماڵئاوایی

grant→→→ پێدان

even→→→ تەنانەت

surrounding→→→ دەوروبەر

value→→→ نرخ ، بەها

cherish→→→ چاودێری کردن ، ئاگاداربوون بە بەردەوامی

## چیرۆکی شەست و چوارەم

# WHO WILL EAT THE HAY ?

## کێ کایەکە بخوا؟

One day a camel, a goat and an ass were walking down the road when they saw a bundle of hay lying road-side. But it was not sufficient for all three of them.

ڕۆژێک وشترێک و بزنێک و گوێدرێژێک بەرەوخوارەوەی ڕێگاکە دەڕۆیشتن کاتێک دەسکێک کایان بینی لە قەراغی ڕێگا کەوتبوو. بەڵام بەشی هەرسێکیانی نەدەکرد.

The ass said, "This hay is not enough for all three of us. Let the oldest among us eat it." The goat and the camel agreed. But they started arguing about who was older among them. Suddenly, the camel started eating the hay.

گوێدرێژەکە گووتی ، "ئەو کایە بەشی هەرسێکمان ناکا. با بەتەمەنترینی نێوان ئێمە بیخوا." بزنەکە و وشترەکە ڕازی بوون. بەڵام دەستیان کرد بە مشتومڕکردن لەبارەی کێ بەتەمەنترینی نێوانیانە. لەناکاو ، وشترەکە دەستی کرد بە خواردنی کایەکە.

The goat shouted, "What are you doing?" At this the camel replied, "You just said that the oldest may eat it. Look at my knobby joints and wrinkled skin. So, I am the oldest." Saying this, the camel went ahead and ate the hay.

بزنەکە هاواری کرد ، "چی دەکەی؟" لەو کاتەدا وشترەکە وەڵامی دایەوە ، "تۆ تەنها گوتت کە بەتەمەنترینەکە دەتوانێ بیخوا، سەیری جومگە هەڵئاوساوەکان و پێستە چرچەکەم بکە. کەواتە ، من بەتەمەنترینم." ئەوەی گووت ، وشترەکە بەردەوام بوو و کایەکەی خوارد.

Translated by : Hatam Kareem

hay→→→ کا ، پووش

camel→→→ وشتر

ass→→→ گوێدرێژ

bundle→→→ چەپکە ، دەستە ، گورزە

lying→→→ کەوتن

road-side→→→ قەراغی ڕێگا ، لاڕێ

sufficient→→→ بەشکردوو

enough→→→ بەس ، سەروزیاد ، بەشکردن

among→→→ لەنێوان

arguing→→→ مشتومڕکردن ، دەمەقاڵێ

knobby→→→ هەڵئاوساو

joint→→→ جومگە

wrinkle→→→ لۆچی

skin →→→پێست

چیرۆکی شەست و پێنجەم

# The Missing Goat

## بزنە ونبووەکە

It all started one lazy Sunday afternoon in a small town near Toronto in Canada.

هەموویان نیوەڕۆی یەکشەممەیەکی ساردوسڕیان دەستپێکرد لە شارۆچکەیەکی نزیک تۆرۆنتۆ لە کەنەدا.

Two school friends had a crazy idea.

دوو هاوڕێی قوتابخانە بیرۆکەیەکی شێتانەیان بۆ هات.

They rounded up three goats from the neighborhood and painted the number 1, 2 and 4 on their sides.

سێ بزنیان کۆکردەوە لە گەڕەکەکەوە و ڕەنگیان کردن بە ژمارە 1 و 2 و 4 لەسەر هەردوو لایەکانیان.

That night they let the goats loose inside their school building.

ئەو شەوە لێگەڕان بزنەکان بەڕەڵابنە ناوەوەی بینای قوتابخانەکەیان.

The next morning, when the authorities entered the school, they could smell something was wrong.

بەیانی دواتر ، کاتێک لێپرسراوان چوونە ناو قوتابخانەکە ، بۆنی شتێکی نەشیاویان کرد.

They soon saw goat droppings on the stairs and near the entrance and realized that some goats had entered the building.

هەر زوو پاشەڕۆی بزنەکانیان دیت لەسەر قادرمەکان و نزیک لە دەرگایەکە وە زانیان کە هەندێ بزن هاتبوونە ناو بیناکە.

A search was immediately launched and very soon, the three goats were found.

یەکسەر و زۆر زوو گەڕان دەستی پێکرد ، سێ بزن دۆزرانەوە.

But the authorities were worried, where was goat No. 3?

بەڵام لێپرسراوان نیگەران بوون ، بزنی ژمارە 3 لەکوێیە؟

They spent the rest of the day looking for goat No.3.

ئەوەندەی مابوو لە ڕۆژەکە بەسەریان برد لە گەڕان بەدوای بزنی ژمارە 3.

Gradually there was panic and frustration.

بەرە بەرە دەترسان و بێ ورە دەبوون.

The school declared classes off for the students for the rest of the day.

قوتابخانەکە ڕایگەیاند پۆلەکان دادەخرێن بەسەر قوتابییەکان لەماوەی ئەو ڕۆژەی ماوە.

The teachers, helpers, guards, canteen staffs, boys were all busy looking for the goat No. 3, which, of course, was never found.

مامۆستاکان ، یاریدەدەرەکان ، پاسەوانەکان ، کارمەندانی چێشتخانە ، کورەکان هەموویان سەرقاڵبوون بە بەدواگەڕانی بزنی ژمارە 3 ، کە بەدڵنیاییەوە ، هەرگیز نەدۆزرایەوە

Simply because it did not exist.

بەسادەیی چونکە نەبوو.

Those among us who in spite of having a good life are always feeling a 'lack of fulfilment' are actually looking for the elusive, missing, non-existent goat No.3.

ئەوانەی لەنێو ئێمە کە سەرەڕای ئەوەی ژیانێکی خۆشیان هەیە هەمیشە هەست بە قایل بوونی کەم دەکەن لەڕاستیدا بەدوای بزنی ژمارە 3ی فێڵباز و ونبوو و نەبوو دەگەڕێن.

An absence of something is always larger than the presence of many other things.

دیارنەبوونی شتێک هەمیشە گەورەترە لە هەبوونی شتی زۆر زیاتر.

Stop worrying about goat No.3

کۆتایی بێنە بە نیگەرانیت دەربارەی بزنی ژمارە 3

Translated by : Hatam Kareem

missing➞➞➞ ونبوو

crazy idea➞➞➞ بیرۆکەیەکی شێتانە

round up➞➞➞ کۆکردنەوە

neighborhood➞➞➞ گەڕەک

let➞➞➞ ڕێدان ، لێگەڕان

loose➞➞➞ بەرەڵاکردن

building➞➞➞ بینا

authorities➞➞➞لێپرسراوان

enter➞➞➞ چوونەژوورەوە

smell➞➞➞ بۆنکردن

wrong➞➞➞ نەشیاو ، نەگونجاو

dropping➞➞➞ پاشەڕۆ

stair➞➞➞ قادرمە ، پەیژە

entrance➞➞➞ دەرگا

realize→→→ زانین

immediately→→→ یەکسەر

launch→→→ دەست پێکردن

worry→→→ نیگەران

spend→→→ بەسەربردن

gradually→→→ بەرەبەرە

panic→→→ ترس

frustration→→→ بێ ورە

declare→→→ ئاشکرا دەکات

helper→→→ یاریدەدەر

guard→→→ پاسەوان

canteen staffs→→→ کارمەندانی چێشتخانە

looking for→→→ بەدواگەڕان

exist→→→ هەیە

among→→→ لەنێوان

in spite of→→→ سەرەڕای ئەوەش ، لەگەڵ ئەوەشدا

lack→→→ کەم

fulfiment→→→ ڕازی بوون ، قایل بوون

elusive→→→ فێڵباز

not-existent→→→ نەبوو

absence→→→ دیارنەبوون

presence→→→ هەبوون

## چیرۆکی شەست و شەشەم

# CLEVER MR. PAT

# زیرەکی بەڕێز پات

Mr. Pat was a very clever man but he had a habit of bragging. One day, he went to a restaurant. A man came and sat in front of him, as there was no other space available in the restaurant.

بەڕێز پات پیاوێکی زۆر زیرەک بوو بەڵام عادەتێکی هەبوو خۆی هەڵدەکێشا. ڕۆژێکیان ، چووە چێشتخانەیەک. پیاوێک هات و لەبەردەمی دانیشت ، چونکە هیچ جێگایەکی تر بەردەست نەبوو لە چێشتخانەکە.

As was his habit Mr. Pat started bragging. The other person got fed up of his bragging and asked him, "Tell me one thing that you can't do and I will show you that I can do it."

وەکو عادەتی خۆی بەڕێز پات دەستیکرد بە خۆهەڵکێشان. کەسەکەی تر بێزاربوو لە خۆهەڵکێشانەکەی و پرسیاری لێکرد ، "شتێکم پێبڵێ کە تۆ نەتوانی ئەنجامی بدەی بۆئەوەی من پیشانت بدەم کە دەتوانم ئەنجامی بدەم."

At this, Mr. Pat stood up from his chair and said; "I cant pay my bill. Now you will have to pay it."

لەو کاتەدا ، بەڕێز پات لەلای کورسیەکەی ڕاوەستا و گووتی ، "ناتوانم پارەی لیستی حیسابی خۆم بدەم. ئێستا تۆ پێویستە پارەکەی بدەیت."

The other person had no option but to pay the bill.

کەسەکەی تر  هیچ چارەی نەبوو جگە لە دانی پارەی لیستی حیسابەکە نەبێ.

Translated by : Hatam Kareem

habit→→→ خوو ، عادەت

bragging→→→ خۆهەڵکێشان ، شانازیکردن ، پۆزلێدان

available→→→ لەبەردەست ، هەیە

fed up→→→ وەڕس ، هەراسان ، بێزاربوو

pay→→→ پارەدان

bill→→→ لیستی حیساب

option→→→ چارە

## چیرۆکی شەست و حەفتەم

# THE CLEVER COCK

## کەڵەشێرە زیرەکەکە

In a village, there was a clever cock that used to wake up the villagers by his crowing. Once a jackal went to him and said, "I have heard that you have a lovely voice."

لە گوندێک ، کەڵەشێرێکی زیرەک هەبوو کە ڕاهاتبوو بە قوقاندنەکەی لادێیەکان خەبەربکاتەوە. جارێکیان چەقەڵێک چوو بۆ لای و گووتی ، "گوێم لێبووە کە دەنگێکی خۆشت هەیە."

The cock felt pleased on hearing his praise. He at once started crowing 'Cock-a-doodle-doo."

کەڵەشێرەکە هەستی بە دڵخۆشی کرد کاتێک گوێی لە ستایشکردنەکەی بوو. دەستبەجێ دەستیکرد بە قوقاندن 'قوو قوو قوو قوو."

The jackal got an opportunity. He at once caught hold of the cock by his teeth and fled towards the jungle.

چەقەڵەکە دەرفەتێکی دەستکەوت. یەکسەر بە ددانەکانی کەڵەشێرەکەی گرت و بەرەو دارستانەکە هەڵات.

Seeing this, the villagers ran after the jackal. The cock thought of a plan and said to jackal, "Look, the villagers are after you. Tell them that I am yours and not theirs."

بەبینینی ئەوە ، لادێیەکان ڕایانکرد بەدوای چەقەڵەکە. کەڵەشێرەکە بیری لە پلانێک کردەوە و بە چەقەڵەکەی گووت ، "تەماشاکە ، لادێیەکان لەدواتەوەن. پێیان بڵێ کە من هی ئێوەم و هی ئەوان نییم."

As soon as the jackal opened his mouth, the cock ran away to the villagers.

هەرکە چەقەڵەکە دەمی خۆی کردەوە ، کەڵەشێرەکە ڕایکردە لای لادێیەکان.

Translated by : Hatam Kareem

cock→→→ کەڵەشێر ، کەڵەباب

villager→→→لادێیی(ئەو کەسەی ژیان لە گوندێک بەسەردەبا)

crow→→→دەنگی قوقاندنی کەڵەشێر

jackal→→→چەقەڵ(سەگێکی درندەی شەوانە لە ئاسیا و ئەفریقیا دەژی)

lovely→→→خۆش

pleased→→→دڵخۆش

praise→→→ستایش کردن ، پیاهەڵدان

at once→→→دەستبەجێ ، یەکسەر

Cock-a-doodle-doo→→→قوقەی کەڵەشێر ، خوێندنی کەڵەشێر

opportunity→→→دەرفەت ، هەل

catch hold of→→→گرتن

fled→→→ڕایکرد ، هەڵات ، دوورکەوتنەوە

towards→→→بەرەو

jungle→→→دارستان

as soon as→→→هەرکە

## چیرۆکی شەست و هەشتەم

# The Vain Stag

## نێرە ئاسکە لەخۆباییەکە

A stag was thirsty. He went to a pool to drink water. The pond water was calm and clear. He bent down to drink water.

نێرە ئاسکێک تینووبوو. چووە لای گۆماوێک تا ئاو بخواتەوە. ئاوی گۆمەکە فێنک و خاوێن بوو. بەرەو خوارەوە لاربوویەوە تاکو ئاو بخواتەوە.

He saw his reflection in it. When he saw his horns, he felt proud of them. He said to himself, "How beautiful and lovely my horns. While he looked to his legs, he felt sad and disappointed and cursed God for this injustice.

وێنەدانەوەی خۆی تێدا بینیەوە. کاتێک شاخەکانی خۆی بینی ، شانازی پێیانەوە کرد. بەخۆی گووت ، "شاخەکانم چەند جوان و قەشەنگن. کاتێک سەیری قاچەکانی خۆی کرد ، هەستی بە دڵتەنگی و نائومێدی کرد هەروەها لۆمەی خوای کرد بەهۆی ئەو نادادپەروەریە.

He was yet to quench his thirst, when he saw a hunter with his hounds. Seeing his life in danger, the stag ran as fast as he could.

بەردەوام بوو لە شکاندنی تینوویەتیەکەی ، کاتێک چاوی بە ڕاوچیەک کەوت سەگی ڕاوی لەگەڵبوو. زانی ژیانی لە مەترسیدایە ، نێرە ئاسکەکە تا لەتوانایدا هەبوو خێرا ڕایکرد.

He was soon out of sight. He reached a thick forest but unluckily his horns got stuck in a thick bush.

هەر زوو لەبەرچاو ونبوو. گەیشتە دارستانێکی چڕوپڕ بەڵام لەبەدبەختی شاخەکانی لە ڕووەکی دەوەنێکی ئەستوور گیربوو.

He tried his best to release his horns, but all in vain. In the meantime, the hounds came running and caught him.

بەباشترین شێوە هەوڵیدا تا شاخەکانی دەربێنێ ، بەڵام هەمووی بێ سوود بوو. لەو کاتەدا ، سەگی ڕاوەکان خێرا هاتن و گرتیان.

The stag now realized that the legs, he had despised a little while ago, helped him in saving his life but the beautiful horns became the cause of his death.

نێرە ئاسکەکە ئێستا تێگەیشت کە قاچەکانی ، کەمێک پێش ئێستا ڕقی لێیان دەبێوە ، یارمەتیان دا لە ڕزگارکردنی ژیانی بەڵام شاخە جوانەکان بوونە هۆکاری مردنەکەی.

Moral: All that glitters is not gold.

وانە : هەموو ئەو شتانەی دەدرەوشێنەوە زێڕ نیین.

Translated by : Hatam Kareem

Vain➞➞➞لەخۆبایی

stag→→→نێرەی ئاسک

pool→→→گۆماو ، حەوز

pond→→→گۆم

bend down→→→لاربوونەوە بەرەو خوارەوە

reflection→→→وێنەدانەوە ، وێنە

horn→→→شاخ ، قۆچ

proud of→→→شانازی پێکردن

lovely→→→قەشەنگ ، نایاب

disappointed→→→نائومێد

cursed→→→لۆمەکردن ، نەفرەت لێکردن

injustice→→→نادادپەروەری

quench his thirst→→→تینویەتی شکاندن

hunter→→→ڕاوچی(پیاو)

hound→→→ (سەگی ڕاو ، تاژی(سەگێکە بۆ ڕاوکردن بەکاردێ توانای ئەوەی هەیە شوێنپێ بدۆزێتەوە بە بۆنکردن)

seeing→→→دەزانێت ، تێدەگات

out of sight→→→نابینرێ ، لەبەرچاو ونبوو

reach→→→گەیشتن

thick→→→چڕوپڕ ، خەست ، ئەستوور

stuck →→→ لێگیربوو ، عاسێبوو

bush→→→دەوەن

release→→→دەرهێنان

in vain→→→بێ سوود ، بەخۆڕا

meantime→→→لەوکاتەدا

realize→→→دەزانێ ، تێدەگات

despise→→→ڕق لێبوونەوە ، بە سووک سەیرکردن

glitter→→→درەوشانەوە ، بریسکانەوە

## چیرۆکی شەست و نۆیەم

## The Promoted Barber

## سەرتاشە پلە بەرزکراوەکە

The Royal Barber's only task was to give king Krishnadeva Raya his daily shave.

تاکە ئەرکی سەرتاشە نایابەکە ئەوەبوو کە کاری تاشینی ڕۆژانەی کریشنەدیڤا ڕایا بکات.

One day when he arrived to do his job, king krishnadeva Raya was still asleep.

ڕۆژێکیان کاتێک گەیشت بۆ ئەنجامدانی کارەکەی ، پاشا کریشنەدیڤا ڕایا هێشتا خەوتبوو.

The barber gave him a shave even as he slept.

سەرتاشەکە کاری تاشینی بۆ ئەنجامدا تەنانەت کاتێک ئەو خەوتبوو.

On waking up, the king was happy at the barber's skill of shaving a sleeping man.

کاتێک لەخەو هەستایەوە ، پاشایەکە دڵخۆشبوو بەهۆی شارەزایی سەرتاشەکە لە کاری تاشینی پیاوێکی خەوتوو.

The king was pleased and told the barber to ask for anything of his choice.

پاشایەکە خۆشحاڵبوو و بە سەرتاشەکەی گووت تا بەئارەزووی خۆت داوای هەر شتێک بکا.

To this, the barber said , '' Your Majesty, I would like to serve you as a minister in the Royal court.

لەوکاتەدا ، سەرتاشەکە گووتی ، "خاوەن شکۆ ، حەزدەکەم خزمەتت بکەم وەک وەزیرێک لە کۆشکی شاهانەکە.

'' The king agreed to the barber's wish.

"پاشاکە ڕازیبوو بە داوای سەرتاشەکە.

As the news of the barber spread around, the other ministers became worried.

کاتێک هەواڵی سەرتاشەکە لەدەورووبەر بڵاوبوویەوە ، وەزیرەکانی تر نیگەران بوون.

They thought that an uneducated man at the minister's post may misuse the powers he held.

ئەوان پێیان وابوو پیاوێکی نەخوێندەوار لە پلەی وەزیر لەوانەیە ئەو دەسەڵاتانەی هەیەتی خراپ بەکاری بهێنێت.

They went to Tenali with the problem.

کێشەکەیان بردە لای تێناڵی.

Tenali assured them of his help.

تێناڵی بەڵێنی پێدان بە یارمەتیدانەکەی.

Next day when the king went by the river, he was surprised to see Tenali scrubbing hard bathing a black dog.

ڕۆژی دواتر کاتێک پاشاکە بەلای ڕووبارەکە ڕۆیشت ، حەپەسا کە بینی تێناڵی بەتوندی سەگێکی ڕەش پاکدەکاتەوە دەیشوات.

When the king asked what he was doing, Tenali replied, “Your Majesty I am trying to convert a black dog into a white one by scrubbing it hard just as a barber took the post of the minister.

کاتێک پاشاکە پرسیاری لێکرد چیدەکات ، تێناڵی وەڵامی دایەوە ، “خاوەن شکۆ هەوڵدەدەم سەگێکی ڕەش بۆ دانەیەکی سپی بگۆڕم بە لێخشاندنی توند هەروەکو ئەوەی سەرتاشێک پلەی وەزیری وەرگرتووە.

'' On hearing this, the king realized what Tenali was hinting at.

"کاتێک گوێی لەوەبوو ، پاشاکە زانی تێناڵی بەناڕاستەوخۆ چی پێدەڵێ.

That day, in the court, he appointed barber back into his position.

ئەو ڕۆژە ، لە کۆشکی شاهانە ، بڕیاریدا سەرتاشەکە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

Translated by : Hatam Kareem

promote→→→ پلە بەرزکردنەوە

royal→→→ نایاب

shave→→→ تاشین

skill→→→ شارەزایی ، لێزانی ، لێهاتوویی

pleased→→→ دڵخۆش

your majesty→→→ خاوەن شکۆ

serve→→→ خزمەتکردن

minister→→→ وەزیر

spread→→→ بڵاوبوونەوە

worried→→→ نیگەران

uneducated→→→ نەخوێندەوار

misuse→→→ خراپ بەکارهێنان

assure→→→ بەڵێن پێدان ، دڵنیاکردنەوە

go by→→→ پێداتێپەڕدەبێت

scrub→→→ پاککردنەوە

bath→→→ شوشتن

convert→→→ گۆڕین

realize➡➡➡ زانین ، تێگەیشتن

hint at➡➡➡ بەناڕاستەوخۆ پێگووتن

court➡➡➡ کۆشکی شاهانە

appoint➡➡➡ بڕیاردان

چیرۆکی حەفتایەم

## Fresh fish sold here

## ماسی تازە لێرە دەفرۆشرێ

Nasruddin Hodja opened a shop to sell fish. To attract customers, he hung a slate on which he wrote: “FRESH FISH SOLD HERE.” Then he sat down in the shop, waiting for customers.

نەسرەددین حوجا دووکانێکی کردەوە تاکو ماسی بفرۆشێ. بۆئەوەی سەرنجی کڕیارەکانی ڕابکێشێ ، تەختەبەردینێکی هەڵواسی کە لەسەری نووسیبوو : “ماسی تازە لێرە دەفرۆشرێ.“ پاشان لە دوکانەکە دانیشت ، چاوەڕوانی کڕیارەکان بوو.

A passerby stopped at the shop. He looked at the board and said, ”Why do you say ‘Fresh’? No one sells stale fish, do they? Hodja thanked him and rubbed off the word ‘fresh’. The board now read, “FISH SOLD HERE.”

ڕێبوارێک لەلای دووکانەکە ڕاوەستا. تەماشای تەختەکەی کرد و گووتی ، ”بۆچی دەڵێی ‘تازە‘؟ کەس ماسی کۆن نافرۆشێ ، وانییە؟ حوجا سوپاسی کرد و وشەی ‘تازە‘ی سڕیەوە. ئێستا تەختەکە وا دەخوێندرێتەوە ، “ماسی لێرە دەفرۆشرێ.“

Another person who dropped in, looked at the board, and shook his head. “Here? Is it necessary to say ‘here’? The moment he sees fish, even a dimwit knows they are sold here.” Hodja thanked him and rubbed off the word ‘here.’ The board now read, “FISH SOLD.”

کەسێکی تر کە بەسەردانێکی چاوەڕواننەکراو هات ، تەماشای تەختەکەی کرد ، و سەری ڕاوشاند. “لێرە؟ پێویست دەکا بڵێی ‘لێرە‘؟ ئەو کاتەی ماسیەکە دەبینێت ، تەنانەت گەمژەیەکیش دەزانێ لێرە دەفرۆشرێ.” حوجا سوپاسی کرد و وشەی ‘لێرە‘ی سڕیەوە. ئێستا تەختەکە وا دەخوێندرێتەوە ، “ماسی دەفرۆشرێ.“

A few minutes later the village school teacher stopped by. He looked at the board. “Sold? Of course, you have kept the fish to sell, not give to charity.” Hodja thanked him and rubbed off the word ‘sold.’ The board now read, “FISH.” Then he waited patiently for customers.

دوای چەند خولەکێک مامۆستای قوتابخانەی گوندەکە لەوێ ڕاوەستا. تەماشای تەختەکەی کرد. “فرۆشتن؟ بێگومان ، تۆ ماسیەکانت بۆ فرۆشتن داناون ، نەک بۆ کاری خێرخوازی بیانبەخشی.“ حوجا سوپاسی کرد و وشەی ‘فرۆشتن‘ی سڕیەوە. ئێستا تەختەکە وا دەخوێندرێتەوە ، “ماسی.“ پاشان بەئاراميەوە چاوەڕوانی کڕیارەکانی کرد.

The village wise man visited the shop. “I could smell fish from half a mile away,” he said, “Is it necessary to announce fish?”

Hodja thanked him and rubbed off the word ‘Fish’. Now a slate was hanging above with nothing written on it.

پیاوێکی ژیری گوندەکە سەردانی دووکانەکەی کرد. گووتی “ توانیم لەدووری نیو میل بۆنی ماسی بکەم“ پێویست دەکا ناوی ماسی بنووسی؟“

حوجا سوپاسی کرد و وشەی ‘ماسی‘ سڕیەوە. ئێستا تەختەبەردینێک لەسەرەوە هەڵواسراوە کە هیچی لەسەر نەنووسراوە.

Hodja waited for customers. Then came his wife. “Is this way to attract customers?” she scolded Hodja. “Why don’t you write on the slate: FRESH FISH SOLD HERE?”

حوجا چاوەڕوانی کڕیارەکان بوو. لەوکاتەدا خێزانی هات. "بەم شێوەیە سەرنجی کڕیارەکان ڕادەکێشی؟" سەرزەنشتی حوجای کرد. "بۆچی لەسەر تەختەبەردینەکە نانووسی: ماسی تازە لێرە دەفرۆشرێ؟"

Translated by : Hatam Kareem

fresh→→→ تازە ، نوێ

attract→→→ سەرنجڕاکێشان

customer→→→ کڕیار

hung→→→ هەڵواسین

slate→→→ تەختەبەردین ، بەردی نەخشکراو

passerby→→→ ڕێبوار

stale→→→ کۆن

rub off→→→ سڕینەوە

drop in→→→ سەردانی چاوەڕواننەکراو یان کورت( تەنها بۆ سڵاو و ئەحواڵ پرسین)

shook his head→→→ سەر ڕاوەشاندن

even→→→ تەنانەت

dimwit→→→ گەمژە ، کەم عەقڵ

stop by→→→ سەردانیکردن بۆ کاتێکی کورت

charity→→→ خێرخوازی

wise→→→ ژیر

announce→→→ناو

scold→→→ سەرزەنشت کردن

چیرۆکی حەفتا و یەکەم

## Clever Kids

## منداڵە زیرەکەکان

It was a busy high way that connects all major roads in the city. People rush in their vehicles and it leads to chaos in the busy road. Driving the vehicles beyond the speed limit became the major problem in the city.

A police officer decided to watch for the vehicles that are driven beyond the speed limit. He found a perfect place to hide himself to watch for the rash driving vehicles.

ڕێگایەکی گشتی قەرباڵغ هەبوو کە بەسترابوویەوە بەهەموو ڕێگا گرنگەکانی شارەکە. خەڵک بە ئۆتۆمبێلەکانیان خێرا دەڕۆیشتن وە ئەوش دەبووە هۆی بێسەرووبەری لەسەر ڕێگا قەرەباڵغەکە. لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکان زیاد لە سنووری خێرایی بووە کێشەی سەرەکی لە شارەکە.

ئەفسەرێکی پۆلیس بڕیاریدا بە چاودێریکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لەسەرووی سنووری خێرایی لێدەخوڕن. شوێنێکی گونجاوی دۆزیەوە تا خۆی لێ بشارێتەوە بۆئەوەی چاودێری ئەو ئۆتۆمبێلانە بکات کە خێرا لێدەخوڕن.

Very surprisingly, one day, the police officer was very surprised that everyone who drove on the road was under the prescribed speed limit. There was none that crossed the speed limit.

بەشێوەیەکی زۆر چاوەڕواننەکراو ، ڕۆژێکیان ، ئەفسەری پۆلیسەکە زۆر سەرسامبوو کە هەموئەوانەی لەسەر ڕێگاکە دەڕۆیشتن لەژێر سنووری خێرایی دیاریکراو لێدەخوڕین. هیچ کەسێ نەبوو کە سنووری خێراییەکە تێپەڕێنێ.

Out of curiosity, the police officer decided to find the reason for the same.

بەهۆی ئەوەی حەزیدەکرد بزانێ ، ئەفسەری پۆلیسەکە بڕیاریدا تاکو هۆکاری ئەم چوونیەکیە بدۆزێتەوە.

He walked for a while and saw a 12 years old boy standing near a huge sign board ‘RADAR TRAP AHEAD’.

بۆ ماوەیەک ڕۆیشت و بینی کوڕێکی تەمەن دوانزە ساڵان لەنزیک لافیتەیەکی گەورەدا ڕاوەستاوە ‘تۆڕی ڕادار لەپێشتە‘.

The police officer wanted to move further to find out what exactly happened!

ئەفسەری پۆلیسەکا ویستی دوورتر بڕوات تا بزانێ بەتەواوی چی ڕوویداوە!

Almost about 100 yards beyond the boy who stood with the sign board radar trap; there was another boy who stood with a sign board carrying the words, ‘TIPS’. Also, there was a big container almost filled three-fourth with money..!!

نزیکەی سەد یارد ئەوەندە لەولای ئەو کوڕەی کە ڕاوەستابوو لای لافیتەی تۆڕی ڕادار ، کوڕێکی تر هەبوو کە لای لافیتەیەک ڕاوەستابوو وشەی ‘بەخشیش‘ی پیشاندەدا. هەروەها ، سندووقێکی گەورە هەبوو نزیکەی سێ لەسەر چواری پڕکرابوو بە پارە..!!

Translated by : Hatam Kareem

highway→→→ ڕێگای گشتی ، ڕێگای سەرەکی

rush→→→ خێرا ڕۆیشتن

vehicle→→→ ئۆتۆمبێل

lead→→→دەبێتە هۆی

chaos→→→ بێسەرووبەری ، شێواوی

speed limit→→→ سنووری خێرایی

police officer→→→ ئەفسەری پۆلیس

surprisingly→→→ بەشێوەیەکی چاوەڕوانەککراو

prescribe→→→ دیاریکراو

out of→→→ بەهۆی

curiosity→→→ حەزی زانین ، مەراق

huge→→→ گەورە

sign board→→→ لەوحە ، لافیتە

trap→→→تەڵە ، تۆڕ

further→→→ دوورتر

find out→→→ زانین

exactly→→→ دەقاودەق ، ڕێک

beyond→→→ لەولا

tip→→→ بەخشیش

container→→→ سندووق

fill→→→ پڕکردن

## چیرۆکی حەفتا و دووەم

# Why Should I feel Bad

# بۆچی پێویستە هەست بە خەمباری بکەم

Once, there was this guy, who was in love with a girl. She wasn’t the most beautiful and gorgeous but for him, she was everything. He used to dream about her, about spending the rest of life with her. His friends told him, “why do you dream so much about her, when you don’t even know if she loves you or not? First tell her your feelings, and get to know if she likes you or not”.

جارێکیان ، کوڕێکی وا هەبوو ، کە حەزی لە کچێک دەکرد. کچەکە جوانترین و سەرنجراکێشترین کچ نەبوو بەڵام بۆ ئەو ، هەموو شتێک بوو. ڕاهاتبوو خەیاڵی دەربارەی ئەو دەکرد کە ئەوەندەی لە ژیانی ماوە لەگەڵیدا بەسەرببات. هاوڕێیەکانی پێیان گووت ، "بۆچی زۆر خەیاڵ لەبارەی ئەو دەکەی ، لەکاتێکدا تەنانەت ناشزانی ئاخۆ ئەو خۆشی دەوێی یان نا؟ یەکەمجار هەستەکانی خۆتی پێبڵێ ، وە بزانە ئایا خۆشی دەوێی یان نا."

He felt that was the right way. The girl knew from the beginning, that this guy loves her. One day when he proposed, she rejected him. His friends thought he would take alcohol, drugs etc and ruin his life. To their surprise, he was not depressed.

هەستیکرد کە ئەوە ڕێگا ڕاستەکەیە. کچەکە هەر لەسەرەتاوە دەیزانی ، کە ئەو کوڕە خۆشیدەوێ. ڕۆژێکیان کاتێک کوڕەکە داخوازی کرد ، کچەکە پەسەندی نەکرد. هاوڕێیەکانی پێیان وابوو کوڕەکە کحول ، دەرمان هەتا دوایی...... دەخوا و ژیانی وێران دەبێ. لایان سەیربوو ، کوڕەکە خەمبار دیارنەبوو.

When they asked him how was it that he is not sad, he replied, ”why should I feel bad? I lost one who never loved me and she lost the one who really loved and cared for her.”

کاتێک پرسیاریان لێکرد چۆنە کە دڵتەنگ دیارنییە ، وەڵامی دایەوە ، "بۆچی پێویستە هەست بە دڵتەنگی بکەم؟ من کەسێکم لەدەستدا کە قەت خۆشی نەدەویستم وە ئەو کەسێکی لەدەستدا کە بەڕاستی خۆشی دەویست و گرنگی پێدەدا."

Moral: True Love is Hard to Get. Love is all about giving to other person without greed of gaining anything in return, if other person rejects it, its him/her who will be losing the most important thing in life. So never feel dejected.

وانە : خۆشەویستی ڕاستەقینە بەدەستهێنانی قورسە. خۆشەویستی ئەوەیە بە کەسێکی تری بدەی بەبێ ئەوەی مەبەستی دەستکەوتنی هیچ شتێکت هەبێ لەجیاتی ، ئەگەر کەسەکەی دیکە نەیویست ، ئەوە ئەوە کە گرنگترین شتی ژیان لەدەستدەدات. بۆیە هەرگیز هەست بە خەمباری مەکە.

Translated by : Hatam Kareem

bad→→→ خەمبار

in love with→→→ حەزلێکردن

gorgeous→→→ سەرنجڕاکێش

the rest of→→→ ئەوەندەی ماوە

even→→→ هەتا ، تەنانەت ، ئەگەرچی

propose→→→ داخوازیکردن ، خوازبێنیکردن

reject→→→ ڕەتکردنەوە ، نەویستن ، پەسەند نەکردن

drug→→→ دەرمان

etc(etcetera)→→→ هەتا دوایی

ruin→→→ وێران کردن ، فەوتان

depressed→→→ خەمبار ، بێ تاقەت ، بێزار

care→→→ بایەخپێدان

true love→→→ خۆشەویستی ڕاستەقینە

greed→→→ مەبەست

gain→→→ دەستکەوتن

in return→→→ لەجیاتی

dejected→→→ خەمباری

## چیرۆكی حەفتا و سێیەم

# SELLING OF THE HOUSE

# فرۆشتنی خانووەكە

Robert was trying to sell his house since long but couldn't succeed. One day, he took out a brick from the wall of his house. His wife angrily asked him, Why did you do that? Robert replied, You are foolish! You don't know anything. I know why am I failing again and again in selling my house. I have never shown its sample to anyone. Now I have got a customer. I have promised him to this brick as a sample of our house. His wife held her head at the foolishness of her husband.

ڕۆبێرت لەوەتەی ماوەیەكی زۆربوو هەوڵیدەدا خانووەكەی بفرۆشێ بەڵام سەركەوتوو نەبوو. ڕۆژێكیان ، خشتێكی دەرهێنا لە دیواری خانووەكەیەوە. خێزانی بەتورەییەوە پرسیاری لێكرد ، بۆچی ئەوە دەكەی؟ ڕۆبێرت وەڵامی دایەوە ، تۆ گەمژەی! هیچ شتێك نازانی. دەزانم بۆچی جار لەدوای جار شكست دێنم لە فرۆشتنی خانووەكەم. من قەت نموونەكەیم پیشانی هیچ كەسێك نەداوە. ئێستا من كڕیارێكم پەیداكردووە. بەڵێنم پێی داوە ئەو خشتەی پیشاندەدەم وەكو نموونەیەكی ماڵەكەمان. خێزانەكەی سەری خۆی گرت لەبەر گەمژەیی مێردەكەی.

Translated by : Hatam Kareem

take out→→→ دەرهێنان

brick→→→ خشت

foolish→→→ گەمژە

again and again→→→ جار لەدوای جار ، گەلێك جار

sample→→→ نموونە(وەكو ئەوەی بەشێك بێ لە شتێك وەرگیرابێ)

customer→→→ كڕیار

promise→→→ پیشاندان

foolishness→→→ نەزانی ، گەمژەیی

husband→→→مێرد

## چیرۆکی حەفتا و چوارەم

# THE MOSQUITO NET

# تۆڕی مێشوولە(کولە)

One day David asked his wife to go to the market and buy a mosquito net. His wife went to a shop and asked the shopkeeper to show her the best quality net. The shopkeeper showing her a very good net said, This is the best quality which you won't be able to find elsewhere. Not even a single mosquito can pass through it. Mrs. David refused to buy the net. When the shopkeeper asked the reason, she said, If a mosquito can't pass through it, then how will we pass through it. Then she returned home and narrated the whole matter to her husband. Hearing the whole matter, David laughed at his wife's foolishness.

ڕۆژێکیان داڤید داوای لە خێزانەکەی کرد تا بچێت بۆ بازاڕ و کولەیەک بکڕێ. خێزانەکەی چوو بۆ دووکانێک داوای لە دووکاندارەکە کرد تا باشترین جۆری تۆڕی تۆڕی(مێشوولە)ی پێ نیشانبدات. دووکاندارەکە تۆڕێکی زۆرباشی پیشاندا گووتی ، ئەمە باشترین جۆریەتی کە ناتوانی لەهیچ شوێنێکی تر بیدۆزیتەوە. تەنانەت تاقە مێشوولەیەکیش نەتوانێ بەناویدا تێپەڕبێ. خاتوو داڤید نەیویست کە تۆڕەکە بکڕێ. کاتێک دووکاندارەکە پرسیاری هۆکارەکەی لێکرد ، گووتی ، ئەگەر مێشوولەیەک نەتوانێ پێیدا تێپەڕبێ ، ئیتر چۆن ئێمە بەناویدا تێپەڕبین. پاشان گەڕایەوە ماڵەوە و هەموو باسەکەی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە. گوێی لە هەموو باسەکە بوو ، دەڤید بە نەزانی خێزانەکەی پێکەنی.

Translated by : Hatam Kareem

Mosquito net➞➞➞ تۆڕی مێشولە ، پەردە کولە ، کولە

shopkeeper➞➞➞ دووکاندار

quality➞➞➞ جۆر

elsewhere➞➞➞ لە شوێنێکی تر

mosquito➞➞➞ مێشوولە ، پێشکە

pass through➞➞➞ پێدا تێپەڕبوون

narrate➞➞➞ گێڕانەوە

whole➞➞➞ هەموو

matter➞➞➞ بابەت ، کێشە

foolishness➞➞➞ نەزانی ، گەمژەیی ، گێلی ، بێ عەقڵی

## چیرۆکی حەفتا و پێنجەم

# Bad Company

# هاوڕێی خراپ

Once there was an old man. He had four sons. They had fallen into bad company. They mixed up with gamblers. The father advised them not to mix with such persons.

جارێکیان پیاوێکی بەتەمەن هەبوو. چوار کوڕی هەبوو. توشی هاوڕێی خراپ ببوون. تێکەڵبوون لەگەڵ قومارچیەکان. باوکیان داوای لێکردن لەگەڵ ئەو کەسانە تێکەڵ نەبن.

But the advice had no effect on them. One day, the old man bought a basketful of mangoes. He told the sons to eat the mangoes the next morning.

بەڵام ئامۆژگاریەکان هیچ کاریگەری لەسەریان نەبوو. ڕۆژێکیان ، پیاوە بەتەمەنەکە سەبەتەیەکی مانگۆی هێنا. بە کوڕەکانی گووت کە بەیانی مانگۆکان بخۆن.

The old man kept one rotten mango among them. The next morning, the sons found that most of the mangoes were rotten. The father told them the cause. The sons learnt a lesson. They left the bad company.

پیاوە بەتەمەنەکە مانگۆیەکی خراپبووی لەنێوانیان دانا. بەیانی دواتر ، کوڕەکان بۆیان دەرکەوت کە زۆربەی مانگۆکان خراپبوون. باوکیان هۆکارەکەی پێ گووتن. کوڕەکان وانەیەک فێربوون. وازیان لە هاوڕێیە خراپەکان هێنا.

Moral: A single rotten mango can spoil all others.

وانە : تاکە مانگۆیەکی بۆگەن دەتوانێ هەموو ئەوانی تر خراپ بکات.

Translated by : Hatam Kareem

company➞➞➞ هاوڕێ

mix up➞➞➞ تێکەڵبوون

gambler➞➞➞ قومارچی

mix➞➞➞ تێکەڵبوون

basketful➞➞➞ سەبەتە

rotten➞➞➞ خراپ بوو ، بۆنکردوو ، بۆگەن ، ڕزیو

among➞➞➞ لەنێوان ، لەناو

spoil➞➞➞ خراپکردن

چیرۆكی حەفتا و شەشەم

## The Farm Dog and the Wolf

## سەگی كێڵگە و گورگەكە

The dog replied that he kept watch over the farm and his master fed him well. The dog advised him, "Do work honestly and the master will feed you well". The wolf agreed.

سەگەكە وەڵامی دایەوە كە ئەو پاسەوانی كێڵگەكە دەكات و خاوەنەكەی خواردنی باش پێدەدا ، سەگەكە ئامۆژگاری گورگی كرد ، ڕاستگۆیانە كاربكە و خاوەنەكەت بەباشی خواردنت پێدەدا."گورگەكە ڕازیبوو.

The wolf noticed some marks round the dog's neck. He asked the dog about it. The dog replied that during the day he had to wear the chain round his neck. The wolf was shocked to hear this. He said, "I would rather be free and starve than be a slave to anybody".

گورگەكە تێبینی هەندێ نیشانەی كرد لەدەوری ملی سەگەكە. دەربارەی ئەوە پرسیاری لە سەگەكە كرد. سەگەكە وەڵامی دایەوە كە بەدرێژایی ڕۆژ پێویستە زنجیر بكاتە ملی. گورگەكە حەپەسا كە گوێی لەوەبوو. گووتی ، "پێم باشترە ئازادبم و لەبرسان بمرم لەوەی خزمەتكاری هیچ كەسێک بم."

Moral: Better be hungry than in chains.

وانە : باشترە برسی بی نەک بەسترابیەوە بە زنجیر.

Translated by : Hatam Kareem

watch over→→→ پاسەوانیكردن ، چاودێری كردن

master→→→ خاوەن

mark→→→ پەڵە ، نیشانە

chain→→→ زنجیر

starve→→→ لەبرسا مردن

slave→→→ خزمەتكار

in chain→→→ بەسترانەوە بە زنجیر

## چیرۆکی حەفتا و حەفتەم

## The Cap-seller and the Monkeys

## کڵاو فرۆش و مەیمونەکان

Once a cap-seller was going to sell his caps in a village market. He was going through a forest. He was carrying a basket of red caps on his head. He got tired in the heat of the sun. He lay down under a tree to take rest. He put his basket on the ground. He fell asleep.

جارێکیان کڵاو فرۆشێک چوو کڵاوەکانی لە بازاڕی گوندێک بفرۆشێت. بە دارستانێک تێپەڕبوو. سەبەتەیەکی کڵاوی سووری لەسەر سەری هەڵگرتبوو. بەهۆی گەرمای خۆر ماندووبوو. لەژێر درەختێک پاڵکەوت تا پشوویەک بدات. سەبەتەکەی لەسەر ئەرزەکە دانا. سەرخەوێکی شکاند.

There were monkeys on that tree. They came down and took the caps. Then they climbed on the tree. When the cap-seller woke up, he was surprised to see that monkeys were wearing his caps. He became sad. He thought of a plan. He threw his own cap on the ground. The monkeys also threw down their caps. He collected his caps and went away.

مەیمون لەسەر درەختەکە هەبوون. هاتنە خوارەوە و کڵاوەکانیان برد. پاشان سەرکەوتنە سەر دارەکە. کاتێک کڵاوفرۆشەکە لەخەو هەستا ، سەرسامبوو کە بینی مەیمونەکان کڵاوەکانیان لەسەرناوە. دڵتەنگ بوو. بیری لە پلانێک کردەوە. کڵاوی خۆی فرێدایە سەر ئەرزەکە. مەیمونەکانیش هەروەها کڵاوەکانیان فرێدایە خوارەوە. کڵاوەکانی کۆکردەوە و ڕۆیشت.

Moral: Wit works where strength fails.

وانە : کاری زیرەکانە بکە لەکاتێکدا هێزت نەماوە.

Translated by : Hatam Kareem

go through→→→ تێپەڕبوون

lay down→→→ پاڵکەوتن

fell asleep→→→ سەرخەو شکاندن

climb→→→ سەرکەوتن(بەسەر شتێک) ، پیاداهەڵگەڕان

wear→→→ لەسەرکردن

throw→→→ فڕیدان

own→→→ هی خۆی

collect→→→ کۆکردنەوە

go away→→→ ڕۆیشتن

wit→→→ زیرەکی

strength→→→ هێز

## چیرۆکی حەفتا و هەشتەم

# A Thirsty Crow

# قەلەڕەشێکی تینوو

It was a hot summer day. A crow was very thirsty. He flew here and there in search of water. He could not find the water. He sat on a branch of a tree. There was a pitcher under the tree. There was some water in the pitcher. He was very happy to see the pitcher.

ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو. قەلەڕەشێک زۆر تینووبوو. لەو شوێن بۆ ئەو شوێن دەفڕی بۆ گەڕان بەدوای ئاو. نەیتوانی ئاو بدۆزێتەوە. لەسەر لقی درەختێک نیشتەوە. کوپەڵەیەک هەبوو لەژێر درەختەکە. هەندێ ئاو لە کوپەڵەکەدا هەبوو. زۆر دڵخۆش بوو بە بینینی کوپەڵەکە.

He tried to drink water but the level of water was low. His beak could not reach the water in the pitcher. He thought of a plan. He dropped some pebbles in the pitcher, one by one. The level of water rose up. The crow drank the water and flew away.

هەوڵیدا کە ئاو بخواتەوە بەڵام ئاستی ئاوەکە نزمبوو. دەنووکی نەدەگەیشتە ئاوی ناو کوپەڵەکە. بیری لە پلانێک کردەوە. هەندێ وردەبەردی یەک لەدوای یەک هاوێشتە ناو کوپەڵەکە. ئاستی ئاوەکە بەرزبوویەوە. قەلەڕەشەکە ئاوەکەی خواردەوە و هەڵفڕی.

Moral: Where there is a will, there is a way.

وانە : لەهەرکوێیەک دیوارێک هەبێت ، دەرگایەکیش هەیە.

Translated by : Hatam Kareem

thirsty→→→ تینوو

crow→→→ قەلەڕەش

here and there→→→ لەو شوێن بۆ ئەو شوێن ، لێرە و لەوێ

branch→→→ لق

pitcher→→→ کوپەڵە

beak→→→ دەنووک

reach→→→ گەیشتن

drop→→→ هاوێشتن

pebble→→→ چەو ، زیخ ، وردەبەرد

one by one→→→ یەک لەدوای یەک

## چیرۆكی حافتا و نۆیەم

# Akbar's Dream

## خەونی ئەكبەڕ

One night, Emperor Akbar dreamt that he had lost all his teeth, except one. The next morning he invited all the astrologers of his kingdom to interpret this dream.

شەوێکیان ، ئیمپراتۆر ئەکبەڕ خەوی وەهای بینی هەموو ددانەکانی لەدەستدابوو ، جگە لە یەکێکیان. بەیانی دواتر هەموو ئەستێرەناسەکانی شانشینی خۆی بانگێشت کرد تاکو ئەم خەونە لێکبدەنەوە.

After a long discussion, the astrologers prophesized that all his relatives would die before him.

Akbar was very upset by this interpretation and so sent away all the astrologers without any reward.

Later that day, Birbal entered the court. Akbar related his dream and asked him to interpret it. After thinking for a while Birbal replied that the Emperor would live a longer & more fulfilled life than any of his relatives.

دوای گفتوگۆیەکی درێژ ، ئەستێرەناسەکان پێشبینیان کرد کە هەموو کەسوکاری پێش ئەو دەمرن.

ئەکبەڕ زۆر تێکچوو بەهۆی ئەو لێکدانەوەیە و بۆیە هەموو ئەستێرەناسەکانی دەرکرد بێ ئەوەی هیچ پاداشتێکیان بکات..

دوای ئەو ڕۆژە ، بیربال هاتە ناو کۆشکی شاهانەکە. ئەکبەڕ خەونەکەی بۆ گێرایەوە و داوای لێکرد کە لێکیبداتەوە. دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک بیریکردەوە بیربال وەڵامی دایەوە کە ئیمپراتۆرەکە ژیانێکی درێژتر و ئاسوودەتر دەژی لە هەر کەسوکارێکی خۆی.

Akbar was pleased with Birbal's explanation and rewarded him handsomely.

ئەکبەڕ خۆشحاڵ بوو بە لێکدانەوەکەی بیربال و بەجوانی خەڵاتیکرد.

Translated by : Hatam Kareem

emperor→→→ ئیمپراتۆر

except→→→ جگە لە

astrologer→→→ ئەستێرەناس(کەسێکە کە پێشبینی داهاتوو دەکا بە شوێنی هەسارە و خۆر و مانگ)

interpret→→→ لێکدانەوە

prophesy→→→ پێشبینی کردن(بۆ ڕوودانی شتێک لە داهاتوو)

relative→→→ خزم ، کەسوکار ، بنەماڵە

reward→→→ پاداشتکردن ، خەڵاتکردن

enter→→→ چونەژوور

relate→→→ بۆ گێڕانەوە

court→→→ کۆشکی شاهانە

fulfill→→→ ئاسوودە ، هێمن ، دڵخۆش

pleased→→→ خۆشحاڵ

handsomely→→→ بەجوانی

## چیرۆكی هەشتایەم

# The Wise Man

# پیاوە ژیرەكە

People have been coming to the wise man, complaining about the same problems every time. One day he told them a joke and everyone roared in laughter.

خەڵک دەهاتنە لای پیاوە ژیرەكە ، هەموو كاتێک بێزاریان دەردەبری دەربارەی هەمان كێشە. ڕۆژێكیان نووكتەیەكی بۆ گێڕانەوە و هەموویان دایانە قاقای پێكەنین.

After a couple of minutes, he told them the same joke and only a few of them smiled.

دوای دوو خولەكێک ، هەمان نوكتەی بۆ گێڕانەوە و تەنها هەندێكیان پێكەنین.

When he told the same joke for the third time no one laughed anymore.

كاتێک بۆ سێیەم جار هەمان نوكتەی بۆ گێڕانەوە كەس هیچی تر پێنەكەنی.

The wise man smiled and said:

پیاوە ژیرەكە پێكەنی و گووتی:

“You can’t laugh at the same joke over and over. So why are you always crying about the same problem?”

“ئێوە ناتوانن چەند جار بە هەمان نووكتە پێبكەنن. ئیدی بۆچی هەمیشە دەگرین دەربارەی هەمان كێشە؟”

Moral of the story:

Worrying won’t solve your problems, it’ll just waste your time and energy.

وانەی چیرۆكەكە:

نیگەرانی كێشەكانت چارسەر ناكات ، تەنها كات و وزەت بەفیرۆ دەدات.

Translated by : Hatam Kareem

wise➞➞➞ ژیر ، دانا ، زانا

complain about➞➞➞ بێزاری دەربڕین

roar➞➞➞ قاقا

couple➞➞➞ دوو

any more➞➞➞ زیاتر

over and over➞➞➞ جار لەدوای جار ، چەند جار

worry➞➞➞ دڵەڕاوكێ ، نیگەران

## چیرۆکی هەشتا و یەکەم

# An Old Man Lived in the Village

# پیاوێکی بەتەمەن لە گوندەکە نیشتەجێ بوو

An old man lived in the village. He was one of the most unfortunate people in the world. The whole village was tired of him; he was always gloomy, he constantly complained and was always in a bad mood.

پیاوێکی بەتەمەن لە گوندەکە نیشتەجێ بوو. یەکێک بوو لە بەدبەختترین کەسەکانی سەرزەوی. هەموو خەڵکی گوندەکە هەراسان بوون لێی ، هەمیشە دڵتەنگ بوو ، هەمووکات گلەیی دەکرد و هەمیشە لە دۆخێکی خراپ بوو.

The longer he lived, the more bile he was becoming and the more poisonous were his words. People avoided him, because his misfortune became contagious. It was even unnatural and insulting to be happy next to him.

بەزیاتر زیندوو مانەوەی ، زیاتر تورە دەبوو و قسەکانی زیاتر قیناوی دەبوون. خەڵکی خۆیان لێ دووردەخستەوە ، چونکە خەمەکانی تەشەنەی کرد. تەنانەت نائاسایی و ناپەسەند بوو لای ئەو دڵخۆش بی.

He created the feeling of unhappiness in others.

ئەو هەستی خەمباری لەناخی ئەوانی تر دروستدەکرد.

But one day, when he turned eighty years old, an incredible thing happened. Instantly everyone started hearing the rumour:

بەڵام ڕۆژێکیان ، کاتێک گەیشتە تەمەنی هەشتا ساڵی ، شتێکی باوەڕپێنەکراو ڕوویدا. دەستبەجێ هەموو کەس گوێیان لە قسەوقسەڵۆک بوو:

"An Old Man is happy today, he doesn't complain about anything, smiles, and even his face is freshened up."

"پیاوە بەتەمەنەکە ئەمڕۆ دڵخۆشە ، گلەیی دەربارەی هیچ شتێک ناکات ، پێدەکەنێ ، وە تەنانەت ڕووخساری نوێ بۆتەوە."

The whole village gathered together.

هەموو خەڵکی گوندەکە پێکەوە کۆبوونەوە.

Villager: What happened to you?

لادێیەکان : چیت بەسەر هاتووە؟

"Nothing special. Eighty years I've been chasing happiness, and it was useless. And then I decided to live without happiness and just enjoy life. That's why I'm happy now." – An Old Man

"شتێکی تایبەت نییە. هەشتا ساڵ بەدوای بەختەوەی دەگەڕێم ، و بێ سوود بوو. وە لەمەودوا بڕیارم دا بەبێ بەختەوەری بژیم و تەنها چێژ لە ژیان وەربگرم. بۆیە ئێستا دڵخۆشم." - پیاوێکی بەتەمەن

Moral of the story:

Don’t chase happiness. Enjoy your life.

وانەی چیرۆکەکە :

بەدوای بەختەوەری مەگەڕێ. چێژ لە ژیانت ببینە.

Translated by : Hatam Kareem

unfortunate➞➞➞ بەدبەخت ، بێ بەخت

tired of➞➞➞ هەراسان ، بێزار

gloomy➞➞➞ دڵتەنگ ، خەفەتبار ، مۆن

constantly➞➞➞ زۆرجار ، هەمووکات ، بەبەردەوامی

complain➞➞➞ گلەیی ، گازندە

bile➞➞➞ توڕە

poisonous➞➞➞ خراپ ، قیناوی

avoid➞➞➞ خۆ لێ دوورخستنەوە

contagious➞➞➞ تەشەنەکردن

insulting➞➞➞ ناپەسەند

unhappiness➞➞ خەمباری

incredible➞➞➞ باوەڕپێنەکراو

instantly➞➞➞ دەستبەجێ ، خێرا ، یەکسەر

rumour➞➞➞ پروپاگەندە ، قسەوقسەڵۆک

freshen up➞➞➞ نوێ بوونەوە

gather➞➞➞ کۆبوونەوە

whole➞➞➞ هەموو

villager➞➞➞ لادێیی

chase➞➞➞ بەدواکەوتن ، بەدواگەڕان

useless➞➞➞ بێ سوود

enjoy➞➞➞ چێژ

## چیرۆکی هەشتا و دووەم

# The Four Smart Students

## چوار قوتابیە زیرەکەکە

One night four college students were out partying late night and didn’t study for the test which was scheduled for the next day. In the morning, they thought of a plan.

شەوێکیان چوار خوێندکاری زانکۆ درەنگی شەو لە دەرەوە بەژداری ئاهەنگێکیان کرد و نەیانخوێند بۆ تاقیکردنەوە کە لە خشتەی ڕۆژی دوواتربوو. لە بەیانیەکەی ، بیریان لە پلانێک کردەوە

They made themselves look dirty with grease and dirt.

وا خۆیان دەرخست پیسن بە ڕۆن و تۆز.

Then they went to the Dean and said they had gone out to a wedding last night and on their way back the tire of their car burst and they had to push the car all the way back. So they were in no condition to take the test.

پاشان چوونە لای ڕاگری کۆلێژ و گووتیان شەوی ڕابردوو ڕۆشتبوونە ئاهەنگێکی هاوسەرگیری و لەسەر ڕێگای گەڕانەوەیان تایەی ئۆتۆمبێلەکەیان تەقی و ناچاربوون ئۆتۆمبێلەیان پاڵبدەن لە هەموو ڕێگای گەڕانەوە. بۆیە لە دۆخێک نەبوون تا بخوێنن بۆ تاقیکردنەوە.

The Dean thought for a minute and said they can have the re-test after 3 days. They thanked him and said they will be ready by that time.

ڕاگری کۆلێژ بۆ خولەکێک بیری کردەوە و گووتی دەتوانن دوای سێ ڕۆژی تر تاقیکردنەوەکە دووبارە بکەنەوە. سوپاسیان کرد و گووتیان لەوکاتە ئامادە دەبن.

On the third day, they appeared before the Dean. The Dean said that as this was a Special Condition Test, all four were required to sit in separate classrooms for the test. They all agreed as they had prepared well in the last 3 days.

لە سێیەم ڕۆژ ، لەبەردەمی ڕاگرەکە وەستان. ڕاگرەکە گووتی کە لەبەرئەوەی تاقیکردنەوەیەکی دۆخێکی تایبەتی هەیە ، هەر چوارەیان پێویستە لە پۆل دوور لەیەکتری دابنیشن بۆ تاقیکردنەوەکە. هەموویان ڕازی بوون چونکە بەباشی ئامادەکاریان کردبوو لە سێ ڕۆژی ڕابردوو.

The Test consisted of only 2 questions with the total of 100 Points:

تاقیکردنەوەکە پێکهاتبوو لە تەنها دوو پرسیار لەسەر نمرەی ١٠٠ی تەواو:

1) Your Name? ___________ (1 Points)

١) ناوت؟ ____________ (یەک نمرە)

2) Which tire burst? ___________ (99 Points)

Options – (a) Front Left (b) Front Right (c) Back Left (d) Back Right

٢)کامە تایە تەقی؟____________(نەوەد و نۆ نمرە)

– هەڵبژاردنەکان (a) پێشەوە لای چەپ (b) پێشەوە لای ڕاست (c) پشتەوە لای چەپ (d) پشتەوە لای ڕاست

Moral of the story:

Take responsibility or you will learn your lesson.

وانەی چیرۆکەکە:

بەرپرسیاریەتی هەڵبگرە گەرنا پەندی خۆت فێردەبی.

Translated by : Hatam Kareem

college student➞➞➞ خوێندکاری زانکۆ

dirty➞➞➞ پیس

grease➞➞➞ ڕۆن ، پیو ، چەوری

dirt➞➞➞ تۆز ، گڵ

dean➞➞➞ ڕاگری کۆلێژ

tire➞➞➞ تایە

burst➞➞➞ تەقین

retest➞➞➞ تاقیکردنەوەی دووبارە

appear before➞➞➞ لەبەردەمی وەستان

require➞➞➞ پێویستە

separate➞➞➞ جیا ، جیاجیا ، دوور لە یەکتری

consist of➞➞➞ پێکهاتن لە

responsibility➞➞➞ بەرپرسیاریەتی

## چیرۆکی هەشتا و سێیەم

# CERTAIN THINGS CAN'T BE HIDDEN

# شتە ڕوونەکان ناتوانرێ بشاردرێنەوە

Once upon a time there was a trader who had a large flock of goats. People used to come from distant and nearby places to buy goats from him. Thus the trader was earning a lot from his trade. He had also employed a goat-herd who drove the flock to a pasture in the morning and after sunset, drove them back and shut them up in the fold.

ڕۆژێک لە ڕۆژان بازرگانێک هەبوو کە ڕەوە بزنێکی گەورەی هەبوو. خەڵکی لەشوێنە دوور و نزیکەکان دەهاتن تا بزنی لێبکڕن. بەم شێوەیە بازرگانەکە لەڕێی بازرگانیەکەیەوە زۆر قازانجی کرد. هەروەها کاری بە شوانێکی بزن دا کە ڕەوەکە بباتە لەوەڕگەیەک لە بەیانیان و دوای خۆرئاوابوونیش ، بیانهێنێتەوە و دەرگایان لەسەر دابخات لە پەرژینەکە.

One day, the goat-herd was about to drive the flock back home as usual when he saw that some goats had strayed aside. So, he tried to get them back by calling and whistling. All the strayed goats returned and joined the flock but one stubborn goat didn't obey him.

ڕۆژێکیان ، شوانی بزنەکان خەریکبوو وەک هەمیشە ڕەوەکە بگەڕێنێتەوەماڵەوە کاتێک بینی کە هەندێ بزن لایاندا ئەولاوە. بۆیە ، هەوڵیدا بیان گەڕێنێتەوە بە بانگ کردن و فیکەلێدان. هەموو ئەوانەی ڕێیان بزرکرد گەڕانەوە و تێکەڵ بە ڕەوەکە بوونەوە بەڵام بزنێکی لاسار گوێڕایەڵی ئەوی نەکرد.

So, he threw a stone at her. It hit one of her horns and it was broken. The goat-herd got scared and begged the goat not to tell anything about it to the trader. But he was silly because the horn itself would have revealed the reality.

بۆیە ، بەردێکی بۆ هاوێشت. بە یەکێک لە شاخەکانی کەوت و شکا. شوانی مەڕەکان ترسا و تکای لە بزنەکە کرد هیچ شتێک دەربارەی ئەوە بە بازرگانەکە نەڵێت. بەڵام ئەو گەمژەبوو چونکە شاخەکە خۆی ڕاستیەکەی دەردەخست.

Translated by : Hatam Kareem

trader→→→ بازرگان

flock→→→ ڕەوە ، کۆمەڵێک

nearby→→→ لەنزیک

thus→→→ بەم شێوەیە

earn→→→ قازانج کردن

trade→→→ بازرگانی

employ→→→ دامەزراندن

goat herd→→→ شوانی بزن

drive→→→ بردن

drive back→→→ گێرانەوە

pasture→→→ لەوەڕگا

sunset→→→ خۆرئاوا

shut up→→→ داخستن ، قوفڵدان

fold→→→ پەرژین

as usual→→→ وەکو ئاسایی

stray→→→ ڕێ بزرکردن ، لادان

whistling→→→ فیکەلێدان

stubborn→→→ لاسار ، کەلەڕەق ، سەرکەش

obey→→→ گوێڕایەڵی کردن

throw→→→ هاوێشتن

horn→→→ شاخ ، قۆچ

scared→→→ تۆقین ، ترسان

beg→→→ تکاکردن ، داواکردن

silly→→→ گێل ، گەمژە

reveal→→→ دەریدەخات

## چیرۆکی هەشتا و چوارەم

## DUPED WITH A BOOK

## هەڵخەڵەتاندن بە پەرتووکێک

Jenny was very fond of reading books. One day, she went to a bookstore and was wondering which book to buy. Just then a lady standing beside her told that there was a fascinating novel in the next shelf.

جێنی زۆر خولیای خوێندنەوەی پەرتوک بوو. ڕۆژێکیان ، چووە فرۆشگایەکی پەرتووک و بیریدەکردەوە کامە پەرتووک بکڕێ. ڕێک لەوکاتەدا خانمێک لەتەنیشتی ڕاوەستا پێی گووت کە ڕۆمانێکی سەرنجڕاکێش لە ڕەفەی تەنیشتی هەیە.

Jenny got so excited that she put her purse on the counter and went to have a look at the novel. She found the book very interesting and decided to buy it. When she looked out for her purse, it was missing. In its place was a note saying, "Goodbye. Read the novel. It's very interesting."

جێنی زۆر دڵخۆشبوو تا ئەو ڕادەیەی جانتاکەی لەسەر مێزەکە دانا و چوو تەماشایەکی ڕۆمانەکە بکات. بۆی دەرکەوت کتێبەکە زۆر سەرنجڕاکێشە و بڕیاریدا بیکڕێت. کاتێک تەماشای جانتاکەی کرد ، ونببوو. لەو شوێنە نامەیەک هەبوو وای دەگووت ، "خوات لەگەڵ. ڕۆمانەکە بخوێنەوە. زۆر سەرنجڕاکێشە."

Translated by : Hatam Kareem

dupe→→→ خەڵەتاندن ، فریودان ، فێڵ لێکردن

fond of→→→ هۆگربوون ، خولیا

bookstore→→→ فرۆشگای پەرتووک

wonder→→→ بیرکردنەوە

fascinating→→→ سەرنجڕاکێش ، خۆش

shelf→→→ ڕەفە

purse→→→ جانتای ئافرەتان ، جزدان

counter→→→ کەوەنتەر ، مێزی درێژ

look out→→→ تەماشاکردن

missing→→→ ونبوو

## چیرۆکی هەشتا و پێنجەم

# ENCOUNTER WITH A GHOST

## ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تارماییەک

One night Patrick saw a horror movie with his parents. He felt thirsty and went to the kitchen to fetch a glass of water. Too lazy to put on lights, Patrick groped his way to the kitchen.

شەوێکیان پاتریک لەگەڵ دایک و باوکی تەماشای فیلمێکی ترسناکی دەکرد. هەستی بە تینووبوون کرد و چووە چێشتخانەکە تا پەرداخێک ئاو بهێنێ. زۆر تەمبەڵی کرد کە ڕووناکیەکە داگیرسێنێ ، پاتریک ڕێگای چێشتخانەی گرت.

At that very moment, his mother too had got up to quench her thirst. Because of darkness, Patrick walked straight into his mother. His mind was still busy with the horror movie. He thought that he was face to face with a ghost and started screaming.

لەهەمان ئەو کاتەدا ، دایکیشی هەستا تاکو تێنوویەتیەکەی بشکێنێ. بەهۆی تاریکیەوە ، پاتریک ڕێک بەرەو دایکی ڕۆیشت. هێشتا مێشکی سەرقاڵ بوو بە فیلمە ترسناکەکە. پێی وابوو کە ڕووبەڕووی تارماییەک دەبێتەوە و دەستیکرد بە هاوارکردن.

His father came running and switched on the lights. When he saw his mother standing in front of him, he felt relieved and went to his room to sleep.

باوکی بەڕاکردن هات و ڕووناکیەکانی داگیرساند. کاتێک بینی دایکی لەبەردەمی ڕاوەستاوە ، هەستی بە حەسانەوە کرد و چووە ژوورەکەی بۆ خەوتن.

Translated by : Hatam Kareem

encounter→→→ ڕووبەڕووبونەوە ، بەرەنگاری

ghost→→→ تارمایی ، خێو

horror movie→→→ فیلمی ترسناک

fetch→→→ هێنان ، چوون بۆ هێنانی شتێک

grope→→→ ڕێگادەگرێت

quench his thirst→→→ تێنوویەتی شکاندن

still→→→ هێشتا

face to face→→→ ڕووبەڕووبونەوە ، بەرامبەر

screaming→→→ هاوارکردن ، قیژاندن

switch on→→→ داگیرساندن

relieve→→→ حەسانەوە ، هێوربوونەوە

چیرۆکی هەشتا و شەشەم

## HUNTING OF BABOONS

## ڕاوکردنی بابوونەکان

A zoo on the outskirts of a city needed some baboons. The officials hired a hunter for this job. The hunter asked for a sack, a gun a fierce dog and an assistant.

باخچەیەکی ئاژەڵانی دەرەوەی شارێک پێویستی بە هەندێ بابوون هەبوو. سەرپەرشتیارەکان ڕاوچیەکیان دیاریکرد بۆ ئەم کارە. ڕاوچیەکە داوای تورەگەیەک و دەمانچەیەک و سەگێکی دڕندە و یارمەتیدەرێکی کرد.

The hunter reached that part of the jungle where there were numerous baboons. He ordered his assistant, "Look, I am climbing this tree and will shake its branches. If baboons fall down, this ferocious dog will bite and immobilize them. Then you put them in the sack."

ڕاوچیەکە گەیشتە ئەو بەشەی دارستانەکە کە ژمارەیەکی زۆر بابوونی لێبوو. داوای لە یارمەتیدەرەکەی کرد ، "تەماشاکە ، من سەردەکەومە سەر ئەو درەختە و لقەکانی دەهەژێنم. ئەگەر بابوونەکان کەوتنە خوارەوە ، ئەو سەگە دڕندەیە گازیان لێدەگرێ و گۆجیان دەکا."

"OK," said the assistant, "But what about this gun?"

یارمەتیدەرەکە گووتی "باشە، "بەڵام ئەی دەربارەی چەکەکە؟"

"Just in case I fall down from the tree, shoot the dog," replied the hunter.

ڕاوچیەکە وەڵامی دایەوە ، "تەنها لەو حاڵەتەی من کەوتمە خوارەوە لە درەختەکە ، تەقە لە سەگەکە بکە"

Translated by : Hatam Kareem

hunting→→→ ڕاوکردن

baboon→→→ بابوون(جۆرە مەیمونێکی گەورەی ئەفریقیایە کلکی کورتە)

outskirts→→→ قەراغ ، دەرەوەی شار

official→→→ سەرپەرشتیار ، بەڕێوەبەر

hire→→→ دیاریکردن

hunter→→→ ڕاوچی

ask for→→→ داواکردن

sack→→→ تورەگە

fierce→→→ دڕندە ، هار

assistant→→→ یارمەتیدەر

reach→→→ گەیشتن

jungle→→→ دارستان

numerous→→→ ژمارەیەی زۆر ، زۆر لە

order→→→ داواکردن ، فرمانکردن

climb→→→ هەڵدەگەڕێت ، سەرکەوتن بەسەر

shake→→→ هەژاندن

branch→→→ لقی دار ، چڵ

fall down→→→ کەوتنە خوارەوە

bite→→→ گازلێگرتن

immobilize→→→ گۆجی دەکات ، شەل دەکات

چیرۆکی هەشتا و حەوتەم

## THE MANGO TREE

## درەختی مانگۆ

Once there lived a lazy man in a village. His only source of income was a mango tree, which was planted in the backyard of his house.

جارێکیان پیاوێکی تەمبەڵ لە گوندێک دەژیا. تەنها سەرچاوەی داهاتی درەختێکی مانگۆ بوو ، کە لە حەوشەی ماڵەکەی چاندبووی.

One day, one of his relatives came to his house. At breakfast, lunch and dinner, only mangoes were served to the relative. He got fed up of this and thought of a plan.

ڕۆژێکیان ، یەکێک لە خزمەکانی هات بۆ ماڵەکەی. لە نانی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە تەنها مانگۆی پێشکەش بە خزمەکەی کرد. خزمەکەی بێزاربوو لەوە و بیری لە پلانێک کردەوە.

At night, when the lazy man was sleeping, the relative quietly woke up, cut down the tree and fled away. Next day, when the man saw that the tree was cut down, he cried a lot.

لە شەودا ، کاتێ پیاوە تەمبەڵەکە دەخەوت ، خزمەکە بەبێدەنگی لەخەو هەستا ، درەختەکەی بڕی و یەکسەر ڕایکرد. ڕۆژی دواتر ، کاتێ پیاوەکە بینی کە درەختەکە بڕدراوە ، زۆر گریا.

After few years, the same relative again came to his house. By now, the man had worked and prospered. His condition had improved. He thanked the relative for making him realize his mistake.

دوای هەندێ ساڵ ، هەمان خزم دووبارە هات بۆ ماڵەکەی. ئێستا ، پیاوەکە کاری کردبوو و سەرکەوتبوو. دۆخەکەی چاکترببوو. سوپاسی خزمەکەی کرد کە وای لێکرد هەست بە هەڵەی خۆی بکات.

Translated by : Hatam Kareem

source➞➞➞ سەرچاوە

income➞➞➞ داهات ، دەرامەت

plant➞➞➞ چاندن

backyard➞➞➞ حەوشەی پشتەوەی خانوو

relative➞➞➞ خزم ، کەسوکار

serve➞➞➞ پێشکەشکردنی خواردن

fed up with➞➞➞ بێزار لە ، هەراسان ، ئارامی نەما لێی

cut down➞➞➞ بڕین ، بڕینەوەی دار

flee➞➞➞ ڕاکردن

prosper➞➞➞ سەرکەوتن

condition➞➞➞ دۆخ

realize➞➞➞ تێگەیشتن ، زانین ، هەستپێکردن

چیرۆکی هەشتا و هەشتەم

## The Monkey and the Dolphin

## مەیمون و دۆلفینەکە

One day long ago, some sailors set out to sea in their sailing ship. One of them brought his pet monkey along for the long journey.

سەردەمانێک پێش ئێستا ڕۆژێکیان ، هەندێ دەریاوان بە کەشتیە چارۆگەدارەکەیان دەستیان بە گەشت کرد. یەکێک لەوان مەیمونە ماڵیەکەی لەگەڵ خۆی برد بۆ گەشتێکی درێژ.

When they were far out at sea, a terrible storm overturned their ship. Everyone fell into the sea, and the monkey was sure that he would drown. Suddenly a dolphin appeared and picked him up.

کاتێک دوورکەوتنەوە لەناو دەریاکە ، زریانێکی ترسناک کەشتیەکەیانی هەڵگەڕاندەوە. هەموویان کەوتنە ناو دەریاکە ، وە مەیمونەکە دڵنیابوو کە نوقم دەبێ. لەناکاو دۆلفینێک دەرکەوت و هەڵیگرت.

They soon reached the island and the monkey came down from the dolphin's back. The dolphin asked the monkey, "Do you know this place?"

هەر زوو گەیشتنە دورگەکە وە مەیمونەکە لەسەر پشتی دۆلفینەکە دابەزی. دۆلفینەکە پرسیاری لە مەیمونەکە کرد ، "دەزانی ئێرە چ شوێنێکە؟"

The monkey replied, "Yes, I do. In fact, the king of the island is my best friend. Do you know that I am actually a prince?"

مەیمونەکە وەڵامی دایەوە ، "بەڵێ ، دەزانم. لە ڕاستیدا ، پاشای ئەم دورگەیە باشترین هاوڕێمە. ئەوە دەزانی لەڕاستیدا من شازادەم؟"

Knowing that no one lived on the island, the dolphin said, "Well, well, so you are a prince! Now you can be a king!" The monkey asked, "How can I be a king?"

ئاگاداربوو لەوەی کەس لەسەر دوورگەکە ناژی ، دۆلفینەکە گووتی ، "باشە باشە ، کەواتە تۆ شازادەی! ئێستا دەتوانی ببی بە پاشا!" مەیمونەکە پرسیاری کرد ، "چۆن دەتوانم ببمە پاشا؟"

As the dolphin started swimming away, he answered, "That is easy. As you are the only creature on this island, you will naturally be the king!"

کاتێ دۆلفینەکە دەستیکرد بە مەلەکردن بۆدوور ، وەڵامی دایەوە ، "ئەوە ئاسانە. چونکە تۆ تەنها بونەوەری لەسەر ئەم دورگەیە ، بەمسۆگەری دەبیە پاشا!"

Those who lie and boast may end up in trouble.

ئەوانەی کە درۆدەکەن و خۆیان هەڵدەکێشن دەشێ کۆتاییەکەیان بارودۆخێکی سەخت بێ.

Translated by : Hatam Kareem

set out→→→ دەست بە گەشت کردن

sailing ship→→→ کەشتی چاڕۆگەدار

bring along→→→ بردن لەگەڵ خۆی

pet→→→ ئاژەڵی ماڵی

far out→→→ دوورکەوتنەوە

terrible→→→ ترسناک ، سامناک

overturned→→→ هەڵگەڕاوە

drown→→→ نوقم بوون ، ژێرئاو کەوتن ، خنکان

appear→→→ دەرکەوتن

pick up→→→ هەڵگرتن

reach→→→ گەیشتن

come down→→→ دابەزین

back→→→ پشت

best friend→→→ باشترین هاوڕێ ، نزیکترین هاوڕێ

actually→→→ لەڕاستیدا

prince→→→ شازادە

creature→→→ دروستکراو ، بونەوەر

naturally→→→ بەمسۆگەری ، بەشێوەیەکی سروشتی

boast→→→ خۆهەڵکێشان ، لەخۆبایی بوون ، فیزلێدان

end up→→→ کۆتایی

چیرۆكی هەشتا و نۆیەم

## Unusual Test..!!

## تاقیكردنەوەیەكی سەیر..!!

Once a philosophy professor gave an unusual test to his class. He lifted his chair up and kept it on his table.

جارێكیان پسپۆڕێكی فەلسەفە تاقیكردنەوەیەكی سەیری بە پۆلەكەی كرد. كورسیەكەی هەڵگرت و لەسەر مێزەكەی دانا.

Now he turned toward board and wrote, “Prove that this chair does not exist..”

لەم كاتەدا بۆلای تەختەڕەشەكە ئاوڕی دایەوە و نووسی ، “بیسەلمێنە كە ئەم كورسیە بونی نییە..”

Whole class was surprised and confused yet all students started writing long complex explanations.

تەواوی پۆلەكە سەرسام بوون و سەریان لێ شێوا هەر چۆنێك بێ هەموو قوتابیەكان دەستیانكرد بە نوسینی ڕوونكردنەوەیەكی درێژی ئاڵۆز.

Among all there was one student who completed that test in a minute and handed paper to professor, attracting surprised glances from his classmates and the professor.

لەنێو هەموویان قوتابیەک هەبوو كە بە خولەكێك ئەو تاقیكردنەوەی تەواوكرد و پەڕەكەی دایە دەست پسپۆڕەكە ، سەرنجی هاوپۆلەكانی و پسپۆڕەكەی بۆلای خۆی ڕاكێشا.

Some days later class received their grades for the test and student who took just a minute to complete the test was announced the best answer.

هەندێ ڕۆژ دواتر قوتابیەكان نمرەكانی تاقیكردنەوەكەیان وەرگرتەوە و ئەو قوتابیەی كە تەنها خولەكێكی ویست تا تاقیكردنەوەكە تەواوبكات ڕاگەێنرا كە باشترین وەڵامی داوەتەوە.

His answer was, “What chair??”

وەڵامەكەی ئەمەبوو ، “كام كورسی؟؟”

Moral: We tend to Think a lot. Sometimes Answers are just simple.

وانە : ئێمە ئارەزوومان هەیە زۆر بیربكەینەوە. هەندێ جار وەڵامەكان زۆر سادەن.

Translated by : Hatam Kareem

philosophy→→→ فەلسەفە

professor→→→ پرۆفیسۆر ، پسپۆڕ

lift up→→→ هەڵگرتن

toward→→→ بەرەو ، بۆلای

prove→→→ سەلماندن

exist→→→ هەبوون

whole→→→ هەموو ، تەواوی

confused→→→ سەرلێشێواو ، شڵەژاو ، پەشۆكاو ، حەپەساو

complex→→→ ئاڵۆز

among→→→ لەنێوان ، لەنێو

hand→→→ دانەدەست

classmate→→→ هاوپۆل(لە خوێندنگا یان كۆلێژ)

glance→→→ سەرنج

grade→→→ نمرە

announce→→→ وتن ، ڕاگەیاندن

tend to→→→ ئارەزوو لە ، حەزكردن بە

چیرۆکی نەوەتەم

## Use All Your Strength

## هەموو هێزت بەکاربێنە

To ask for help and support when we need it is not a sign of weakness, it is a sign of wisdom.

کە داوای یارمەتی و پشتگیری دەکەین کاتێک پێویستمان پێیەتی نیشانەی لاوازی نییە ، نیشانەی تێگەیشتووییە.

While walking along a forest path, Diana and her father came across a large tree branch on the ground.

لەکاتێکدا بەناو ڕێی دارستانێک دەڕۆیشتن ، دیانا و باوکی بەرێکەوت لقێکی گەورەی درەختێکیان دۆزیەوە لەسەر ئەرزەکە.

Dad, if I try, do you think I could move that branch?

باوکە ، ئەگەر هەوڵبدەم ، پێتوایە بتوانم ئەو لقی دارە هەڵبگرم؟

I am sure you can if you use all your strength.

دڵنیام دەتوانی ئەگەر هەموو هێزت بەکاربێنی.

Diana tried her best to lift the branch, but she couldn't move it.

دیانا باشترین هەوڵی خۆیدا تا لقەکە بەرزبکاتەوە ، بەڵام نەیتوانی هەڵیبگرێ.

You were wrong, dad. I can't move it.

تۆ هەڵەبووی باوکە. من ناتوانم هەڵیبگرم.

The disappointment was evident in the little girl’s voice.

نائومێدی لە دەنگی کچە بچووکەکە دیاربوو.

Try again with all your strength.

دووبارە هەوڵدەوە بە هەموو هێزت.

Encouraged her father.

باوکی هانیدا.

Diana tried again but failed.

دیانا دووبارە هەڵیدایەوە بەڵام شکستی هێنا.

Dad, I cannot do it!

باوکە ، ناتوانم ئەوە بکەم!

Young lady, I advised you to use all your strength. You didn't ask for my help.

کچم ، ئامۆژگاریم کردیت هەموو هێزت بەکاربهێنی. تۆ داوای یارمەتیت لە من نەکرد.

Our real strength lies not in independence, but in interdependence. To ask for help when in need is not a sign of weakness but a sign of wisdom.

هێزی ڕاستەقینەمان لە هەبوونی پشت بەخۆبەستنمان نییە ، بەڵکو لە پشت بەیەکتربەستمانە. کە داوای یارمەتی دەکەین نیشانەی لاوازی نییە بەڵکو نیشانەی ژیرییە.

Translated by : Hatam Kareem

strength➞➞➞ هێز

sign➞➞➞ نیشانە

weakness➞➞➞ لاوازی ، بێهێزی

wisdom➞➞➞ ژیری ، تێگەیشتوویی

path➞➞➞ ڕێ

come across➞➞➞ بەڕێکەوت بینینی شتێک ، بینین

branch➞➞➞ لقی دار

lift➞➞➞ بەرزکردنەوە

evident➞➞➞ دیار

disappointment➞➞➞ نائومێدی

encourage➞➞➞ هاندان

young lady➞➞➞ کچ

lie➞➞➞ هەبوون

independence➞➞➞ پشت بەخۆبەستن

interdependence➞➞➞ پشتبەیەکبەستن

## چیرۆکی نەوەت و یەکەم

## Task of Stealing..!!

## کاری دزین

Once Ramakrishna asked his disciples to steal a little rice from their own home but there was one condition that nobody sees them stealing rice.

جارێکیان ڕاماکریشنە داوای لە قوتابیەکانی کرد کە کەمێک برنج لەماڵی خۆیان بدزن بەڵام یەک مەرجی هەیە کە هیچ کەسێک نەیانبینێ برنج دەدزن.

After a week all of his disciples came back with rice except for one. Everyone was happy as they were able to complete task given to them of stealing rice from home without anyone noticing them.

دوای هەفتەیەک هەموو قوتابیەکانی گەڕانەوە برنجیان پێبوو جگە لە یەکێکیان نەبێ. هەموویان دڵخۆش بوون لەبەرئەوەی توانیبویان کاری دزینی برنج لە ماڵەوەیان کە پێیان درابوو تەواوبکەن بەبێ ئەوەی کەس بیانبینێ.

Ramakrishna asked that student reason for coming empty handed.

ڕاماکریشنە پرسیاری هۆکاری دەست بەتاڵ هاتنی لە قوتابیەکە کرد.

Student told him that even if he tries hard to steal rice hiding from everyone else, he always saw himself stealing rice.

قوتابیەکە پێی گووت کە تەنانەت ئەگەر بەسەختیش هەوڵ بدات برنج بدزێ خۆی بشارێتەوە لە هەموو ئەوانی تر ، هەمیشە خۆی دەبینێ برنج دەدزێ.

So there was never ever a situation when he could have steal rice when nobody is seeing..

بۆیە هەرگیز حاڵەتێک نییە کاتێک بتوانێ برنجی دزیبووایە لەکاتێکدا کەس نەیبینێ.

Because what ever we do, it is never hidden from one person and that is our-self.

چونکە هەرچیەک بکەین ، هەرگیز لە کەسێک ناشاردرێتەوە وە ئەویش خۆمانین.

That student who came empty handed was Swami Vivekananda.

ئەو قوتابیەی کە بەدەست بەتاڵی هات سوەمی ڤیڤیکەنەندە بوو.

Moral: Whenever we try to do Something Wrong, even if we hide it from Everyone Else yet we can't Hide it from our-self. So we should Never do anything Wrong.

وانە : هەرکاتێک ئێمە هەوڵماندا شتێکی هەڵە بکەین ، تەنانەت ئەگەر خۆمان لە هەمووان بشارینەوە سەرەڕای ئەوە هێشتا ناتوانین لەخۆمانی بشارینەوە. بۆیە پێویستە هیچ شتێکی هەڵە نەکەین.

Translated by : Hatam Kareem

stealing→→→ دزین

discipline→→→ قوتابی ، فێرخواز

condition→→→ حاڵەت ، مەرج

except→→→ جگە لە

empty handed→→→ دەستبەتاڵ

even→→→ تەنانەت

never ever→→→ هەرگیز

## چیرۆکی نەوەت و دووەم

# The Hunter and The Doves

# ڕاوچی و کۆترەکان

Once there lived a group of doves who went for food and water all together.

جارێکیان کۆمەڵێک کۆتر دەژیان کە هەموویان پێکەوە هەوڵیاندەدا خۆراک و ئاویان دەستکەوێ.

On seeing their regularity, a hunter placed a trap in the field to catch the doves.

بە بینینی ڕێکوپێکیەکەیان ، ڕاوچیەک تەڵەیەکی دانا لە کێڵگەیەک تا کۆترەکان بگرێ.

After some time, they got caught in the trap of the hunter.

دوای ماوەیەک ، بە تەڵەی ڕاوچیەکە وەبوون.

Everyone tried to free himself, but all in vain.

هەریەکێکیان هەوڵیدەدا خۆی ئازادبکا ، بەڵام هەمووی بێ سوود بوو.

In the meantime, a crow was passing.

لەوکاتەدا ، قەلەڕەشێک تێپەڕی.

He saw the doves caught in the net.

بینی کۆترەکان بە تۆڕەکە وەبوون.

He went straight to the doves and advised them to make a united effort and fly away.

یەکسەر چوو بۆلای کۆترەکان و داوای لێکردن پێکەوە هەوڵێک بدەن و هەڵفڕن.

The doves took his advice and flew along with the net. Soon, they were all free.

کۆترەکان ئامۆژگاریەکەیان وەرگرت و بۆ پێشەوەی تۆڕەکە فڕین. هەرزوو ، هەموویان ئازاد بوون.

Unity is strength.

هێز لە یەکگرتن دایە.

Translated by : Hatam Kareem

hunter→→→ ڕاوچی

dove→→→ کۆتر

all together→→→ گشت ، هەموو پێکەوە

regularity→→→ ڕێکوپێکی

place→→→ دانان

trap→→→ تەڵە ، داو بۆ دانان

field→→→ کێڵگە

in vain→→→ بێ سوود ، بەخۆڕا

meantime→→→ لەوکاتەدا

crow→→→ قەلەڕەش

effort→→→ هەوڵ

چیرۆکی نەوەت و سێیەم

## TWO TARGETS IN ONE SHOT

## دوو نیشانە بە یەک گولە

One night, two hunters were sitting in a bar and telling each other about their experiences. One of them said, I'm really a great hunter. Once I shot a duck on its toe and head at the same time. The other hunter got surprised hearing this and said, It's not possible

you must be joking, no I'm not joking said the first hunter , the duck was scratching its head with its toe when I shot at it.at this, both of them laughed heartily.

شەوێکیان ، دوو ڕاوچی لە میوانخانەیەک دانیشتبوون و دەربارەی شارەزایەکانی خۆیان قسەیان بۆ یەکتری دەکرد. یەکێکیان گووتی، بەڕاستی من ڕاوچیەکی نایابم. جارێک لە هەمان کاتدا تەقەم لە پەنجەی پێی و سەری مراویەک کرد. ڕاوچیەکەی تر سەری سوڕما گوێی لەوە بوو و گوتی ، ئەوە ناگونجێت تۆ گاڵتە دەکەی ، ڕاوچی یەکەم گوتی نا گاڵتە ناکەم ، مراویەکە سەری دەخوراند بە پەنجەی پێی کاتێک تەقەم لێی کرد ، لەو کاتەدا ، هەردووکیان زۆر پێکەنین

Translated by : Hatam Kareem

bar→→→ میوانخانە ، باڕ

target →→→نیشانە

Hunter →→→ڕاوچی

experience →→→ئەزموون ، شارەزایی

shot→→→ تەقە لێکردن

toe →→→پەنجەی پێ

possible →→→دەشێت ، دەگونجێت

joking →→→گاڵتە

scratch →→→خوراندن

heartily →→→زۆر ، لەناخی دڵ

## چیرۆکی نەوەت و چوارەم

## Real vs Fake

## ڕاستەقینە بە بەراوردکردن بە ساختە

Mannu was a sweet, lovable and beautiful girl ,aged six years. She was an adorable kid as she always obeyed her elders. Minnu's parents loved her for her amazing behavior.

مینوو کچێکی شیرین و خۆشەویست و جوان بوو ، تەمەن شەش ساڵان بوو. منداڵێکی زیرەک بوو لەبەرئەوەی هەمیشە گوێڕایەڵی بەتەمەنەکانی بوو. دایک و باوکی مینوو خۆشیان دەویست لەبەر ڕەفتارە سەرسامکەرەکانی.

One day, Minnu's mother took her for grocery shopping. As they passed the shops. Minnu noticed a cute plastic pearl necklace in dazzling pink! she asked her mother to buy her the necklace.

Her mother told her that it costs quite a few pennies. She asked her to do some chores, so that for every complicated piece of work Minnu would get some money and she could buy the pink necklace.

ڕۆژێکیان ، دایکی مینوو بردی بۆ سووپەرمارکێت. کە تێدەپەڕین لە دووکانەکان. مینوو تێبینی ملوانکەیەکی مرواری جوانی پلاستیکی کرد بە بریسکەدانەوەی پەمەیی!داوای لە دایکی کرد ملوانکەکەی بۆ بکڕێ.

دایکی پێی گووت ئەوە نرخی زۆری پێنی دەوێ. داوای لێکرد هەندێک وردەئیش بکات بۆئەوەی بۆ هەر کارێکی قورس مینوو هەندێ پارە بەدەست بهێنێ و بتوانێ ملوانکە مرواریەکە بکڕێ.

Minnu prepared a to-do list and assisted her mom with all the chores. Her mom was very happy and she paid enough money to buy the pink necklace.

مینوو لیستێکی ئامادەکرد و یارمەتی دایکی دا لە هەموو وردە ئیشەکان. دایکی زۆر دڵخۆشبوو وە پارەی تەواوی دا بۆ کڕینی ملوانکە پەمەییەکە.

Minnu happily purchased the necklace and wore it just everywhere , everything, everytime except while taking bath. Her mother said that her neck would turn pink and the pearls would lose their sheen if she wore it while bathing. but all other times Minnu wore it, even while sleeping.

مینوو بەدڵخۆشیەوە ملوانکەی کڕی و لەبەری دەکرد لەهەموو شوێنێک بۆ هەموو شتێک و هەموو کاتێک جگە لە کاتی خۆشوشتن نەبێ. دایکی وتی ملوانکەکەی پەمەیی دەبێ و مرواریەکان بریسکەیان وندەکەن ئەگەر لە کاتی حەمامکردن لەبەری بکات. بەڵام لە هەموو کاتەکانی تر مینوو لەبەریدەکرد تەنانەت لەکاتی خەوتنیش.

Minnu's father used to tell her bed time stories frequently. one night, after completing a story, her dad asked how much she loved him. Minnu replied, you know how much I love you.

باوکی مینوو زۆربەی جار چیرۆکی خەوتنانی بۆ دەوت. شەوێک پاش تەواوکردنی چیرۆکێک ، باوکی پرسیاری کرد مینوو چەندە ئەوی خۆشیدەوێ. مینوو وەڵامی دایەوە، دەزانی چەندە خۆشم دەوێی.

Dad asked “then give me your pearl necklace please!“

باوکی داوایکرد ” کەواتە بێزەحمەت ملوانکە مرواریەکەتم پێبدە!“

Minnu replied, “please daddy , I love you so much but please don't ask for these pearls. I will give you the pink barbie which you bought me a month ago.“

مینوو وەڵامی دایەوە "تکایە باوکە، زۆرم خۆشدەوێی بەڵام تکایە داوای ئەو مرواریانە مەکە. بووکەشووشە پەمەیەکەت پێدەدەم کە مانگێک لەمەوبەر بۆمنت کڕی."

Dad replied, "fine sweetheart"

باوکی وەڵامی دایەوە، "باشە خۆشەویستم"

after a few days , the conversation was repeated between Minnu and her dad. again , Minnu refused to give her pearl necklace and instead asked her dad to take her pet. Dad kissed her and left with smile.

پاش چەند ڕۆژێکی کەم، گفتوگۆیەکە دووبارەبوویەوە لەنێوان مینوو و باوکی. دووبارە ، مینوو ڕەتیکردەوە ملوانکە مرواریەکەی پێبدات وە لەجیاتی ئەوە داوای لە باوکی کرد ئاژەڵە ماڵییەکەی ببا. باوکی ماچی کرد و بە زەردەخەندەوە ڕۆیشت.

This was repeated several times , one day , Minnu slept while her dad was reading her a story. she was holding the necklace in her hand. her dad took the pearl necklace in her hand. the next moment, shw woke up and asked

Dad"what are you doing?"

چەندین جار ئەوە دووبارە بوویەوە، ڕۆژێک مینوو خەوتبوو کاتێک باوکی چیرۆکێکی بۆ دەخوێندەوە. ملوانکەکەی لە دەستی گرتبوو.

باوکی ملوانکە مرواریەکەی لە دەستی برد. ساتی دواتر، هەڵسایەوە و پرسیاری کرد ، باوکە چیدەکەی؟

Dad quickly opened a jewel box placed near her bed and handed her a real precious pink pearl necklace. He said , sweetheart this is your real necklace. I wanted to take away the fake one all this while to give you this real one. she replied thank you dad.

باوکی بەخێرایی سندووقێکی گەوهەری کردەوە لە نزیکی جێگاکەی ئەو دانرابوو وە ملوانکەیەکی مرواری ڕاستەقینەی پەمەیی بەنرخی خستیە دەستی. وتی خۆشەویستم ئەوە ملوانکە ڕاستەقینەکەی تۆیە. دەمویست ساختەکەیان ببەم لەکاتێدا ئەم ڕاستەقینەیەت پێبدەم. مینوو وەڵامی دایەوە سووپاس باوکە.

Minnu immediately gave up her fake necklace for the real one.

مینوو یەکسەر دەستبەرداری ملوانکە ساختەکەی بوو لەبەر ملوانکە ڕاستەقینەکە.

God wants us to give up all the fake and cheap things , we consider very precious in our life , it can be habits , hatreds ,harming relationships , activities , negative thoughts , etc. He will provide us with genuine things if we give up the fake.

خودا لەئێمەی دەوێ دەست لە هەموو شتە ساختە و کەم نرخەکان هەڵگرین ، دەکرێ خووەکان ، ڕقلێبوونەکان ، پەیوەندیە زیانبەخشەکان ، چالاکییەکان ، بیرۆکە نەرێنییەکان بن ، تا دوایی. ئێمە زۆر بەنرخ دەبین لە ژیانمان. ئەو شتە ڕەسەنەکانمان دەداتێ ئەگەر ئێمە دەستبەرداری شتە ساختەکان بین.

Translated by : Hatam Kareem

vs(versus) →→→بەرامبەر ، بە بەراوردکردن بە

obey →→→گوێڕایەڵی

adorable →→→ژیکەڵە ، جوان

elder →→→بەتەمەن

behaviour →→→ڕەفتار

grocery shopping →→→سوپەرمارکێت

pearl →→→مرواری

dazzling →→→بریسکەدار

necklace →→→ملوانکە

quite a few →→→ئێجگار زۆر

chore →→→وردەئیش

piece of work→→→ کار

complicated→→→ قورس ، گران ، سەخت

purchase →→→کڕین

Barbie →→→بووکەشووشەی مناڵان

sheen →→→بریسکە

bath →→→حەمام

sweetheart →→→خۆشەویست

frequently →→→زۆربەی جار

instead →→→لەجیاتی

pet →→→ئاژەڵیماڵی

jewel →→→گەوهەر

precious →→→بەنرخ

immediately →→→یەکسەر

give up →→→دەستبەرداربوون

habit →→→خوو

hatred →→→ڕقلێبوون

etc(etcetera) →→→ هەتا دوایی

provide →→→دەیداتێ

genuine →→→ڕەسەن ، ڕاستەقینە

## چیرۆكی نەوەت و پێنجەم

# A Merchant and his Donkey

# بازرگانێک و گوێدرێژەکەی

One beautiful spring morning, a merchant loaded his donkey with bags of salt to go to the market, in order to sell the salt. The merchant and his donkey were walking along together. They had not walked far when they reached a river on the way.

بەیانییەکی جوانی بەهار ، بازرگانێک جانتای خوێی لە گوێدرێژەکەی بارکرد تا بچێتە بازاڕ ، بۆئەوەی خوێیەکە بفرۆشێ. بازرگانەکە و گوێدرێژەکەی پێکەوە دەڕۆیشتن. زۆر دوور نەڕۆیشتن کاتێک لەسەر ڕێگاکەیان گەیشتنە ڕووبارێک.

Unfortunately, the donkey slipped and fell into the river. As it scrambled up the bank of the river, it noticed that the bags of salt loaded on his back had become lighter.

لەبەدبەختی ، گوێدرێژەکە خلیسکا و کەوتە ناو ڕووبارەکە. کاتێک بە ڕۆخی ڕووبارەکە سەرکەوت ، گوێدرێژەکە تێبینی ئەوەی کرد کە جانتا خوێیەکانی لەسەر پشتی بارکرابوون سووکتر دەبوون.

There was nothing the merchant could do except return home, where he loaded his donkey with more bags of salt. As they reached the slippery riverbank again, the donkey fell into the river, this time deliberately. Thus the salt was wasted again.

بازرگانەکە نەیتوانی هیچ شتێک بکات جگە لە گەڕانەوە ماڵەوە نەبێ ، لەو شوێنە جانتا خوێیی زیاتری بارکرد لە گوێدرێژەکە. کاتێک دووبارە گەیشتنەوە خلیسکی قەراغ ڕووبارەکە ، گوێدرێژەکە کەوتە ناو ئاوەکە ، ئەو جارە بەئەنقەست. بەم جۆرە دووبارە خوێیەکە بەفیڕۆچویەوە.

By now the merchant knew the donkey's trick. He wanted to teach the animal a lesson. As he returned home the second time with the donkey, the merchant loaded bags of sponges on its back.

ئێستا بازرگانەکە بە فێڵی گوێدرێژەکەی زانی. ویستی وانەیەک  فێری ئاژەڵەکە بکات. کاتێک بۆ دووەم جار گەڕانەوە بۆ ماڵەوە لەگەڵ گوێدرێژەکە ، بازرگانەکە جانتای ئیسفینجی لەسەر پشتی بارکرد.

The duo set out on their trip to the market a third time. On reaching the river, the donkey very cleverly fell into the water again. But now, instead of the load becoming lighter, it became heavier.

هەردووکیان بۆ سێیەم جار دەستیان بە گەشتەکەیان کرد بۆ بازاڕ. کاتێ گەیشتنە ڕووبارەکە ، گوێدرێژەکە زۆر بەزیرەکانە دووبارە خۆی خستە ناو ئاوەکە. بەڵام ئێستا ، لەجیاتی ئەوەی بارەکەی سووکتر بێ ، قورستربوو.

The merchant laughed at the donkey and said, "You foolish donkey, your trick has been discovered. You should know that you cannot fool anyone too many times."

بازرگانەکە بە گوێدرێژەکە پێکەنی و گووتی، "تۆ گوێدرێژێکی گەمژەی ، فێڵەکەت دۆزرایەوە. پێویستە ئەوە بزانیت ناتوانیت هیچ کەسێک زۆرجار  هەڵخەڵەتێنی."

Translated by : Hatam Kareem

merchant→→→ بازرگان

spring→→→ بەهار

Loaded→→→ باریکرد

in order to→→→ تاوەکوو / بۆئەوەی

reach→→→ گەیشتن

unfortunately→→→ بەداخەوە ، بەدبەختانە ، مخابن

slip→→→ خلیسکا

scramble→→→ پیایدا سەردەکەوێ

bank→→→ لێوار ، ڕۆخی ڕووبار

back→→→ پشت

lighter→→→ سووکتر

except→→→ جگە لە

slippery→→→ خلیسک ، لووس

riverbank→→→ قەراغی ڕووبار ، ڕۆخ ، کەنار

deliberately→→→ بەئەنقەست

waste→→→ بەفیڕۆچوون

Thus→→→ بەم شێوەیە

trick→→→ فێڵ

sponge→→→ ئیسفەنج

duo→→→ دوو

set out→→→ دەست بە گەشت کردن

reach→→→ گەیشتن

instead of→→→ لەجیاتی

heavier→→→ قورستر

foolish→→→ گەمژە

fool→→→ هەڵخەڵەتاندن ، فریودان ، فێڵ لێکردن

## چیرۆکی نەوەت و شەشەم

## Unhelpful Friends

## هاوڕێیە یارمەتینەدەرەکان

Bunny rabbit lived in the forest. He had many friends. He was proud of his friends. One day Bunny rabbit heard the loud barking of wild dogs. He was very scared. He decided to ask for help. He quickly went to his friend deer. He said, "Dear friend, some wild dogs are chasing me. Can you chase them away with your sharp antlers?"

بەنی کەرویشک لە دارستانەکە دەژیا. زۆر هاوڕێی هەبوون. شانازی بە هاوڕێکانیەوە دەکرد. ڕۆژێکیان بەنی کەرویشک گوێبیستی دەنگی بەرزی وەڕینی سەگە دڕندەکان بوو. زۆر ترسا. بڕیاریدا داوای یارمەتی بکا. بەخێرایی چووە لای هاوڕێ ئاسکەکەی. گوتی "هاوڕێی ئازیز هەندێ سەگی دڕندە شوێنمکەوتوون. دەتوانی دوریان بخەیتەوە بە ئاسکە تیژەکانت؟"

The deer said, "That is right, I can. But now I am busy. Why don't you ask bear for help?"

ئاسکەکە وتی "ئەوە ڕاستە ، دەتوانم. بەڵام ئێستا سەرقاڵم. بۆچی داوای یارمەتی لە ورچ ناکەی؟"

Bunny rabbit ran to the bear. "My dear friend, you are very strong. Please help me. Some wild dogs are after me. Please chase them away," he requested to the bear.

بانی کەرویشک ڕایکردە لای ورچەکە. "هاوڕێی خۆشەویستم ، تۆ زۆر بەهێزی. تکایە یارمەتیم بدە. هەندێک سەگی دڕندە لەدوامن. تکایە ڕاویانبنێ" ، ئەو داوای لە ورچەکە کرد.

The bear replied, "I am sorry. I am hungry and tired. I need to find some food. Please ask the monkey for help."

ورچەکە وەڵامی دایەوە ، "داوای لێبووردن دەکەم. من برسی و ماندووم. پێویستە هەندێ خواردن پەیدابکەم. تکایە داوای یارمەتی لە مەیمونەکە بکە."

Poor Bunny went to the monkey, the elephant, the goat and all his other friends. Bunny felt sad that nobody was ready to help him.

بەنی داماو چووە لای مەیمونەکە ، فیلەکە ، بزنەکە وە هەموو هاوڕێکانی تری. بەنی هەستی بە دڵتەنگی کرد بەوەی هیچ کەسێک ئامادەنەبوو یارمەتی بدات.

He understood that he had to think of a way out by himself. He hid under a bush. He lay very still. The wild dogs did not find the bunny. They went chasing other animals.

تێگەیشت کە پێویستە خۆی بیر لە ڕێگایەک بکاتەوە. خۆی لەژێر ڕووەکی دەوەنێک شاردەوە. زۆر بەهێمنی پاڵکەوت. سەگە دڕندەکان بەنیان نەدۆزیەوە. چوون ئاژەڵەکانی تر ڕاوبنێن.

Bunny rabbit learnt that he had to learn to survive by himself, not depending on his unhelpful friends.

بەنی کەرویشک ئەوە فێربوو پێویستە فێربێ خۆی خۆی لەژیان بهێڵێتەوە ، پشت بەو هاوڕێ یارمەتینەدەرانە نەبەستێ.

Moral: It is better to rely on yourself than depend on others.

وانە: باشترە پشت بەخۆت ببەستی لەوەی پشت بەئەوانی تر ببەستی.

Translated by : Hatam Kareem

unhelpful→→→ یارمەتینەدەر

barking→→→ وەڕین

wild→→→ دڕندە / كێوی

scared→→→ ترسا

deer→→→ ئاسك

sharp→→→ تیژ

antler→→→ شاخی ئاسك

bear→→→ ورچ

requested→→→ داوای كرد

chase away→→→دورخستنەوە

poor→→→ داماو

bush→→→ دەوەن

lay→→→ پاڵكەوتن

still→→→ هێمنی

survive→→→ مانەوە لە ژیان

rely on→→→ پشت پێبەستن

چیرۆکی نەوەت و حەفتەم

## Count The Crows

## ژماردنی قەلەڕەشەکان

One day Akbar was strolling in his palace gardens with his dear minister Birbal. Many crows were flying around. The King enjoyed their flying. Just then he thought, that how many crows could be in his kingdom and immediately posed this question to Birbal.

Birbal thought a moment, then said, "They are ninety-five thousand, four hundred and sixty three (95, 463) crows in your kingdom." "How do you know that for sure?" the King asked. "You can get them counted" Birbal said.

ڕۆژێکیان ئەکبەر لەگەڵ بیربالّ وەزیرە ئازیزەکەی لە باخچەی کۆشکەکەی پیاسەی دەکرد. لەدەورووبەریان زۆر قەلەڕەش هەڵفرین. پاشا چێژی بینی لەفڕینیان. ڕێک لەوکاتەدا بیریکردەوە ، کە ڕێی تێدەچێ چەند قەلەڕەش لە شانشینەکەی هەبن وە یەکسەر ئەو پرسیارەی لە بیربال کرد.

بیربال بۆ ساتێک بیریکردەوە ، دواتر گووتی ، "نەوەند و پێنج هەزار و چوارسەد و شەست و سێ (٩٥٤٦٣) قەلەڕەش لە شانشینی تۆ هەن." "پاشاکە پرسیاری کرد ، چۆن ئەوەندە بەدڵنیایی دەیزانی؟ بیربال گووتی ، دەتوانی بیانژمێری.

The king again said, "If there will be less than that, then?" Birbal replied immediately, "That means that the rest of them have gone on vacation to some neighboring kingdoms." "Or if there were more than that, then?" "Then it means that other crows are visiting your kingdom.

پاشاکە دووبارە گووتی ، "ئەگەر لەوانە کەمتربوون ئەوسا چی؟" بیربال یەکسەر وەڵامی دایەوە ، "ئەوە مانای ئەوەیە ئەوانی تر ڕۆیشتوون بۆ گەشت بەرەو هەندێ شانشینی دراوسێمان."

"ئەی ئەگەر زیاتر لەوەبوون ئەوسا چی؟" ئەوکات مانای ئەوەیە قەلەڕەشەکانی تر گەشتیان کردووە بۆ شانشینەت.

Translated by : Hatam Kareem

crow→→→ قەلەڕەش

stroll→→→ پیاسەکردن ، گەڕان

palace→→→ کۆشک

minister→→→ وەزیر

kingdom→→→ شانشین

immediately→→→ یەکسەر

pose→→→ پرسیارکردن

vacation→→→ گەشت

neighbor→→→ دراوسێ

## چیرۆکی نەوەت و هەشتەم

# A FOX AND A CROW

# ڕێویەک و قەلەڕەشێک

Once a fox was very hungry and roaming around in search of food. Luckily, it saw a crow on a tree with a morsel in its beak. The fox wanted that bit of food very badly. So, it flattered the crow about its beauty and its lovely voice. The foolish crow believed what the fox said and started singing. The bit of food that it held in its beak fell to the ground and the fox ate it up.

جارێکیان ڕێویەک زۆر برسی بوو وە لە دەوروبەری بۆ خواردن دەگەڕا. خۆشبەختانە ، قەلەڕەشێکی بینی لەسەر دارێک پارچەیەکی وردەنان لەدەنووکیدا هەبوو. ڕێویەکە بەجدی ئەو پارچە نانەی دەویست. بۆیە ، ستایشی قەلەڕەشەکەی کرد لەبارەی جوانیەکەی و دەنگە خۆشەکەی. قەلەڕەشە گەمژەکە باوەڕیکرد بەوەی ڕێویەکە گووتی و دەستیکرد بە گۆرانی گووتن. ئەو پارچە بچووکەکەی نانەکە کە بە دەنووکی هەڵیگرتبوو کەوتە سەر ئەرزەکە و ڕێویەکە هەڵیلوشی.

The fox laughed and said, "I may have praised your voice, but I said nothing about your brain."

ڕێوی پێکەنی و گووتی ، "لەوانەیە بەدەنگت هەڵبلێم ، بەڵام هیچ ناڵێم دەربارەی مێشکت."

Translated by : Hatam Kareem

crow→→→ قەلەڕەش

roam→→→ گەڕان

morsel→→→ وردە نان ، پارچە

beak→→→ دەنووک

badly→→→ سووربوو لەسەر ، بەجدی

bit→→→ پارچە

flatter→→→ ستایش کردن ، ماستاوکردن

lovely→→→ خۆش

eat up→→→ هەڵ لوشین ، هیچی نەهێشتەوە

praise→→→ ستایش کردن

چیرۆکی نەوەت و نۆیەم

## It’s Up to Us What We Chose

## دەکەوێتە سەر خۆمان کە چی هەڵدەبژێرین

An old Chief and his grandson were sitting near lake. There grandfather was trying to teach his grandson life lessons.

سەرکردەیەکی بەتەمەن و کوڕەزاکەی لەنزیک دەریاچە دانیشتبوون. باپیرەی هەوڵیدا پەندێکی ژیان فێری کوڕەزاکەی بکات.

So he told young boy, “A fight is going on inside me. A terrible fight between two wolves.”

بۆیە بە کوڕە گەنجەکەی گووت ، “شەڕێک ڕوودەدا لە ناخی من. شەڕێکی ترسناک لەنێوان دوو گورگدا.”

Chief continued, “One wolf is Evil, full of anger, sorrow, greed, pity and self pride. The other wolf is Good, full of joy, peace, love, kindness and faith.”

سەرکردەکە بەردەوام بوو ، “یەکێک لە گورگەکان خراپەیە ، پڕە لە توڕەیی و دڵتەنگی و چاوچنۆکی و بەزەیی وە شانازی بە خۆی دەکا. گورگەکەی تر باشەیە ، پڕە لە دڵخۆشی و ئاشتی و خۆشەویستی و میهرەبانی و باوەڕ.”

“Son, this great fight is going on inside of you and every person on this earth.”

”کوڕم ، ئەو شەڕە لە ناخی تۆ و هەموو کەسەکانی سەر زەوی ڕوودەدات.”

Now chief got silent for moment. Suddenly grandchild asked him, “WHO WON THE FIGHT?”

ئێستا سەرکردەکە بۆ ساتێک بێدەنگ بوو. لەناکاو کوڕەزاکە پرسیاری لێکرد ، “کێ شەڕەکە دەباتەوە؟”

The old man smiled and said, “THE ONE YOU FEED.”

پیاوە پیرەکە زەردەخەنەی کرد و گووتی ، “ئەوەی تۆ برەوی پێبدەی.”

Moral:

We all go through situations were we have to chose between right and wrong. It’s up to us what we chose.

وانە : ئێمە هەموومان بەناو بارودۆخێک دەڕۆین کە پێویستە لەنێوان ڕاست و هەڵە هەڵبژێرین. دەکەوێتە سەر خۆمان کە چی هەڵدەبژێرین.

Translated by : Hatam Kareem

chief ➞➞➞ کوێخا ، سەرکردە

grandson➞➞➞ نەوە ، کوڕەزا یان کچەزا

inside➞➞➞ ناخ

wolves→→→ گورگەکان

evil→→→ خراپی

sorrow→→→ دڵتەنگی

greed→→→ چاوچنۆکی

pity→→→ بەزەیی

self pride→→→ شانازی بەخۆ کردن

joy→→→ دڵخۆشی

peace→→→ ئاشتی

faith→→→ باوەڕ ، متمانە

grandchild→→→ کوڕەزا

چیرۆكی سەدەم و كۆتایی

## An old man and a phone

## پیاوێكی بەتەمەن و تەلەفۆنەكە

it's a very very short story but it's the most meaningful one.

ئەوە چیرۆكێكی زۆر زۆر كورتە بەڵام پڕماناترینیانە.

An old man took his phone to a Repair shop.

پیاوێكی بەتەمەن تەلەفۆنەكەی برد بۆ دووكانێكی چاككردنەوە.

Repairer told that old man that NOTHING IS WRONG with this phone.

چاككەرەوە ئەوەی بە پیاوە پیرەكە گووت كە تەلەفۆنەكە هیچ كێشەیەكی نییە.

Old man with tears in his eyes said that Then why DON'T my children ever call me?

پیاوە پیرەكە بە چاوی پڕ فرمێسكیەوە گووتی ئەی بۆچی منداڵەكانم قەت پەیوەندیم پێوە ناكەن؟

Translated by : Hatam Kareem

meaningful➞➞➞ پڕمانا ، واتادار

repair shop➞➞➞ (دووكانێكە تایبەتە بە چاكردنەوە و چاكسازی كردن لە ئامێرەكان)دووكانی چاككردنەوە

repairer➞➞➞ ئەو كەسەی كاری چاككردنەوە دەكات ، كێشەكان و لەكاركەوتنەكان چارەسەردەكا